

# له‌ نێوان دیموکراسیه‌ت و شوارادا

## دیموکراسیه‌ت و شه‌ریعه‌تی عه‌لمانی ؟! یان شورا و شه‌ریعه‌تی ئیسلامی؟!

١٤٣٧هـ - ٢٠١٥ز

ناوی کتێب : لەنێوان دیموکراسیەت و شورادا .

**دیموکراسیەت و شەریعەتی عەلمانی ؟! یان شورا و شەریعەتی ئیسلامی ؟!**

بابەت: فکری .

نوسینی : سەیدا قوتبی .

تایپ : سەیدا قوتبی .

دیزاینی بەرگ : أبو عمار .

چاپخانە :---------

ساڵ : 2015-2014

نێوەرۆك :

* پێشەكی

* بەشی یەكەم
- ناساندنی دیموكراسیەت
-پیناسەی دیمەكراسیەت-زاراوەی دیموكراسیەت
-دیموكراسیەت لەڕووی زمانەوانیەوە
- واژەی دیموكراسیەت
- زاراوەی دیموكراسیەت
-چەمكی دیموكراسیەت
- دەركەوتنی دیموكراسیەت
- باڵادەستبوونی نەسرانیەت لە ئەورووپا
- سەرهەڵدانی و گەشەكردنی دیموكراسیەت لە ئینگلتەرا
- سەرهەڵدانی و گەشەكردنی دیموكراسیەت لە فەڕەنسا
- دیموكراسیەتی نوێ
- مانای دیموكراسیەت
واژەی دیموكراسیەت
- ڕێبازی دیموكراسیەت
- چەمكی دیموكراسیەت
- هەندێ بۆچون لەسەر دیموركراسیەت
- سیستمی دیموكراسیەت
- چەشنەكانی دیموكراسیەت و شێوازەكانی هەڵبژاردن
- بنەماكانی دیموكراسی
- دەسەڵاتەكان لەسیستمی دیموكراسی دا
- دروشمەكانی دیموكراسیەت
-پەیمانی كۆمەڵایەتی
-بنەماكانی پەیمانی كۆمەڵایەتی
ئامرازەكانی دیموكراسیەت
- مەرجەكانی دیموكراسی
- ئامرازەكانی دیموكراسی
- كۆسپەكانی دیموكراسی
- لەگەندەڵیەكانی دیموكراسیەت ئەمانەنئەزموونی دیموكراسیەت لە كۆندا (یۆنان)

- ئەزموونی دیموکراسیەتی نوێ (سەرمایەداری)
- کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندنس
- دەرەنجامەکانی دیموکراسیەت لە خۆرئاوا
- کۆتایی بەشی یەکەم

* بەشی دووەم
- شورا
- ناساندنی شورا
- پێناسەی شورا
- چەمکی شورا
- زاوەی شورا
-ڕێبازی شورا
- دەرکەوتنی چەمکی شورا لەنێو موسڵمانان
-شورا لەدەوڵەتی پێغەمبەردا (ص)
شورا لەدەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین دا
- بنەماکانی شورای ئیسلامی
- دامەزراوەی شورا
- مەرجەکانی ئەندامانی شورا
- ژمارەی ئەندامانی شورا
- بوارەکانی شورا
- ئەرکی شورا
- سنوری دەسەڵاتی شورا
- ماوەی کاتی ڕاوێژ
- ڕادەی پابەندبوون بە پێشنیارەکانی شورا
- حوکمی دەنگی زۆرینە لە شورای ئیسلامی دا
- دەنگی زۆرینە لە شورای ئیسلامی دا
- مەرجی پەسەندکردنی دەنگی زۆرینە
- شێوازی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەندامانی شورا
- مەرجی بەشداریکردن لە شورای ئیسلامی دا
- دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە سیستمی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا
- ئەنجومەنی شارەزایان (العرفاء و النقباء)
- مەرجەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان (العرفاء و النقباء)
- سنوری گفتوگۆ و ڕاوێژ لە شورای ئیسلامی دا

- ئەزمونی شورای ئیسلامی
- ئامانج لە شورای ئیسلامی
- سودەکانی شورای ئیسلامی
- تایبەتمەندیەکانی شورای ئیسلامی
- دەرەنجام.........................
- کۆتایی بەشی دووەم


* بەشی سێیەم

- جیاوازییەکانی نێوان سیستمی دیموکراسی و شورا
- موسڵمانان لەنێوان سیستمی دیموکراسی و شورا دا
- عەلمانیەکان و ئیسلامیەکان لەنێوان دیموکراسیەت و شورا دا
- حەقیقەتی دیموکراسی و شورا
- لەنێوان سیستمی دیموکراسی و شورا دا
- چەند هەڵوێستەیەك لەسەر دیموکراسی ودیموکراسیخوازان
- ئیسلامیەکان ئەزموونی دیموکراسی
- دیموکراسیەت لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دا
- موسڵمانان لە هەمبەر چەواشەکاریەکانی دیموکراسیخوازان
- دەرەنجام...........
- کۆتایی
- سەرچاوەکان

## بسم ألله الرحمن الرحيم

**پێشەكی : سوپاس بۆ ئەوخودایەی كەپێغەمبەری خۆی بەنوری هیدایەتەوە ناردووە بۆ مرۆڤایـەتی, هـەروەك قورئانی دابەزاندووە بۆئەوەی حـوكمی پـێ بكرێـت, تـاوەكو دادپـەروەری لـەنێوان مرۆڤەكانـدا بـەرپابكات, لەهەمانكات ئاسنی دابەزاندووە بۆسەر ڕووی زەوی, كەسەرچاوەی هێـزو دەسـەڵاتەو سـودی زۆری تێدایـە بـۆ مرۆڤەكان . بەڵێنیشیداوە كەپێغەمبەرەكەی و پەیامەكەی سەربخات لەگەڵ هەموو ئەوانەی بەڕاسـتی شـوێنی دەكەون . كەئەمـەش كۆتا پێغەمبەرو دواپەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی .**

**مرۆڤ بۆ ڕێكخستنی ژیانی, هەمیشە پێویستی بـە یاسـاو ڕێسـاو مەنزومەیـەكی ئیـداری هـەبووە, تـاوەكو كۆمەڵگایەكی شارستانی و پێشكەوتوو بونیات بنێت كە ئاشتی و دادپەروەری و پێكەوەژیان بـۆ مرۆڤایـەتی, وەدی بێنێت .**

**بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە باڵایە, دوو تێگەیشتن و بیروباوەڕ لە درێژایی مێژووە وە و تاوەكو ئەمڕۆشی لەگـەڵ بێت لە ململانێ و دەرگیری توندا بوون لەگەڵ یەكدی . یەك لەوان ئاسمانی و پشتبەسـتوو بـووە بـە ئـایین و پەیامی پێغەمبەران (ع), ئەوی دیان زەمینی و دامەزراو بووە لەسەر فیكری مـرۆڤ و تێگەیشـتنی عـەقڵی . هەریەك لەم دوو نەزمە جیاوازە بەپێی ئاستی جەماوەری و ڕادەی هێـزو توانـای هەمەلایەنـەیان, ڕێبەرایـەتی مرۆڤایەتیان كردووەو ئەزموونی خۆیان پێشكەش كردووە .**

**لەگەڵ سەلماندنی بوونی خۆیان و لەدەمی بەهێزی و گەیشتنیان بەدەسەڵات, هەریەكە لـەم دوو بـیرو بـاوەڕە, هەوڵی تێكشكاندن و سڕینەوەی ئەوی دیكەیانی داوە, گـەر لـەوەش لەوەشـدا سـەركەوتوو نـەبووبێت, ئـەوا لێبڕاوانە كاریكردووە بۆ پەراوێزخستن, یاخود كۆشاوە بۆ شێواندن و دزێوكردنی, تا بەو شێوەیە لەنێو دونیـای سیاسەت و لەسەر شانۆی ژیان دووری بخاتەوەو كۆتایی بە ڕۆڵی سیاسی و ئیداری تەشریعی, ئەو ئـایین و بـیرو باوەڕە بهێنێت .**

**دیموكراسیەت یەكێكە لەو مەزهەبە سیاسیانەی كە لـە فیكـری خۆرئـاواوە سەرچـاوەی گرتـووە بـە ئامـانجی دامەزراندنی دەوڵەتێكی عەلمانی و پێكهێنانی كۆمەڵگایەكی نائایینی فرە ڕەنـگ, كـە تیایـدا مـرۆڤ حـوكم بكات و گەل یاساو تەشریع داڕێژێت . لەمێستادا خۆرئاوا ڕابەرایەتی دیموكراسـی دەكـات, هـەروەك هـەزاران دامەزراوەی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراوی بۆ برەودان بەم فەلسـەفەیە خسـتۆتە گـەڕ بـە پاڵپشـتی سەرمایەی زۆرو زەوەندی ئابووریە زەبەلاحەكەیان . هەموو ئەمانـەش پشتئەسـتوورن بـە سـووپای دەوڵـەتانی خۆرئاوا .**

**دیموكراسیەت بەهۆی توانای هەمەلایەنەی خۆرئاواوە, خۆی بۆ مرۆڤایەتی نومـایش دەكـات و ئەزموونـەكانی خۆی, بە دڵخوازی خۆرئاوا پێشكەشی گەلانی جیهان دەكات . لەهەمانكات بە توانای هەمەلایەنەی ئیعلامی و سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە, بەگژ هەمـوو ئەو ئایین و فیكر و فەلسەفانەدا چۆتەوە كـە وەك جێگـرەوەو بەدیلی دیموكراسیەت خۆیان نومایش كردووە .**

ئیسلام ئەو ئایینە جیهانیەیە کە خاوەنی سیستمێکی سیاسی و ئیداری و تەشریعی تۆکمەیە, کە هەر لە دەمی سەرهەڵدانیەوە توانیویەتی دەوڵەت و خیلافەت و شوراو شەریعەت پێشکەشی کۆمەڵگا بکات و ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەزارو چوارسەد ساڵی پێشکەشی گەلانی خۆرهەڵات و تەواوی جیهان بکات, وەلێ لەگەڵ دارِماندنی خیلافەتەکەی, لەمرۆیاو لەلایەن خۆرئاواو دیموکراسیخوازانەوە, رووبەرِووی دژوارترین هێرشی فیکری و سیاسی و سەربازب بۆتەوە و هەولێ دارِماندنی تەواوی بنەماو بنچینە سیاسی و تەشریعی و ئیداریەکانی ئەم ئایینە دەدەن, ئەوەش بەئامانجی دوورخستنەوەی ئەم ئایینە لە دەوڵەت و سیاسەت و کاروباری ژیانی مرۆڤەکان, تاوەکو بەم شێوەیە ئیسلامێکی نوێ گەڵاڵە بکەن, کە تەنها بریتیبێت لە رەسم و سروت و پەرستشە رۆحیەکانی وەك نوێژو رۆژو حەج, پاشان ئەم ئیسلامە نوێیە لە دڵ و دەروونی خەڵکی دا بچەسپێنن, بەڵکو ئەم تێگەیشتنە خورافیە لە هزری موسڵماناندا بچێنن کە گوایا ئەم ئیسلامە هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەت و سیاسەت و بەرێوەبردنی کۆمەڵگاوە, نییە و دوورە لە سیاسەت !

لەپێناو ئەم ئامانجەیاندا, خۆرئاواو خۆرئاواخوازانی جیهانی ئیسلامی هەوڵ و کۆششی بێوچانیاندا و هیچ بوارێکیان فەرامۆش نەکرد, لەم پێناوەشدا چەندین مەقولەی پوچیان خستە سەرزاری خەڵکی و لەنموونەی ئەوانەش, گوتیان (ئیسلام تەنها پێوەندییەکی رۆحی نێوان مرۆڤ و خودایە)!, (ئیسلام پێوەندی بە سیاسەتەوە نیە)!. (ئیسلام......هتد)!, هەروەك دریغیشیان نەکرد لە فوتێکردن و پیاهەڵدانی دیموکراسی دا .

پوختەی ئەم پەرتووکە هەوڵێکی دڵسۆزانەیە بە ئامانجی ناساندنی دیموکراسیەتی عەلمانی و شورای ئیسلامی, لەهەمانکات شرۆڤەی جەوهەری ئەم دوو بیروباوەڕەو بنەما فیکریەکانی هەریەکە لە سیستمی دیموکراسی و شورا و شێوازی پێکهێنانی ئەم دوو دامەزراوەیە و چۆنیەتی کارکردنیان دەکات .

ئامانجێکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە, روونکردنەوەی حەقیقەتی ئیسلام و سیستمە سیاسیەکەیەتی, ئەمەش وەك بەرچاو رۆشنیەکبۆ موسڵمانان, لەپێناو رەواندنەوەی ئەو غوباری پرِوپاگەندە و چەواشەکارنەی کە پێش چاوی گەلانی ئیسلامی گرتوو, تاوەکو ئوممەتی ئیسلامی لە حەقیقەتی ئایینەکەی بگات, لەهەمانکات هەست بەو ئەرکە مێژووییەی خۆی بکات کە لە ئەستۆیەتی, لە گەیاندنی پەیامی ئیسلامی و پێشەوایەتی کردنی مرۆڤایەتی, تاوەکو خۆی لە پاشکۆیەتی و ملکەچی خۆرئاوا رزگاربکات و بگەرێتەوە نێو مێژوو, بۆئەوەی رۆڵی شیاوی خۆی بگێرێت لەسەر شانۆی ساسەتی جیهانی .

# بەشی یەکەم

# دیموکراسیەت

## ناساندنی دیموکراسیەت :

پێناسـەی دیموکراسـیەت, وشـەیەکی وەرگـیراوەو لـە دوو وشـەی یۆنـانی (demo) بـەواتای (خـەڵك), (kratose) بەمانای (دەوڵەت) . دەوڵەتی دیموکراتی دەوڵەتێکە کە خەڵك تێیدا فەرمانڕەوابن .(1)

زارەوەی دیموکراسیەت : زاراوەیەکی یۆنانی کۆنەو لە هـەردوو برگـەی (دیمـۆ) بـەواتای خـەڵك و (کراتـۆس) بەمانای دەسەڵات, پێکهاتووە . مەبەستی لە دەسەڵاتی خەڵکە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و ئامانج لەو دەسەڵاتەش وابەستەبوونی خەڵکە بە سیستمی سیاسی و بەشـداربوونی هاوڵاتیانـە لەبـەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتەکە و بە ئاگابوونی دەوڵاتیشە لە کاروبارو داواکانی کۆمـەڵانی خەڵك .(2)

دیموکراسیەت لەڕوی زمانەوانیەوە : بەواتای ووشە (فەرمانڕەوایی گەلە) یان حوکمکردنی خودی گەلە لەلایەن خۆیەوە بەپێی ویستی خۆی, واتا دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری لەلایەن گەلەوە دیاری بکـرێن و بەناوی گەلیشەوە حوکم بکەن, هەروەها گەل بەویستی خۆی و ئازادانە هەڵسێت بە دیاریکردنی فەرمانڕەوا, بەمشێوەیە هەڵبژاردن و ڕاوێژی کاربەدەستان و لێکۆڵینەوەی سەرۆکی حکومەت, بریتیە لە دیموکراسیەت کە بابەندو لەخۆگرو دانپێدانەری ئەم ئازادیانەیە (ئازادی باوەڕ, ئـازادی بـیروڕا, ئـازادی خاوەندارێـەتی, ئـازادی تاکەکەسـی). هاوکـات دیموکراسـیەت سیسـتمێکی وەرگـیراوە لـە نـەزمی یۆنـانی کـۆن, لەهـەمانکات دیموکراسیەت وەك بنەمـای سیاسەت و ئابووری, هاوپێوەند دەبێتەوە لیبراڵیەت و سەرمایەدارییەوە .(3)

لەم ناساندنانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دیموکراسیەت بریتیە لە فەرمانڕەوایی گەل, واتا گەل بۆخـۆی یـاخود لەڕێگای نوێنەرەکانیەوەو بەپێی خواسـتی چین و توێـژەکانی, یاسـاو تەشـریعاتەکانی دارێژێتـەوەو حـەرام و حەڵاڵەکان دیاری بکات, لەهەمانکات هەرکارو کردەوەیەك گەل یـاخود نوخبەیـەکی, خواسـتی ئەنجامـدان و مومارەسـەکردنی کـرد, ئـەوا بەیاسـایەك ڕەوایـەتی پێـدەدرێت یـاخود بەپێچـەوەنەوە, هـەروەك لەپرۆسـەی دیموکراسی دا گـەل بۆخـۆی کاربەدەسـتان هەڵدەبـژێرێت بـۆ پۆسـت پلـەو پایـە دەوڵەتیـەکان, هەربـەهۆی دیموکراسیەتیشەوە لایان دەدات .

---

(1) یۆتانی کۆن- دان ناردۆ-ل49 .

(2) ئەورووپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو ڕۆشنگەریدا-کەیوان ئازاد-چاپی دووەم .

(3) الديمقراطية في الميزان-سعد عبدالعظيم-ل31 .

## دەرکەتنی دیموکراسیەت :

دیموکراسیەت لەسەرەتاو دەستپێکەو لەسەردەمی دەوڵەتشاری یۆنانیەکانەوە دەرکەوت بەتایبەت لەشارەکانی ئەسینا و ئەسپارتە, (بیرکلیس) کە سەرکردەیەکی ئەسینایی بوو, ووشەی دیموکراسی بەکارهێنا لە گوتارێکی خۆیدا, کە دەکرێت بەیەکەم بەیانی سیستمەکە لێك بدرێتەوە .(4)

یەکەمین جار کە ووشەی دیموکراسی بەکار هێنرا, لەشێوەی دەستەواژەی دیموکراسیا-داو لەسەردەمی (کلیستن-kleithenes), لەبەرواری (579-507ز) دا بو . ئەمەش کاتێك بوو کە کلیستن کۆتایی بە دەسەڵاتی هیپارك و هیپاس-ی برای هێناو دەسەڵات کەوتە دەست خەڵکی هەژارو گوندنشینەکانەوە, بەو دەسەڵاتەشیان دەگوت "دیموکراسی" .(5)

## دیموکراسیەتی کۆن :

دیموکراسیەت بۆیەکەمین جار پێش لەدایکبونی مەسیح (ع) بە (300-200) ساڵێك, وەکو سیستمێك بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیان لەشاری ئەسینا دامەزراو شانبەشانی زانستە ئازادەکان و چالاکیە جۆراو جۆرەکانی ئەو سەردەمە لەگەشەکردندابوو . دەسەڵاتی کاروباری ڕێکخستن بەدەستی ئەنجومەنی هەڵبژاردەی شارە سەربەخۆکانەوە بوو (stads statterna), هەریەکێ لەم شارە سەربەخۆیانە دانیشتوانی شارو دێهاتەکانی دەوروبەریشیان دەگرتەوە, بچوکترین شاری سەربەخۆ ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو هەزار کەس بووە و گەورەترینیشیان شاری ئەسینابووە, کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی پەنجا هەزار کەس بووە .(6)

بەناوبانگترین دەوڵەتی-شار لەسەردەمانی کۆن و دواتر, هەر دەوڵەتی ئەسینابوو . لە ساڵی 507 پ.ز, ئەسینایەکان سیستمی حکومەتی خەڵکیان هەڵبژارد کە نزیکەی دوو سەد ساڵ درێژەی کێشا, واتا تاکاتێك کە ئەو شارە کەوتە ژێر ڕکێفی دراوسێ بەهێزە باکوریەکەی خۆی, واتا شاری مەقدۆنیە لە ساڵی 331 پ.ز (7).

بەهێزترین حکومەتی دیموکراسی لە (ئەسینا) دا, حکومڕانی دەکرد کەلە چواردەوری گردێکدا بوو بەناوی (نیکس) پیاوە ئازاکانی ئەسینا, چوار پلەو پایەیان لە مانگێکدا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی یاسایی دادەنا, پۆستەکانی حکومەتیان هەڵدەبژارد, باجەکانیان کۆدەکردەوەو لەبارەی مەسەلەکانەوە گفتوگۆیان دەکرد .(8)

---

(4) چەمك و پرەنسیپەکانی دیموکراسی-بەکر سدیق-ل11-12 .

(5) ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی-هۆشەنگ دارا-ل15-16 .

(6) کۆمەڵ و سیستمی دیموکراتی-حەمەدۆستان-ل95 .

(7) دەربارەی دیموکراسی-ڕۆبرت دال-ل14 .

(8) بنیاتنەرانی دنیای دێرین-گیرترود هارتمان-ل93 .

سەرۆکی یەکەمین کۆبوونەوە, ئاماژەی بـە مەسـەلەکانی ڕۆژ دەکـردو وتاریێـژ ڕایدەگەیانـد (کـێ دەیـەوێت قسەبکات) ؟ پاشان ئەو کەسەی دەیویست قسـەبکات دەچـووە یـەر بـەردێکی داتاشـراو لەبـەردی گرانیـت, هەموان بەوریاییەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت . کە قسەکانی تەواو دەبوو دەستیان دەکرد بەڕاپرسـی لـەناو خەڵکی ئەسینادا‌و بەم شێوەیە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد, لەو باوەڕەدابوون کە دەبێت هەموو پیـاوێکی ئازاد لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبێت و بەشداری بکات لە کاروبارەکانی حکومەت دا .(9)

لەکۆمەڵی ئەسینابیدا سێ گروپی سەرەکی و بچینەیی لە ڕیزی خەڵکیـدا نـەبوون و خرابوونـە دەرەوەی ئـەو چوارچێوەیەوە, گروپی یەکەم ژنان بوون و پاوانکردنی مافی ساسـی و چـالاکییە ساسـیەکان بـۆ پیـاوان بـوو, دووەمین گروپ کە بەدەرنرابوون بریتی بوون لە بیانیـەکان و سـێیەم گـروپیش بـریتی بـوون لـە کۆیلـەکان . هاوڵاتیان, تەنها پیاوانی ناوخۆی دەوڵەتشاربوون .(10)
کۆمەڵگای ئەسینایی بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتبو لە مرۆڤە ئازادو فەرمانڕەواکان, لەگەڵ کۆیلـە و ژنـان و بیانیەکان . چینی یەکەم دەسەڵاتدارو خاوەن سامان و بڕیاردەر بوون و خـاوەنی بـاقی دانیشـتوانی شـارەکەش بوون, بەم هۆیەوە تەنها ئەو چینە مافی دەنگدان و بەشداری کۆبوونەوەکان و وەرگرتنی پۆست و پلەو پایەکانی دەوڵەتیان هەبووە . هەڵبژاردن لە کۆمەڵگای ئەسینی دا لە گۆڕەپانێکی گەورەی شارەکەدا بەڕێوە دەچوو, کـە تیایدا مرۆڤە ئازادەکانی شارەکە کۆبوونەتەوەو دواتر لەلایەن ئەنجومەنێکەوە بابەت و بڕیارەکان بۆ ئامادەبووان ڕونکراونەتەوەو لەپاشان هاوڵاتیە ئازادەکان ڕاستەوخۆ بـە بـەڵێ, یـاخود بـە نـەخێر دەنگیـان لەسـەر داون, هەروەك بەرپرس و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتشارەکەشـیان بەهـەمان شـێوە هەڵبـژاردووە و هـەر بـەو چەشـنەش لەکاریان خستوون و لایانداون لە دەسەڵات و خەڵکانی دیکەیان لەبری ئەوان بۆ پلەو پایەکانیان دەستنیشـان کردۆتەوە .

ئەمە نموونەی دیموکراسیەتی یۆنانی بـوو, کـە دیموکراسـیەتێکی سـاکارو سـەرەتایی بـوو, یەکـەم قۆنـاغی گەڵاڵەبوونی ئەم سیستمە و سەرەتای دەستپێکی گەشەکردنی بوو وەك نـەزمێکی نـوێی حـوکمڕانی نـوێ لـە یۆنان دا . ئەم شێوازە نوێیەش لە ساڵی 507 پ.ز دەستی پێکرد لـە ئەسـیناو بۆمـاوەی دوو سـەدە درێـژەی کێشا, تا لەساڵی 33 پ.ز کۆتایی پێهات بەهۆی داگیرکردنی شاری ئەسیناوە .

## باڵادەست بوونی نەسرانیەت لە ئەورووپا :

پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی نەسرانیەت لە ئەورووپا بوویە هۆی دەرکـەوتنی شـێوازێکی نـوێی سیسـتمی حوکمڕانی, کە ئەویش دەوڵەتی کەهەنووتی (کڵێسایی) بوو . تیایدا پیاوانی ئایینی بەنێوی خوداوە حوکمڕانی خەڵکیان دەکرد . بۆ ڕەوایەتی بەخشین بەم فەرمانڕەواییەی پاپاو پیاوانی ئایینی,

---

(9) بنیاتنەرانی دنیای دێرین-گیرترود هارتمان-ل93 .
(10) چەمك و پرەنسیپەکانی دیموکراسی-بەکر سدیق-ل13 .

ژمارەیەك لە قەشە هەڵكەوتەكانی نێو كڵێساكان هەوڵی گەڵاڵەكردنی چەند بیرو بیردۆزەیەكیان دا, لە درێژەی ئەو بیردۆزانەشیاندا, قەشەكان فەرمانڕەوایی پاپاو پیاوانی ئایینیان وەك مافێكی خودایی ناساند .

قەدیس پۆڵس ڕاشكاوانە بنەما سیاسی و هزریەكانی دەسەڵاتی دونیایی لە نەسرانیەتدا دیاری دەكات, كاتێك دەڵێت (لە دەسەڵاتی خودا, یان ئەو دەسەڵاتەی سپاردویەتی بە كەسانێك بەولاوە هیچ دەسەڵاتێكی تر نیە, هەر كەسێكیش لەدژی ئەو دەسەڵاتە بوەستێتەوە واتا لەدژی خودا وەستاوە, سزای ئەو كەسەش لەناوچوون و دۆزەخە) .(11) بەم شێوەیەو لە ئەورووپا, پاپا بوویە نوێنەری خوداو دەسەڵاتی ڕەهای پێ بەخشرا, لێرەشەوەو بەم پاساوەوە ئازادی گەلانی ئەورووپای زەوتكرد . خەڵكی جگە لە گوێڕایەڵی و ملكەچی فەرمانەكانی پاپا, چارەیەكی دیكەیان نەبوو .
بەهۆی دروستبوونی ناكۆكی لەنێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزو لاوازبوونی دەسەڵاتی, بەتایبەت لەهەرێمەكانی ئیتالیادا, جاریكی دی دیموكراسیەت سەرهەڵدەداتەوەو لەهەندێ شاری ئیتالیادا دەوڵەتشاری دیموكراسی دادەمەزرێت, حكومەتی خەڵكی لەدەورووبەری ساڵی (1100ز) لە زۆربەی شارەكانی باكوری ئیتالیا سەرهەڵدەداتەوە . ئەم جارەش لەناو دەوڵەتشارە بچوكەكانەوە حكومەتە خەڵكیەكان سەریان هەڵدایەوە, نەك لەناوچە بەرین و وڵاتە گەرەكاندا . مافی بەشداری نوێنەری حكومەتی دەوڵەتشارەكان, لەسەر بنەڕەتی ئەو وێنانەی كە ڕۆمیەكان ئاشنابوون پێی, هەروەك ئەو حكومەتانەی كە بەپێی نوێنەرایەتی بەڕێوە دەچوون, سەرەتا پاوانكراوی هێندێك لە كەسانی بنەماڵە گەورەكان بوو, وەك خانەدانەكان, خاوەن زەوی و ئاغاو...هتد, بەڵام وردە وردە شارنشینە ئاساییەكان, كە لەباری ئابووری, كۆمەڵایەتی, لە ئاستێكی نزمتردا بوون, داوای مافی بەشداریان كرد .(12)
وەك لە نمونە مێژووییەكانەوە دەردەكەوێت, دیموكراسیەت لەسەرەتای دەركەوتنی دا تایبەت بووە بە چینی فەرمانڕەوا, یان (ئاغا و دەرەبەگ) و چینی ساماندااران (خاوەن زەوی و زار و دەوڵەمەندان) ەوە, تەنها ئەو دو چینە مافی گفتوگۆكردنیان لەسەر كاروبارە دەوڵەتیەكان هەبووەو توانیویانە ڕای خۆیان دەربڕن و بڕیار بدەن, وە بەشداری لەپرۆسەی دەنگدان و دیموكراسی دا بكەن . ئیدی باقی خەڵكی كە بریتی بوون لە (كۆیلە و نۆكەر و ژن و هەژاران و بێدەسەڵاتان) بێبەش بوون لەو پرۆسەیە و تەنها گوێڕایەڵی و ملكەچیان لەسەر بووە . ئەم دیموكراسیەی دەوڵەتشارەكانی ئیتالیاش زۆر درێژەی نەكێشاوە و بەهۆی ململانێی نێوخۆو جەنگی بەردەوامیان لەگەڵ یەكدی لەهەمانكات بەخۆی جەنگی دەڵەتی پاپایەتیەوە, هەرەسیان هێناوەو كۆتاییان پێهاتووە . ئیدی ئالێرەوە پاپاكان دەسەڵاتیان لە جەماوەر وەگرتۆتەوە بەپاساوی ئەوەی كە خودا حاكم دیاری دەكات و ئەو سەرۆكەی دەستنیشانكراوە, هەڵبژاردەی خودایە و كەس ناتوانێت دەست بخاتە كاروباریەوە, هەروەك دەسەڵاتی ڕەهای هەیە بەسەر كاروكردەوەی گەل و جەماوەردا . ئەمەش بەڕاشكاوی لەلایەن پاپا نیقۆلای یەكەمەوە ڕاگەیەنرا,

---

(11) مێژووی ئەورووپا لە سەدەكانی ناوەڕاست دا-د.عبدالامیر امین, محمود تۆفیق حسین-ل31-32 .
(12) دەربارەی دیموكراسی-ڕۆبرت دال-ل18 .

كە مەسیح كوڕی خودایە-العیاذ باللە-ئەو كەنیسەی دامەزراندووە . (بطرس) كە هەڵبژێردراوی خوایە كردویەتی بەیەكەم سەرۆك, قەشەكانی ڕۆما حوكم و دەسەڵاتیان لەوەوە بەمیرات بۆ ماوەتەوە بەشێوەی زنجیرەیەكی بەردەوام پەیوەست بە خوداوە, لەبەر ئەوە پاپا نوێنەری خودایە لەسەر گۆی زەوی, دەسەڵات و سەروەری ڕەهای هەیە بەسەر هەموو نەسرانیەكانی سەر ڕووی زەمیندا .(13)

بەم شێوەیە قۆناغی دەسەڵاتداری ڕەها لە ئەورووپا دەستی پێكرد . هەڵبەت ئەمەش لە دەوروبەری سەدەكانی 12-13ز دا بوو . بەم هۆیەوە كڵێسا جێگای دەوڵەتی گرتەوە و تەواوی بڕیارە ئایینی و سیاسیەكان لەوێوە دەردەچوون, هەرلەلایەن ئەو دامەزراوەوە سەرپەرشتی كاروبارە ئابووری كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەكان دەكرا .

### لەنموونەی ستەمكاریەكانی كڵێسا لەبواری بیروباوەڕدا :

* سەپاندنی باوەڕی سیانەیی ( الاب و الابن و روح القدس) .
* شۆردن بەئاو (تعمید) .
* شێوی خودایی (العشاء رباني) .
* باوەڕی گوناهی بۆماوەیی (عقیدة الخطیئة الموروثة) .
* پسولەی لێخۆشبوون و بێبەشكردن (صكوك الغفران و الحرمان) .
* دانپیانان (الاعتراف) .
* ژیانی ڕەبەنی-تەنهایی (الحیات الرهبانیة) .(14)

### ستەمكاریەكانی كڵێسا لەبواری سیاسی دا :

*دەسەڵاتی پاپا هەژموونی كرد بەسەر دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی و هتد, بەڕادەیەك كە ڕەزامەندی پاپا, پاشاو ئیمپراتۆرەكان دەستنیشان دەكرا, یاخود وەلاوە دەنران لەكاتی ڕەفزكردنی فەرمانەكانی پاپا, هەروەك بێبەشی دەكرد لە ئایین یان, یان گەل و لایەنگرەكانی بێبەش دەكرد, گەر وەڵامی فەرمانەكان پاپایان نەدایەتەوە .(15)

### ستەمكاریەكانی كڵێسا لەبواری ئابووری دا :

* دەرەبەگەكان لە سایەی سیستمی كەهەنوتی كڵێسادا دەستیانگرتبوو بەسەر زۆرترین كۆشك و تەلارو زەوی و زاری ئەورووپادا .
* كەنیسە دەستی گرتبوو بەسەر زۆرترین بەشی زەوی و زاری كشتوكاڵی ئەورووپادا .
* هەدیەو بەخشش- كە نێوی جۆراو جۆرەوە لە خەڵكیان وەردەگرت .

---

(13) ئیسلام و سیاسەت-ئارام قادر-ل100 .

(14) العلمانیة و موقف الاسلام منها-د. حمود بن احمد الرحیلي-المبحث الاول .

(15) العلمانیة (اسباب ظهورها, اثارها, عوامل انتقال الی العالم الاسلامي, ابز دعاتها)-بندر بن محمد الرباح-ل10 .

**※ کاری زۆرەملێ- کە پیاوانی ئایینی سەر بە کڵێسا, هاوڵاتیانیان ناچار دەکرد بێ بەرامبەر لە زەویەکانی کڵێسادا کاربکەن .(16)**

## ستەمکاریەکانی کڵێسا لەبواری زانست و زانیاری و داهێناندا :

**※ کڵێسا دەستی بەسەر ناوەندەکانی پەروەردەو زانست دا گرتبوو, دژی هەر دۆزینەوەیەکی زانستی دەوەستایەوە کە لەگەڵ باوەڕەکانی ئەودا یەکی نەگرتایەتەوە .**

**لەسایەی ئەو هەلومەرجە داسەپاوەدا مرۆڤی ئەورووپی تەواوی ماف و ئازادیەکانی پایەماڵ کرابوو, تەنها ئەرکێك کە بۆی مابۆوە, بریتی بوو لە مبکەچی کردنی دەسەڵاتی پاپاو پیاوانی ئایینی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کڵێسا, وەنەبێ ئەمە ڕەوشی ژیانی هاوڵاتیان بووبێت و بەس, بەڵکو پاشاو ئیمپراتۆرەکانیش کەوتبوونە بەر ستەمکاریەکانی پاپاو دەسەڵاتی دەوڵەتە ئایینیەکەیەوە .**
**(هەنری چوارەم) ی ئیمپراتۆر کە لە ساڵی (1576ز) مرد, کاتێك پاپا لێی زویر بوو, لەبەرئەوەی (3) ڕۆژان لەنێو بەفردا بەپێ خاوسی ڕای گرت و تۆبەی پێکرد, پاشان خەڵك تکا (شەفاعەت) یان بۆکرد, ئینجا پاپا عەفوی کردو لێی گەڕا, ئەوەش تەنها لەبەرئەوەی کە گوتبووی بۆ پاپا نیە دەستی لە کاروباری سیاسی دەوڵەت و حکومەت و حوکمڕانی وەربدات .(17) ئەمە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی گەلانی ئەورووپی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاست داو لەسایەی دەسەڵاتی ڕەهای پاپایەتی دا . تا پاشترو لەسەدەکانی چواردە بۆ پازدە, بزوتنەوەیەی چاکسازی ئایینی دەستی پێکرد لەسەر دەستی چاکسازیخوازی ئایینی (مارتن لۆسەر-1438-1546ز), هەروەها جۆن ویکلیف و جۆن کالڤن و یان هۆس و...هتد .**

**ئەم پیاوە ئایینیانە بەرەنگاری گشت ستەمکاریە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ئەو دەسەڵاتە کەهەنوتیە کردو بانگەشەی ئازادی مرۆڤیان بەرزکردەوەو دژی دەسەڵاتی پاپاو پیاوانی وەستانەوە . لێرەوە چەندین مەزهەبی دیکە لەنێو مەزهەبی کاسۆلیکی نەسرانی, سەریان هەڵداو یەکێتی مەزهەبی کاسۆلیکی نەسرانی و یەکێتی زوبانی لاتینی و یەکێتی سیاسی ئەورووپا, لێك و پێك هەڵوەشاند . لەنمونەی ئەو مەزهەبە نوێیانەش (پرۆتستانتی, پاپتستی, پیورتانی,...هتد), هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی مەزهەبە نوێیەکانی نەسرانیەت, بیری نەتەوەیش ڕووی لە پەرەگرتن کرد . بەم هۆیەشەوە زوبانە نەتەوەییەکان, جێگای زوبانی لاتینیان گرتەوە, ئیدی ئەڵمانیەکان بایاندایەوە سەر زوبانی ئەڵمانی و ئینگلیزەکان, زوبانی ئینگلیزی وفەڕەنسیەکان, زوبانی فەڕەنسی و, ئیتالیەکان و ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە . لێرەشەوە دەسەڵاتی پاپایەتی هەژێنراو پایەکانی ڕوویان لە داڕمان کرد, کڵێساس ڕۆمانی کاسۆلیکی ئەو بایەخ و پیرۆزییەی جارانی نەما,**

---

(16) العلمانية (اسباب ظهورها, اثارها, عوامل انتقال الى العالم الاسلامي, ابز دعاتها)-بندر بن محمد الرباح-ل8-9 .
(17) چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم-کۆمەڵێك نوسەر-ل75 .

چوون هەریەکە لەنەتەوەکانی ئەوروپا کلێسای تایبەت بە خۆیان و مەزهەبەکەیان دامەزراند . هەموو ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەی ئەوروپاش سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی گەلانی ئەورووپی, کە تیایدا پاشاکان وەدەرکەوتن و حوکمی پاشایەتی ڕەها لە هەریەکە لە وڵاتانی بەریتانیاو فەڕەنسا و ئەڵمانیا و باقی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەستی پێ کرد .

لە ئینگلتەراو لەساڵی (1512ز), هینری هەشتەم پاشای زنجیرەی تیۆدۆرو باوکی ئەلیزابێسی یەکەم, سەرجەم پێوەندیەکانی لەگەڵ کلێسای کاسۆلیکی و پاپای ڕۆم بڕی و خۆی بەسەرۆکی کلێسا ناساند . بەم کارەی مەزهەبێکی نوێی لە ئینگلترا دامەزراند بەنێوی کلێسای ئینگلیز, یان مەزهەبی ئینگلیکەن . هۆی ئەم کارەی هینری هەشتەم ئەوەبوو کە بۆ تەڵاقدانی هاوسەرەکەی-کاترین, داوای لە پاپا کرد ئیزنی پێبدات (لەبەرئەوەی میراتبەرێکی نێرینەی لەم ژنە نەبوو), بەڵام پاپا داواکاریەکەی هینری پەسەند نەکرد . هینری هەشتەم وەك پاشایەکی سەرەڕۆ و سەرۆکی کلێسا, دەیتوانی بۆخۆی ڕێساکانی خۆی دابنێت و بەم چەشنە ئان بۆلینی مارەکرد .(18) فەڕەنساش کلێساو پاپای تایبەت بەخۆی دامەزراند, هەروەك پاشاکانیشی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایا ئەوان دەسەڵاتیان لە خوداوە وەرگرتووەو کەس مافی ئەوەی نیە لەبەرامبەریاندا بوەستێتەوەو نافەرمانیان بکات . هەمان نەزم لە ئەڵمانیاو نەمساش بەرقەرابوو , لە ساڵی 1648ز و لە دوای جەنگی سی ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا, بەپێی پەیمانی ویستڤالیا, کۆتایی بە دەسەڵاتی ئایینی و ڕۆڵی ساسی پاپا هێنراو پاشاکان جێگای پاپاکانیان گرتەوەو عەلمانیەتیش شوێنی نەسرانیەتی گرتەوە .

لەنێو ڕەوتی ڕوداو و گۆڕانکاریەکانی سەدەی شازدەو حەڤدەداو هاوشان لەگەڵ سەروەدەرنانی سیستمە پاشایەتیەکاندا, ناوەناوەش دیموکراسیەت لەوڵاتانی ئەورووپی و لەوانیش هەریەکە لە ئینگلتەراو فەرەنسا وەدەرکە دەکەوتوو ململانێی فەرمانڕەیی پاشایەتی ڕەهای کردووەو هەوادارانی دیموکراسی هەوڵی سنوردارکردنی دەسەڵاتی پاشاکانیان داوە . بەتایبەتیش لە هەریەکە لە ئینگلتراو فەڕەنسا .

### سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسیەت لە ئینگلترا :

ساڵی 1642ز, جەنگی نێوان پارلەمان و پادشا چارلزی یەکەم ڕووی دا, پاشان شۆڕشی دووەمی (1647-1649ز) بەرپابوو, ئەنجامەکەی لەسێدارەدانی پادشاو دامەزراندنی نیزامی کۆماری بوو بەسەرۆکایەتی (ئۆلیڤەر کرۆمۆیل), لە ساڵی (1653-1658ز) ئەفسەرو پێشەوای دەرکەوتووی نەیارەکانی پاشا, حوکمی دیکتاتۆری پیادەکرد . پاشان ئەویش پادشا لە ساڵی (1660ز) حوکمی کردەوە, بەڵام بەدەسەڵاتێکی سنوردارەوە, وەلێ کێشەکە هەروا مایەوە تاشۆرشی بێ خوێنی ساڵی (1689ز) کە لەوکاتەوە دەسەڵاتی لە بەریتانیادا سنوردارب‌وو, پەرلەمان دەسەڵاتێکی گەورەتری دەستکەوت, دواتریش شۆڕشی جوتیاران و بازرگانان لە ساڵی (1832ز) یاسای (Bill Reform) بەرپاکرد, کە ئەنجامەکەی ئەوەبوو چینی ناوەڕاست (بۆجوازییەکان) چوونە پەرلەمان, بەڵام هێشتا چینی هەژار لەخۆپاڵاوتن و دەنگدان بێبەش بوون,

---

(18) شۆڕشی شکۆمەند-کلایس سۆیشێر-چاپی یەکەم-ل14 .

لەپاشان چەند چاککردنێك بەرپاکران و بەهۆی چاکسازی سێیەمینیانەوەو لە ساڵی (1884ز) دا, دەنگدان بۆ هەموو هاوڵاتیان فەراهەمکرا جگە لە (ئافرەتان) .(19) کە مافی دەنگدان و بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان نەبوو .

## سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسیەت لە فەرەنسا :

ئەنجومەنی چینەکان کە رۆڵی پەرلەمانی ئێستای دەبینی, لەسەدەکانی پازدەدا پێکهێنرا . لەپاش مەرگی "فرانسوای دووەم" لەلایەن کاترین "دی مدیتشی" و لەساڵی (1560ز) بانگەوازی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی چینەکانی کرا .(20), هەروەك لەساڵی (1614ز) هەر لەلایەن ئەم شاژنەوە ئەم ئەنجومەن بەمەبەستی بەستنی دووەمین کۆبوونەوەی بانگهێشت کرایەوە .(21)

پاشاکانی فەرەنسا هەر لەسەردەمی (لویسی پازدەهەمەوە), هەوڵیانداوە ئەم دەزگایە, واتە (ئەنجومەنی چینەکان) نەهێڵن و کەناری بخەن کە وەك پەرلەمانێك وابوو, چوون ئەم ئەنجومەنە هەوڵی دەدا لەدەسەڵاتە رەهاکەی پاشاکان کەم بکاتەوە, بۆیە پاشاکان تەنها ئەوکاتانەی قەیرانی ئابووری گەورە یان پەشێوی ناوخۆ رووی دەدا, بانگهێشتی ئەم ئەنجومەنەیاندەکرد بۆ کۆبوونەوە . (ئەنجومەنی چینەکان) بۆ دروستکردنی حکومەتێکی دەستوری پەرلەمانی وەك ئەوەی لەو سەردەمەداو لە ئینگلتەرا هەبوو, نەیتوانی رۆڵێکی گرنگ و پێویست ببینێت, چونکە پێکهاتەی (ئەنجومەنی چینەکان) لەبەردەم وەها داواکارییەکدا رێگربوون . کۆمەڵێ بەرژەوەندی ناکۆك بەیەك لەنێو ئەو ئەنجومەنەدا هەبوو کە رێگربوو لەبەردەم جێبەجێکردنی داواکاریەکی لەوشێوەیەدا . خانەدانان و پیاوانی ئایینی و نوێنەرانی چینی سێیەم, بەشێوەیەکی جیا لەیەکترو لەسێ ژووری جیاوازدا کۆدەبوونەوە . هەرچینێك لەژووری تایبەت بەخۆیدا بووو خانەدانان و پیاوانی ئایینی رازی نەدەبوون لەگەڵ چینی سێیەم داو لە هۆڵێکداو پێکەوە کۆببنەوە . هەروەها رازی نەدەبوون دەنگدان لە رێگای ژمارەی ئەندامانی چینەکانەوە بێت, بەڵکو دەبوایە دەنگدان لەرێگای چینەکانەوە بێت . ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی هەمووکاتێ چینی سێیەم سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت, چونکە بەردەوام لەبەرامبەر دەنگی هەردوو چینەکەی دیکەدا شکستی دەهێنا, دوو دەنگ بەرامبەر بەیەك دەنگ بەس بوو بۆئەوەی رێساو یاساو بڕیارو فەرمانەکانی پاشاو خانەدانان و پیاوانی ئایینی جێگیر بکات, کەلەبەشی هەرەزۆری دا لەدژی ویست و داخوازی و بەرژەوەندییەکانی چینی سێیەم بوو . ئەمە سەرباری ئەوەی خانەدان و پیاوانی ئایینی رازی نەدەبوون هیچ جۆرە باج و سەرانەیەك بدەنە حکومەت . هەروەها بێزاری و پێناخۆشبونوونی خۆیان بەرامبەر پرۆتستانیەکان دەردەبڕی کە ژمارەیان لەنێو چینی سێیەم دا گاڵتەی پێ نەدەکرا, خانەدانان و پیاوانی ئایینی بەوەشەوە نەوەستان, بەڵکو بەهیچ رەنگێك بەزەییان بەجوتیارەکاندا نەدەهاتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی فەرەنسایان پێکدەهێنا .(22),

---

(19) ئەفسانەی دیموکراسی-فاضل قەرەداغی-چاپی یەکەم .

(20) سەدەکانی ناوەڕاست-دادگاکانی پشکنین-شۆڕشی فەرەنسی1789-کۆمەڵێك نوسەر-ل129 .

(21) هەمان سەرچاوە-ل157

(22) هەمان سەرچاوە-ل157-158 .

لەپاش ئەم کۆبوونەوەیە ئیدی چالاکیەکانی ئەنجومەنی چینەکان ڕاگیراو بۆماوەی (175-ساڵ) هیچ کۆبوونەوەیەکی نەبەست . تەنها لەسەردەمی حوکمڕانی (لویسی شازدەهەم) و لە 5 ئایاری 1789ز جاریکی دیکەو بۆهەمان مەبەست, واتە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی کۆدەبێتەوە .(23)

لەڕاستیدا ئەنجومەنی چینەکان دامەزراوەیەکی ڕەمزی بوو, هەروەك توانای بڕیاردان و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەوڵاتدا نەبوو . بەڵکو دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی فەرەنسا خودی پاشاکان بوون . کە یەك لەدوای یەك و بەشێوەی بۆماوەیی دەسەڵتیان دەگرتە دەست و گەلی فەرەنساش جگەلە ڕازی بوون و ملکەچی کردنیان, ڕێگاچارەیەکی دیکەی نەبوو . پاشاکان خاوەنی دەسەڵااتی ڕەهابوون و تاکە بڕیاردەری گشت کاروبارەکانی گەلی فەرەنسی بوون . ئەم ڕاستیەش لەوتەی خودی پاشاکانی فەرەنسادا بەڕوونی بەدیار دەکەوێت, نموونە : (ویسی چواردەهەم)لەیەکێك لەقسەکانی دا دەڵێت : "من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم", بگرە ئەولەدەوڵەتیش زیاتر بوو, ئەو ئەو ڕۆحە بوو کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەردەمی خۆیدا دەبردبەڕێوە, بەجۆرێك مێژووی سەدەی حەڤدەهەم بەسەدە (لویسی چواردهەم ناودەبرێت) .(24), هەروەها (ویسی شازدەهەم) لە 3ی ئازاری 1776ز لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان دا دەڵێت :(دەسەڵاتی ڕەها بەدەستی خۆمەوەیە, دەسەڵاتی یاسادانانیش هەر بۆ خۆم دەگەڕێتەوە, هەموو نیزامی گشتی هەر لەخۆمەوە دەردەچێت, مافەکانی میللەت و بەرژەوەندیەکانیان, لەگەڵ ماف و بەرژەوەندییەکانی مندا یەکدەگرێتەوە) .(25)

ئەنجومەنی چینەکان بۆیەکەمین جارو لەبەرواری 4ی ئابی 1789ز, توانی چەند بڕیارێك دەربکات و بەکرداریش جێبەجێیان بکات, لەوانیش :

* ڕەتکردنەوەی هەموو مافە فیودالّیەکانی ئەشرافەکان .
* نەهێشتنی کاری زۆرەملێ .
* هەڵگرتنی باجی سەر ئاشەکان و فڕنەکان .
*ڕەتکردنەوەی ئیمتیازاتی ئەنجومەنی هەرێمەکان .
* لابردن یاخود نەهێشتنی باجی دەیەك کە دەدرا بە کڵێسا .
*هەموو هاوڵاتیان مافی دامەزراندنیان هەیەو مافی ئەوەیان هەیە لەهەر پلەو پایەیەکی بەرزدا وەربگیرێن .
* چاکسازیکردن لە دادگاکاندا, بەشێوەیەك هەموان لەبەردەمیدا و لەماف و ئەرکەکانیاندا یەکسانبن .
*هەموو هاوڵاتیەك ئازادە لەوەی چ کارێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت .(26)

لەپاشتر ئەنجومەنی چینەکان گۆڕا بە ئەنجومەنی نیشتمانی, لەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی فەرەنسا لەلایەن ناپلیۆنەوەو بەهۆی هێرشە سەربازییەکانیەوە بۆسەر شانشینەکانی ئەورووپا,

---

(23) سەدەکانی ناوەڕاست-دادگاکانی پشکنین-شۆڕشی فەرەنسی1789-کۆمەڵێك نوسەر-ل158 .
(24) سەدەکانی ناوەڕاست-دادگاکانی پشکنین-شۆڕشی فەرەنسی1789-کۆمەڵێك نوسەر-ل184 .
(25) سەدەکانی ناوەڕاست-دادگاکانی پشکنین-شۆڕشی فەرەنسی1789-کۆمەڵێك نوسەر-ل314 .
(26) سەدەکانی ناوەڕاست-دادگاکانی پشکنین-شۆڕشی فەرەنسی1789-کۆمەڵێك نوسەر-ل401 .

بیرو باوەڕەکانی شۆڕشی فەرەنسی و لەوانیش فیکرەی دیموکراسی, بەنێو گەلانی ئەورووپی دا بڵاوبۆوەو ئیدی یەك لەدوای یەك گەلانی ئەورووپی شۆڕشیان بەسەر ئەو سیستمە بنەماڵەییانەدا بەرپاکردو قلَپیانکردنەوە, لەجێگای ئەو سیستمە پاشایەتی و بنەماڵەییانەدا, دەوڵەتی دیموکراسی عەلمانیان بەرپاکرد . بەم شێوەیە دیموکراسیەتی نویَ لە ئەورووپا سەری هەڵدا . هەروەك لەپاشتر گەیشتە ئەمریکا . هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگارو لەهەمانکات بەهۆی باڵادەستبوونی ژیاری خۆرئاوایی لەڕووی سەربازی و ئابووری, سیاسەتی خۆیان بەسەر باقی گەلانی جیهاندا فەرزکرد, دیموکراسیەت و عەلمانیەتیشیان وەك نەزم و باوەڕێکی خۆرئاوایی بەسەر گەلانی سەر ڕووی زەمیندا داسەپاند .

## دیموركراسیەتی نویَ :

دیموکراسیەتی نویَ, یاخود ئەو دیموکراسیەتی ئەمڕۆ گەلێك جیاوازە لەوی یۆنانی, چوون لەدیموکراسیەتی یۆنانی کۆندا, گەل بۆخۆی و ڕاستەخۆ کاربەدەستانی هەڵدەبژارد, دەنگی لەسەر بڕیارەکان دەدا بە بەلَیَ یاخود بە نەخێر یەکلایی دەکردەوە, ئەوەش بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتشاری ئەسینای دیموکراتیەوە بوو . کە هاوڵاتیەکانی لە گۆڕەپانێکی شاردا کۆدەکردەبوونەوەو دەنگیان دەدا . وەلیَ ئەو دیموکراسیەتەی ئەمڕۆی خۆرئاوا گەرچی وەك فیکرو ناونیشانی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو دیموکراسەتەی یۆنان, بەڵام لەڕووی نێوەرۆك و شێوازی مومارەسەکردنەوە فرەجودایەو جیاوازە لەوی یۆنانی, هەربۆیە ئەم دیموکراسەتەی ئەمڕۆی خۆرئاوا بەدیموکراسیەتی سەرمایەداران و چینی بۆرژوازیەت ناودێردەکرێت, بەڵکو هەرواش ناسراوە . چوون بڕیاردەرو سەرکەوتوی هەمیشەیی نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دیموکراسیەتە, تەنها سەرمایەدارانن یاخود ئەوانەن کە لەلایەن سەرمایەدارانەوە پشتیوانیان لێدەکرێت .

## دیموکراسیەتی کلاسیکی (تەقلیدی) :

دیموکراسیەت وەك زاراوە, لەدوو وشەی ئەگریکی (دیموس-کرات) پیکدێت, دواتر یۆنانیەکان لێکیانداوەتەوەو کردویانە بە (دیموکراسیەت) کە یەکسانە بە (دەسەڵاتی گەل), هەندیَ جار ئەو وسفەی (ابراهم لینکولن) ی پی دەدەن (دەسەڵاتی گەل, لەپێناو گەل) دا .(27)

لەدوای شۆڕشی فەرەنسی, دیموکراسیەتی تەقلیدی سەری هەڵدا,کە لەپاشترو لەگەڵ رەوتی گۆڕانکاریە نوێیەکانی سەردەمی نویَ و بەهۆی کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی سەرمایەدارارانەوە, لە ئاڕاستەو ئامانجی خۆی وەرچەرخاو دیموکراسیەتی نوێی لێکەوتەوە .

-**دیموکراسیەتی تەقلیدی** : لەلایەن لۆك و ڕۆسۆ و میل و جیفرسۆن و هتد, بونیاتنرا لەسەر دوو بنەما یەکەم (چاکەی گشتی), دووەم (ویستی هەموان), مەبەست لێی بەشداریکردنی تاکەکەس لە حوکم دا,

---

(27) هەڵبژاردن لەنێوان عەلمانی و ئیسلامی-مەسعود عبدالخالق-ل12 .

هەروەك ديموكراسەت بۆخۆى وەستاوە لەسەر بەشدارى كردنى گەل كە واتاى فەرمانڕەوايى گەل دێت . ئەمەش پشتيوانى دەكرێت بەپێى بنەماى (ويستى گشتى), كە گەل دەكاتە خاوەن سەروەرى و سەرچاوەى دەسەڵات, وە (چاكەى گشتى) بەواتاى دامەزراندنى كۆمەڵگاى ديموكراسيەتە بەئامانجى جێبەجێكردنى بەرژەوەندى گشتى كۆمەڵايەتى, جيهانى .(28)

هەوادارانى ديموكراسيەتى تەقليدى, دابەشبوون بەسەر دوو بەشدا, تاكگەراكان و كۆمەڵگەراكان . هۆبز دەڵێت, مرڤەكان لەحاڵەتى سروشتى دا بەردەوام لە جەنگدابوون لەگەڵ يەكدى دا, بۆيە مرۆڤەكان پێويستيان بە پەيمانێك هەبوو كە بەهۆيەوە هەنديكيان تەنازول بكەن لەبەشێك لەمافەكانيان بۆهەنديكى ديان لەپێناو ئاشتى و ئاسايشى هەموان, هەروەك هۆبز پێيوايە حاڵەتى سروشتى هەميشە جەنگ بووە, ئەمەش پێويستى بەوەهەبووە كە هێزێك هەبێت لەسەروى پەيمانى كۆمەڵاتيەوە بێت تا بەزۆر ئەو پەيمانە بەسەر تاكەكاندا جێبەجێ بكات, كەئەو هێزەش هێزى دەوڵەت يان حكومەت بوو .(29)

(جۆن لۆك-1704ز), هاوڕێك بووە لەگەڵ هۆبز لەسەر بوونى پەيمانى كۆمەڵاتى لەنێوان دەوڵەت و تاكەكاندا, تەنها لەچۆنيەتى پێكهێنانى دەسەڵاتى حكومەتى چاودێردا جياوازبووە لەگەڵى كە هەڵدەسێت بە جێبەجێكردنى پەيمانەكە . لۆك پێوايە دەسەڵاتوابەستەيە بەڕەزامەندى تاكەكەسەكانەوە, بۆيە دەتوانن ئەو دەسەڵاتە لەكاربخەن بەهۆى لێسەندنەوەى متمانەوە .(30)

(جانجاك ڕۆسۆ-1778ز), جياوازى بنەڕەتى لەگەڵ هۆبزدا هەبوو, ڕۆسۆ پێيوابوو كە حاڵەتى سروشتى قۆناغێكى زێڕين بوو بۆ مرۆڤ, بەڵام مرۆڤ بەهۆى تەماح و بەهۆى كاريگەرى ئايينەوە تێيپەڕاندو ڕۆچوويە نێو دۆخى فەوزاوە, ئەمەش پەيمانى كۆمەڵاتى پێويست كرد لەپێناو ڕێكخستنەوەى ژيانى تاكەكان و گێڕانەوەيان بۆننێو دۆخى سروشتى .(31)

بەمشێوەيەو لە ديموكراسيەتى كلاسيكى(تەقليدى) داو لەم گريمانە خەياڵيانەدا, دەسەڵات كەلەپێشترو بەپێى تيۆرى مافى خودايى موڵكى پاپاو پاشاكان بوو, گێڕدرايەوە بۆ گەل . وەلێ هەندێك لەم بيرمەندانە جەختيان لەسەر ڕەهايى دەسەڵاتى دەوڵەت دەكردەوەو هەندێكيديان پێداگرييان لەسەر ئازادى ڕەهاى تاكەكەس دەكردەوە . تا لەپاشترو لەسەدەكانى هەژدەو نۆزدەداو بەهۆى سەرهەڵدانى شۆڕشى پيشەسازييەوە, ديموكراسيەتى تەقليدى و تەواوى چەمك و بنەماكانى ڕووبەڕووى گۆڕانكارى بوونەوە, بەم هۆيەوە ديموكراسيەتى سەرمايەدارى سەرى هەڵدا, كە گەلێك جياوازبوو لەديموكراسيەتى تەقليدى شۆڕشگێڕى فەڕنسى و هەروها لەديموكراسيەتى يۆنانى .

---

(28) نقض الجذر الفكرية للديمقراطية الغربية-م. د. محمد احمد علي مفتي-ل13 .

(29) العلمانية-سفر بن عبدالرحمن الحوالي-ل213 .

(30) هەمان سەرچاوە-ل214 .

(31) هەمان سەرچاوە-ل214 .

## دیموکراسیەتی سەرمایەداری :

واژەی دیموکراسیەت, لە دوو وشەی لیکدراو پێکهاتووە, کـە بـەواتای فـەرمانڕەوایی گەلـە یـان بـەواتای دەسەڵاتی گەل دێت, هەروەها (دیموکراسیەت) نەزمێکە لەسیستمی فەرمانڕەیی کە تیایدا فەرمانڕەوایی یان دەسەڵات یاخود دەسەڵاتی دەرکردنی یاساو ڕێساکان وەك مافێکی گەل یان کۆمەڵ یـاخود زۆرینـەی خـەڵکی وێنا دەکریت .(32)

ڕێبازب دیموکراسیەت, لەسەر باوەڕی سەرمایەداری وەستاوە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لـە ژیـان, بەپێی ئەم بنچینە فکریەش دەبێت مرۆڤ بۆخۆی ڕژێمی حوکمڕانی ژیانی دابڕێژێت .(33)

چــەمکی دیموکراســیەت, "فــەرمانڕەوایی گەلــە لەلایــەن خــودی گەلــەوە" , "ئەمــە لــەگرنگترین تایبەتمەندیـەکانی دیموکراسـیەت" کـە ئەوەنـدەی بـە بـیری دیموکراسـیەتخوازاندابێت, چ لەمێـژووی کـۆن و لەسەردەمی نـوێش دا, ئـەم تایبەتمەندییـە باسـکراوەی دیموکراسـیەت جێبەجێنـەکراوە لەدرێـژایی مێـژووی دیموکراسیەتدا, بەڵکو سیستمی دیموکراسیەت لەهەموکاتێکدا نەزمێکی چینایەتی بووە . بەم پێیەش چینێك لەچینەکانی کۆمەڵگا, دەسەڵات و خواستەکانی خۆیی بەسەر باقی چینەکانی دیکەدافەرزکردووە .(34)

لەکۆنداو لای یۆنانیەکان, چینی پێکهاتوو لە خانـەدانان و گـەورەکان, چـینی یاسـادانەرو خـاوەن دەسـەڵاتی باڵابوون, لەو نێوەندەشداو باقی هاوڵاتیان کە زۆرینە بوون-خاوەنی هیچ بڕیارێك نـەبوون .(35), لەسـەردەمی نویَ دا, چینی گەورە دەوڵەمەندان و سەرمایەداران, چینی دەسەڵاتدارو یاسادانەرو خـاوەن دەسـەڵاتی باڵـان, چون خاوەنی پارت و دامـەزراوەی ڕاگەیاندنن, کە کاریگەری گـەورەیان هەیـە لەسـەر دروسـتکردنی بۆچـونی گشتی دا, کە ئەمـەش بەسە بۆئەوەی کـە لـەکۆتایی دا ویسـتی "سـەرمایەداران" بکاتـە دەسـەڵاتی باڵـای یاسادانەر .(36) هەمـوو ئەمـانەش ڕوونی دەکاتەوە کە دیموکراسـیەت هەمیشـە حـوکمی کەمینەیـەك بـووە-نوخبەیەك یاخود چینێك بووەو حوکمی گەل یان زۆرینە نەبووە, هەروەك ئەوەی لە ناسـاندنی دیموکراسـیەتدا باسی لێوەدەکرێت, یاخود هەندێك کەس بەڵکو زۆرێکیش بەوە تۆمـەتباری دەکەن .(37)

---

(32) حوار حولة الديموقراطية-شيخ محمد سند-ل5 .
(33) نقض النظام الديمقراطية-د. محمود الخالدي-ل15 .
(34) حقيقة الديمقراطية-محجمد شاكر الشريف-ل5 .
(35) هەمان سەرچاوە-ل5 .
(36) هەمان سەرچاوە-ل5 .
(37) هەمان سەرچاوە-ل5 .

ديموكراسيەت, واتا حوكمی گەل, بەومانايەی گەل بۆخۆی ياساو تەشريعات دابڕێژێت و كاربەدەستانی وەڵات دەستنيشان بكات, ياخود گۆڕانكارييان تێدا بكات هەركات ويستی لەسەر بوو . بەڵكو هەر لەلايەن گەلەوەو بۆخۆی هەر ياسايەك, وەيان هەركاربەدەستێك لەكاربخات لەوكاتەی كە خواستی ئەنجامدانی وەها كارێكی هەبوو . بۆيە مەرجی يەكەمی ديموكراسی, هەڵوەشاندنەوەی حوكمی خوداو لەكارخستنی شەريعەتی ئيسلامی و جياكردنەوەی ئايينە لە دەوڵەت . لەهەمانكات چەسپاندنی عەلمانيەت .

### هەندێك بۆچوون لەسەر ديموكراسيەت :

(كارل پۆپەر) ی فەيلەسوفی هاوچەرخ دەڵێت, ديموكراسيەت هيچكات حوكمی خەڵك نەبووە نەدەتوانێ ببێ . ئەمە مەترسيدارە كە فێری خەڵك بەتايبەت منداڵان بكەين كە ديموكراسی بەمانای حكومەتی خەڵكە, واتە حكومەتی هەموولايەك, كەئەمە دوورە لە ڕاستی و كاتێك خەڵك لەڕاستی مەسەلەكان تێدەگەن, هەستدەكەن فريويان خواردووەو ئەم هەستە دەتوانێ تەنانەت تيرۆريزمی لێ بكەوێتەوە .(38)

(مۆريس ديڤرجێ)ی زانای فەرەنسی دەڵێت باسكردن لە "حكومەتی گەل و لەلەرێگەی گەلەوە" قسەيەكی هيچەو هيچ واتايەكی تێدانيە, چونكە لەشارە يۆنانی و ڕۆمانيەكان و لەناوچە سويسريەكاندا كاروباری وڵات هەميشە لەلايەن كۆمەڵێك كەسەوە بەڕێوە دەبران كە ئەمانە فەرمانڕەوای ڕاستەقينە بوون لە ديموكراسيەتی ڕاستەوخۆدا, كە پوختەترين شێوەی ديموكراسی بوو .(39)

(ڕۆسۆ-پێغەمبەری ديموكراسی) دەڵێت, گەلی ئينگليزی ئازادنييە, تەنها لەكاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا نەبێت, هەرئەوەندەش هەڵبژاردن تەواو دەبێت گەل دەبێتە كۆيلە, بەڵكو گەل دەبێتە "هيچ" .(40)

زانای ئەمريكی (مەكئاريڤەر) دەڵێت, ڕاستی ئەوەيە كە زۆرينە حوكم ناگرمە دەست و هەموو گەل حوكم ناكات, بەڵكو هەميشە كەمايەتی حوكم دەكات, بۆيە دەڵێت ديموكراسی بەمانای حوكمی زۆرينە يان حوكمی جەماوە نايەت .(41)

(وينستو چرچل) دەڵێت, "ئەگەر هەموو ئەو حكومەتانەی ديكە ئاوارتە بكەين كە تاوەكو ئێستا سەريان هەڵداوە, ئەوا ديموكراسی خراپترين جۆری حكومەت .(42)

---

(38) ديموكراسی و فيدراڵيزم-(كۆمەڵە وتار)-كۆمەڵێك نووسەر-ل8 .

(39) ئەفسانەی ديموكراسی-فاچل قەرەداغی-چاپی يەكەم .

(40) ئەفسانەی ديموكراسی-فاچل قەرەداغی-چاپی يەكەم .

(41) ئەفسانەی ديموكراسی-فاچل قەرەداغی-چاپی يەكەم .

(42) گوزەر بەرەو ديموكراسی-د. حوسێن بەشيريە-ل5 .

دیموکراسیەتی دەستوری, جوکمڕانی زۆرینەی میانڕەوی پابەند بە یاسایەو خراپترین جۆری دەوڵـەتی یاسـایی و هاوکات چاکترین جۆری دەوڵەتی نایاسابیەکانە .(43) یاخود دیموکراسیەت ئەو ئایینە پڕ ناڕێکیەیە کە ئەمڕۆ کراوەتە ڕێخۆشکەرێك بۆ داگیرکردنی نوێی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری .(44)

لەڕاستیدا دیموکراسیەت ڕێبازو باوەڕێکی لادینی مادییەو جەخت لەسەر فرەباوەڕی و فرەحزبی و ئازادی ڕەهای مرۆڤ دەکاتەوە . هەروەك بۆخۆشی لە هەناوی کۆمەڵگایەکی موشریککگەرایی یۆنانی دێرینەوە سەری هەڵـداوە . ئەم بیروباوەڕە هەوڵی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگ دەدات, بەچەشنێك کە هیچ شتێکی یاسـاغ, چ لە بواری بیرو باوەڕو چ لەبواری ڕەوشت و ڕەفتاردا ناهێڵێتەوەو سەرجەمیان رەهاو ئازاد دەکات .
لەپێناو وەدیهێنانی ئەم مەرامەی دا, دیموکراسیەت شەرعیەتی گشت ئاینەکان هەڵدەوەشێنێتەوە, واتا مـافی یاسادانان و دیاریکردنی حەرام و حەڵاڵەکان لە (خودای گەورە) زەوت دەکات و لەهەمانکات دەیداتـە دەسـت مرۆڤەکان, لێرەشەوە مرۆڤ بۆخۆی یاساو ڕێساکانی ژیانی دادەڕێژێتەوە, هەروەك ئەمڕۆی خۆرئاوا .

سیستمی دیموکراسی :
نەزمی دیموکراسیەت, شێوەیەکی حکومەتەو لەسەر ئەساسی ئەوە بونیـاتنراوە کـە خـەڵکی خۆیـان حـوکمی خۆیان بکەن, لەسەردەمی نوێش دا بریتی لەو حوکمەی کەلەسەر بنەمای دەزگای نوێنەرایـەتی دادەمـەزرێت, کە نوێنەرانی گەل بەئازادی هەڵبژێردرێن, لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەبێت کە بەرپرسـیاربێت لەبەرامبەر خەڵکی دا .(45) هەروەك خاوەنی دامەزراوەی دادوەرییە, کە لەسەر بنـەمای شـەریعەتی عـەلمانی کاردەکات .

دیموکراسیەت سیستمێکی لادینیەو جەخت لەسەر ئازادی ڕەهای تاکەکەس دەکاتەوە لەگشت بوارەکانی ژیاندا, یاسا دانانیش وەك مافێکی خودایی ڕەفز دەکات, بەڵکو ئەو ئەرکە ڕادەستی مرۆڤ دەکات و لەهەمانکاتویستی گەل دەکاتە پێوەری پەسەندکردن, یاخود ڕەتکردنەوەی هەر یاسایەك .

ئاڕاستەی دیاری دیموکراسی ئەوەیە کە تیایدا, هەموو بڕیارەکان بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر بیروڕای خەڵکی دامەزراوە .(46) یاسادانەرانی هەڵبژێردراو چ لەنیزامی پارلەمانی, یان لە سیستمی کۆماری, سەکۆیەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی بیرو ڕاو باس و لێدوان لەسەر یاسـاکان و پەسـەندکردنیان لـە حکومـەتی دیموکراسی دا .(47)

---

(43) بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست-غانم محمد سالح-ل5 .
(44) ئەفسانەی دیموکراسی-فاچل قەرەداغی-چاپی یەکەم .
(45) ئەفسانەی دیموکراسی-فاچل قەرەداغی-چاپی یەکەم .
(46) قەیرانی دیموکراسی-ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە دیموکراسیەکاندا-ڕۆجێ لاکوب-ل38 .
(47)پەختەی دیموکراسی-وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا-فەرمانگەی بەرنامەی زانیاری نێودەوڵەتی-ل52 .

لەسیستمی دیموکراسی دا بەهیچ شێوەیەك شەریعەتی ئیسلامی و ئەحکامەکانی جێگایان نابێتەوەو کاریان پێ ناکرێت . چوون مەرجی یەکەمی دیموکراسی لەکارخستنی شەریعەت و کۆتایی پێهێنانی حوکمی خودایە . واتا گەل یاخود نوێنەرانی بەپێی خواست و ویستی خۆیان دەستورو یاسا بۆ ژیانی کۆمەڵگاو تاك تاکیمرۆڤەکانی دادەڕێژن و حەرام و حەڵاڵەکان دیاری دەکەن, ئەمەش گەورەترین گرفت و ناکۆکی سەرەکی نێوان دیموکراسیەت و ئاینی ئیسلامە . سەرباری ئەو تەفرەقەو پەرتەوازەیی و فرە حزبیەی کە دیموکراسیەت لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا بەرپای دەکات, لەحالێکدا کە ئاینی ئیسلام جەخت لەسەر یەکگرتویی ئومەتی ئیسلامی دەکاتەوە .

## چەشنەکانی دیموکراسیەت و شێوازەکانی هەڵبژاردن :

_ **ڕێبازی ڕاستەوخۆ :** لەم ڕێبازەدا خەڵکی بەبێ بوونی (لایەنی دووەم), ڕوانینەکانی خۆیان دەربارەی مەسەلەکان دەردەبڕن . ئەم ڕێبازە تەنها بۆ کۆمەڵگا بچوك و کەم دانیشتوانەکان گونجاوە, بەو شێوەیەی لە ئەسینا بەر لە (2500-ساڵ) لەمەوپێش پێڕەوی لێ دەکراوە . ئێستاش لەهەندێ لە کانتۆنەکانی (پاریزگاکانی-سویید) بەدەنگدانی ڕاستەوخۆو لەڕێگەی ریفراندۆمەوە یاخود ڕاپرسی گشتیەوە ئەنجام دەدرێت . ئەم ڕێبازە لەبواری جێبەجێکردندا زۆر بەگرفت و بە ئەرکە, چونکە لەخەڵکی دەخوازرێت کە بۆهەر بابەتێکی بچوکی نمونەی دروستکردنی پرد یاخود نەخۆشخانەیەك لەناوچەیەکدا, بچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و ڕای ئیجابی یان سلبیانەی خۆیان دەربڕن .(48)

لەیۆنانی کۆنداو لە دەوڵەتشارە دیموکراسەکەی ئەسینادا, پێڕەوی لەم ڕێبازەی دیموکراسی دەکرا, کەبۆ وەرگرتنی ڕەئی هاوڵاتیان, خەڵکی لە گۆڕەپانێکی گەورەدا کۆدەبوونەوەو لەڕێگای دەستهەڵبڕینەوە بڕیاریان لەسەر مەسەلەکانی ڕۆژ دەدا, بە بەڵێ یان بە نەخێر . کەمی ژمارەی دانیشتوانی شاری ئەسینا یاریدەدەربوو لەپێرەوکردنی ئەم شێوازەی دیموکراسی, هەروەك ڕێبازی دیموکراسیەتی ڕاستەخۆ بە پوختەترین دشێوازی دیموکراسیەت دادەنرێت . کە دوورە لە تەزویرو ساختەکاری و زۆرلێکردن و فریودان . چوون هاوڵاتیان ڕاستەخۆو بۆخۆیان بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنوس سازەکان دەدەن . گەر ئەمە بکرێت .

-**ڕێبازی نوێنەرایەتی :** بەدوو شێوازی یەك قۆناغی و دوو قۆناغی ئەنجام دەدرێت . أ-لە هەڵبژاردنی یەك قۆناغی دا, نوێنەرانی ئەنجومەن یان سەرۆکایەتی کۆمار, بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لەلایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێن . ب-لەهەڵبژرادنی دوو قۆناغی دا, سەرەتا خەڵك نوێنەرانی ئەنجومەن هەڵدەبژێرن و پاشان ئەم نوێنەرانە لە قۆناغی دووەم دا سەرۆك کۆمار دەستنیشان دەکەن .(49)

---

(48) ئاشنابوون بە دیموکراسی-عەباس عەلی سەحافیان-ل123-124 .

(49) ئاشنابوون بە دیموکراسی-عەباس عەلی سەحافیان-ل123-124 .

هەندێك لە تیۆریستەکان هەڵبژاردنی دوو قۆناغی بە مردوو دەزانن و دەڵێن, کاتێ هوشیاری سیاسی خەڵك لەئاستێکی باڵادابێت, پێویستی بە هەڵبژاردنی دوو قۆناغی نیە . چوون پلەی بێ متمانەییە بە هوشیاری و عاقڵمەندیی کۆمەڵایەتی, بەپێچەوانەشەوە گروپێکیتر لەوباوەڕەدان ڕێبازی دوو پلەیی ووردترو کەم هەڵەترە, چوون خەڵکانی ئاسایی کە هوشیاری پێویستی سیاسی و کۆمەڵایەتیان نیە, زۆرتر دەکەونە ژێرکاریگەری هەست و سۆزەو پڕوپاگەندەوە . کاتێ هەڵبژاردنی نمونەی سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بەشێوەی دوو پلەیی ئەنجام دەدرێت, ئەگەری هەڵە کەمترە .(50)

**-هەڵبژاردنی دەوری یان جوگرافی :** لەم ڕێبازەدا هەر ناوچەیەك یان هەر شاریك یاخود هەر گوندێك لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان, یەك یان چەند نوێنەرێك بۆ ئەنجومەنی پارلەمانی وڵاتەکەیان هەڵدەبژێرن . ئەم جۆرە هەڵبژاردنە باوترین ڕێبازی سەردەمەو لە جێبەجێکردندا سادە ترینیانە, بەڵام لەهەمانکاتیشدا کەموکوڕیشی هەیە .(51) بەشێوەیەکی گشتی دیموکراسیەت لەم سێ شێوازە سەرەکیەدا خۆی دەبینێتەوە, کە هەریەکەیان ئیجابی و سلبیاتی خۆی هەیە .

### بنەماکانی دیموکراسیەت :

دیموکراسیەت وەك سیستمێکی فەرمانڕەوایی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی وەستاوە, کە بریتین لە :

* حوکمی گەل .
* جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت (عەلمانیەت) .
* پەیمانی کۆمەڵایەتی . هەریەك لەم سێ بنەمایەش لەسەر چەند بنچینەیەکی گرنگ وەستاوە .

* حوکمی گەل, یەکەمین بنەمای دیموکراسیەت حوکمڕانی گەلە لەلایەن خودی خۆیەوە, ئەمەش تەنها بەومانایە نیە کە گەل کاربەدەستانی وڵات دەستنیشان بکات و بەرپرسان بۆ پلەوپایەکانی دەوڵەت هەڵبژێرێت, بەڵکو دیموکراسیەت لەمە گشتگیرترەو سەرجەمی بوارەکانی حوکمڕانی دەگرێتەوە بە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبوجێکردنەوە . واتا گەل بۆخۆی یاساو تەشریعات و ئەحکامەکانی تێکڕای کایەو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا دادەڕێژێت, هەربەو چەشنەی کە ویستی دەکات . هەربۆیە دیموکراسیەت پێداگری دەکات لەسەر زەرورەتی جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە, کە بریتین لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان, جێبەجێکردن, دادوەری .(52)

---

(50) ئاشنابوون بە دیموکراسی-عەباس عەلی سەحافیان-ل124-125 .

(51) ئاشنابوون بە دیموکراسی-عەباس عەلی سەحافیان-ل125 .

(52) فەندەمێنتالیزم و ململانێ ژیارییەکان-هاشم سالح .

**دەسەڵاتەکان لەسیستمی دیموکراسی دا بریتین لە :**

**- دەسەڵاتی یاسادانا, ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەڕێگای دەنگدانی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێریدرێن, بەپێی ڕێژە دانیشتوان . کە بە ئەندام پارلەمان ناسراون . لەسیتمی دیموکراسی دا دەزگای پارلەمانی ئەرکی یاسادانانی لەئەستۆدایە . ئەندامانی پارلەمان هەڵدەستن بە دانانی ڕەشنوسی دەستورو لەپاشتر بۆخۆیان دەنگی لەسەردەدەن و بەزۆرینەی دەنگ پەند دەکرێت . یاخود ئەو دەستورە دەخرێتە ڕاپرسیەوەو گەل بڕیاری لەسەر دەدات, ئەمەش لەهەندێ حاڵەتدا .**

**- دەسەڵاتی جێبەجیکردن, دووەمین بنەمای دیموکراسیە, ئەمەش دەزگای بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەگرێتەوە, لەسەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و باقی وەزیرەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت پێکدێت . کە ئەمانە لەبەرامبەر پارلەماندا بەرپرسیارن لەسەر هەرکارێك کە ئەنجامی دەدەن, ئەندامانی پارلەمان دەسەڵاتیان پێدراوە کە لێپێچینەوە لەکاربەدەستانی دەوڵەت بکەن و لەکاتی سەپێچی ولاداندا لەکاریان بخەن, هەروەك لەلایەن پارلەمانیشەوە متمانەیان پێ دەدرێت .**

**- دەسەڵاتی دادوەری, ئەم دەزگایەش ئەرکی دادگەرییە لەنێوان هاوڵاتیانی وڵاتدا, کە هەڵدەسێت بە یەکلایی کردنەوەی گرفت و کێشەکانی نێوان هاوڵاتیان لەسەر بنەمای یاسای دانراوو دەستکردی مرۆڤ-واتا دەستوری عەلمانیەت .**

***جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت (عەلمانیەت),ئەمەش دووەمین بنەمای گرنگی دیموکراسیەتە, چوون دیموکراسیەت حوکمی گەلەو ئایینیش حوکمی خودایە, لەبەرئەوە پێکەوە نایانکرێت . هەربۆیە دیموکراسیەت حوکمی خودا ڕەفزدەکات و سەرجەمیشەریعەتی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە, لەهەمانکات گەل سەربەست دەکات لەداڕشتن و دانانی یاساکاندا .**

**دروشمەکانی دیموکراسیەتی نوێ بریتین لە : "عەلمانیەت" و "لیبراڵیەت" و "سەرمایەداری" :**

**-عەلمانیەت, زاراوەیەکی خۆرئاواییە, بەواتای "بەرپاکردنی ژیان لەسەر غەیری ئایین" چ بەنیسبەت تاکەکەسەوەو چ بەنیسبەت کۆمەڵگاوە .**(53) **هەروەها (دائرة المعارف البريطانية) دوڵێت, عەلمانیەت بزاوتێکی کۆمەڵایەتیەو ئامانجی وەرگێڕانی ڕووی خەڵکیە لە گرنگیدان بە دواڕۆژ بۆ گرنگیدان بە ژیانی دونیا, بەتەنها .**(54)**, لەفەرهەنگی ئینگلیزیدا هاتووە کە عەلمانیەت, گریمانەیەکە کە دەبێژێت پێویست ناکات پەروەردەو ڕەوشت لەسەر بنچینەی ئایین بونیات بنرێت .**(55)

---

(53) العصرانيون بين مزاعم التجديد و ميادين التغريب-محمد حامد الناصر-ل411 .

(54) العلمانية جزورها و اصولها-د. محمد علي البار-ل12 .

(55) العلمانية وثمارها الخبيثة-محمد شاكر الشريف-ل7 .

عەلمانیەت بەشێوەیەکی گشتی ڕەفزی ئایین دەکات و ڕێگانادات مرۆڤەکان لەژیانیاندا پێڕەوی لێبکەن, هەربۆیە هەوڵی دوورخستنەوەی ئایین دەدات لەکاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و...هتد . لەهەمانکات جەخت لەسەر بەرپاکردنی ژیان دەکاتەوە لەسەر بنەمای خواست و ویستی مرۆڤەکان, لەوپێناوەشدا بانگەشەی ئازادی ڕەها دەکات و مرۆڤەکان سەربەست دەکات لە ژیانیان و لەکاروبارەکانیاندا, بەچەشنێك کە گشت سنورە ئایینیەکان تێدەپەڕێنێت . هەربۆیە دەسەڵاتی یاسادانان دەخاتە دەست خودی مرۆڤەکانەوە .

-**لیبراڵیەت**, (موسوعة ویکیبیدیا الالکترونیة) وەسفی لیبراڵیەت دەکات و دەبێژێت, بزوتنەوەیەکی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی نێو کۆمەڵگایە, ئامانجی ئازادکردنی مرۆڤە وەك تاك و هەروەها وەك کۆمەڵ لە هەرسێ کۆتەکانی دەسەڵاتی "سیاسی و ئایینی و ئابووری ڕۆشنبیری"... هەروەها لیبراڵیەت دژی دەستوەردانی ئایینە لە کاروباری کەسی, بەشێوەیەکی گشتی لەمەشیدا هاوشێوەی عەلمانیەت بەچەشنێکی دی .(56)

لیبراڵیەت جەخت لەسەر ئازادی ڕەهای تاکەکەس دەکاتەوەو خودی تاك دەکاتە پێوەری یەکلاکردنەوەی هەر یاساو ڕێسایەك, هەرلەبەر ئەوەشە کە دژی ئایین و حوکمی شەریعەتی خودایە و پێداگری لەسەر یاسای دانراوو دەستکردی مرۆڤەکان دەکاتەوە . هەروەك پێی وایە کە ئایین و شەریعەت و ئەحکامەکانی بەکەڵکی کارپێکردن نایەت ! و ئازادی مرۆڤەکان زەوت دەکات ! چوون لیبراڵیەت بۆخۆی وەك فەلسەفەیەکی ماددی لادینی بانگەشەی ئازادی ڕەهای باوەڕو ڕەفتاری مرۆڤەکان دەکات .

-**سەرمایەداری**, سیستمێکی ئابووری خاوەن فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیە, کەوەستاوە لەسەر بنەمای گەشەپێدانی خاوەنداریەتی تاکەکەسی و پارێزگاری کردنی, هەروەك فراواندەبێتەوە لە چەمکی ئازادی دا .(57) , سەرمایەداری نەزمێکی ئابوورییە کە خاوەنی پاشخانێکی فەلسەفی کۆمەڵایەتی و سیاسیە, پێداگری لەسەر تێرکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ دەکاتەوە لەگەڵ خاوەنداریەتی تایبەت, هەروەك باوەڕی وایە کە دەبێت ئایین بەیەکجاری فەسڵ بکرێت لە ژیان .(58)

## پەیمانی کۆمەڵایەتی :

* پەیمانی کۆمەڵایەتی, لەبونیاتنەرانی ئەم گریمانەیە (تۆماس هۆبو, جۆن لۆك, جان جاك ڕۆسۆ) یە . گەرچی هەندێ جیاوازی چۆنایەتیان دەربارەی ئەم گریمانەیە هەیە, کرۆکی ئەم بیردۆزە لەسەر ئەو باوەڕە وەستاوە کە مرۆڤەکان لەسەرەتادا لە ژیانێکی سروشتی و سەرەتایی دا ژیاون, بەشێوەیەکی بێ سەروبەر, واتا خاوەنی یاساو دەوڵەت ە یان دامەزراوەی ڕێکخستنی مامەڵەو سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیان نەبوون,

---

(56) معرکة الثوابت بین الاسلام واللبیرالیة-عبدالعزیز بن مصطفی کامل-ل34 .

(57) موسوعة الادیان-الرئسمالیة-مجموعة الکاتب .

(58) الدیموقراطیة و اخواتها اثار و ثمرات-خلیل بن ابراهیم العبیدي العراقي-ل59 .

مرۆڤەکان لەقۆناغەکانی ژیانیانداپێشکەوتنیان بەخۆوە دی و هەستیانکرد کە پێویستیان بە یاسای حوکمڕانی و دەوڵەت هەیە لەپێناو ڕێکخستنی کاروبارەکانیان . بەم هۆیەوە هەستیان بە پێویستی ئەنجامدانی گرێبەستێك کرد لەنێوان خۆیاندا, بەپێی ئەم گرێبەستەش مرۆڤەکان بەخواستی خۆیاندەستبەرداری هەموو- یان بەشێکی مافەکانیان بوون لەپێناو دامەزراندنی دەسەڵاتێك کە حوکمیان بکات و کاروبارو مامەڵەکانیان ڕێکبخات, لەهەمانکات پارێزگاری باقی ماف و ئازادییەکانیان بکات . بەپێی ئەم وێنایەش دەسەڵات لەسەر بنەمای ئیرادەی گەل دەدەمەزرێت, هەروەك پێوایە گەل خاوەنی سەروەرییە .(59)

(تۆماس هۆبز-1588-1679ز), پێیوایە کە مرۆڤی سەرەتایی شەڕخوازبووەو هێز باڵادەست بوە لەپێوەندی نێوان مرۆڤەکانی ئەو دەمەدا, وەلێ بەهۆی پێشکەوتنیەوە لەقۆناغی پاشاگەردانی و باڵایی هێزەوە گواستیەوە بۆ ڕەوشی کۆمەڵگای مەدەنی .(60)

(جۆن لۆك-1632-1704ز), جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای هێزو قارلێبونەوە دامەزراوە, بەڵکو لەسەر بنچینەی هەڵبژاردن و ڕەزامەندی دوولایەنی لەنێوان تاکەکان دامەزراوە,ئامانجیش لە کۆمەڵگای مەدەنی پارێزگاریکردنی خاوەنداریەتیە, واتا مافی ژیان و ئازادی و خاوەنداریەتی .(61)

جانجاك ڕۆسۆ-1712-1778ز), بۆچوونی لەسەر سەروەری گەل وەستاوەو ڕەتی بوونی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و حکومەت دەکاتەوە لەحاڵێکدا کە لەژێر دەسەڵاتی گەلدا نەبێت .(62)

گرێمانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کوفر دامەزراوە, چوون داڕێژەرانی ئەم بیردۆزە پێیانوایە کە مرۆڤەکان لەسەرەتادا هیچ ئاین و بەرنامەیەکیان نەبووەو وەك ئاژەڵەکان ژیاون, کە ئەم چەشنە تێڕوانینەش لە دیدگای ئیلحادی ماددییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی یۆنانی کۆن . کە جەختی لەسەر بتپەرستی و شیرك دەکردەوە . لەهەمانکات گرێمانەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بەشێوەیەکی گشتی تەرکیز لەسەر سێ بنچینەی سەرەکی دەکاتەوە وەك بنەمای ڕێکخستنەوەی ژیانی مرۆڤەکان کە بەپشتبەستن بەو بنەمایانە یاساو ڕێسای ژیانی مرۆڤەکان دادەڕێژێتەوە . ئەو سێ بنچینە سەرەکییەش بریتیە بریتین لە (ڕێبازی سروشت, عەقڵگەرایی, بەرژەوەندی گشتی), کەلێرەداو یەك یەك شرۆڤەیان دەکەین .

## بنەماکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی :

- ڕێبازی سروشت (المزهب الطبيعة), مەبەست لێی ئەو شێوە ژیانەیە کە لەسەر بنەمای باوەڕی مادی گەڵاڵەکراوە, هەروەك ئەوەی کەلە جەنگەڵەکاندا و لەلایەن ئاژەڵەنەوە پیڕۆ دەکرێت . ئەم تێڕوانینەش جەخت لەسەر پێڕۆکردنی غەریزەو ئارەزواتەکانی مرۆڤ دەکاتەوە, وەك یاسای ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا,

---

(59) الحقيقة الديمقراطية-محمد شاكر الشريف-ل13 .
(60) اسس النظام السياسي عند الامامية-شيخ محمد السند-ل66 .
(61) هەمانن سەرچاوە-ل67 .
(62) هەمان سەرچاوە-ل67-68 .

لەهەمانکات ڕەفزی ئایین و شەریعەتەکەی دەکاتەوەو وەك خورافات و ئەفسانەش لەبیروباوەڕی ئایینی دەڕوانێت . ئەم ڕێبازەش هەر لە فکری ماددی یۆنانی کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە .

تۆماس هۆبز-1588-1679ز,فەیلەسوفێکی ئینگلیزییەو لەیەکەمینی مادیگەرا نوێیەکان و یەکێك لەگەورەکانیانە, کە کتێبی بنەماکانی یاسای سروشتی سیاسی نوسیەوەو لەساڵی 1640ز, بڵاوی کردەوەو تیایدا باوەڕی مادیگەرا یۆنانیەکانی وەك (دیموقراتیس و ئەبیقۆر) ی گواستبۆوە, هەرئەمانەش بنچینەی باوەڕی فەلسەفی ئیلحادی خۆرئاوای نوێیان دامەزراند, هەروەك هۆبز دوژمنایەتیەکی توندی کڵێساو پیاوانی ئایینی دەکرد, فەلسەفەکەشی شتێکی نوێیتێدا نەبوو, بەڵکو تەنها هەستابوو بەزیندوکردنەوەی فکری مادیگەراکانی یۆنانی, بەم هۆیەشەوە بەیەکەمینی مادییە نوێیەکان دادەمەزرێت .(63)

- **عەقڵانیەت**, وەستاوە لەسەر باوەڕداربوون بە توانای عەقڵ بۆگەیشتن بەڕاستیەکان بەپێی تاقیکردنەوەی ئەزمونگەری, هەروەك پشت نابەستێت بە زانیارییە هەستیەکان . لەگرنگترین فەیلەسوفانی ئەم ڕێبازە, دیکارت و سپینۆزا و لایبنتس, هەروەها دالمبیرو ڤۆلتیرو کندورسیە... کەلە دیارتین بیرمەندانیەتی, کە پشت بەعەقڵ دەبەستن . هەروەك ئایین و باوەڕداربوون بە خودا بەخورافات دەزانن و ڕەفزی غەیب دەکەن .(64) عەقڵانیەت بۆخۆی ڕێبازێکی فەلسەفیەو جەخت لەسەر بۆچونی عەقڵی دەکاتەوە بەتەنها, وەك ئامرازی زانین و سەرچاوەی بڕیاردان . ئەم ڕێبازە ڕەفزی پشتبەستن بە ئایین و وەحی دەکات, هەربۆیە تەنها پشت بە عەقڵ و بۆچوونەکانی غەقڵ دەبەستێت, کە ئەمەش لەژێر کاریگەری وارسکەو غەریزەکاندایە . لەبنچینەدا ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە سەر فکری یۆنانی و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە .

- **بەرژەوەندی گشتی** (المصلحة العامة), یەکێکی دیە لە بنەمایانەی کە لەداڕشتنی پەیمانی کۆمەڵایەتی دا ڕەچاوکراوە . بەپێی ئەم بنەمایە هەرکارو بڕیارێك لەبەرژەوەندی گشتی دا بێت, واتا کۆمەڵگا یاخود بەشێکی خواستی بکات, ئەوا دەکرێتە یاساو وەك دەستوری کۆمەڵگا بەکار دەخرێت گەرچی دژی ئایین و داب و نەریت و فیترەتی خودی مرۆڤیش بێت . واتا لەسیستمی دیموکراسی دا ڕەچاوی ئایین و حەرامکراوەکانی ناکرێت, بەڵکو تەنها بایەخ بەخواستی گەل و چین و توێژە جیاوازەکانی دەدرێت . لەم پێناوەشداو بۆ دەستەبەرکردنی خواستەکانیان, دیموکراسیەت بانگەشەی ئازادی ڕەهاو سەربەستی تاکەکەس دەکات بەبێ هیچ سنوربەند کردنێك . ........ هەمووئەم ڕاستیانە ئاشکرای دەکەن کە دیموکراسیەت گشت بنەماکانی لەسەر لادینی و کوفر دامەزراوە, هەربۆیە ڕەفزی ئایین و شەریعەتەکەی دەکاتەوە, لەبری ئەوەش بۆچوونی مرۆڤ دەکاتە پێوەری تەواوی بڕیارەکان .

---

(63) الانحراف العقدي في ادب الحداثة و فكرها دراسة نقدية شرعية-د. سعيد بن ناصر الغامدي-ل113-114 .

(64) الانحراف العقدي في ادب الحداثة و فكرها دراسة نقدية شرعية-د. سعيد بن ناصر الغامدي-ل110 .

**مەرجەکانی دیموکراسی :**

- دەستەبەرکردنی ئازادی, کە خۆی لە ئازادیانەدا دەبینێتەوە :

أ- ئازادی بیرو بۆچوون .

ب- ئازادی ڕۆژنامەوانی .

ج- ئازادی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوەی سیاسی .

د-ئازادی ئایینی, مەبەست لە ئازادی ئایینی بەومانایەی کە زەرەری نەبێت بۆ دوژمنانی ئیسلام, کە جولەکەو خاچ پەرستەکانن, هەروەها زیانی نەبێت بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکان, لەهەمانکات ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا . بەڵام ئایینی ڕاست و دروست دژی هەموو ئەوانەیە .

هـ- ئازادی تاکەکەس .

و- ئازادی خاوەنداریەتی .

ی- ئازادی بەشداری سیاسی .

- بوونی هەڵبژاردنی ئازادو!!! بێ خەوش!!! کە بەشێوەی خولیساڵانە یان چوار ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت .

-فرەیی ساسی (فرەحزبی), بوونی دووپارت سیاسی یان زیاتر, کە کێبەرکێکیی یەکدی بکەن لەهەڵبژاردنەکاندا, بۆگەیشتن بەدەسەڵات .

-سەروەری یاسا, هەموان یەکسان بن لەبەرامبەر یاسادا, بەسەرۆکی دەوڵەتیشەوە, بەومانایەی کە سەرپێچی لەگەڵ هەرکەسێکدا بکرێت کە سەرپێچی یاسا دەکات .(65)

**لەبنەماکانی دیکەی :**

- دەستاو دەستکردنی دەسەڵات .

- بەشداری سیاسی, واتا هەمووکەس و لایەنێك مافی خۆپاڵوتنی هەبێت .

- ڕێزگرتنی لە ڕەئی زۆرینە .

دیموکراسیەت وەك نەزمێکی سیاسی, بانگەشەی فرەحزبی دەکات, لەحاڵێکدا کە گەل کەرت و پەرت دەکات و دەیانکاتە دووژمنی یەکدی . هەروەها جەخت لەسەر ڕەئی زۆرینە دەکاتەوەکە مەرج نیە ڕاست بێت, لەهەمانکات پێڕەوی لە قانون دەکات و شەریعەتی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە . دیموکراسیەت پڕوپاگەندەی ئازادی ڕەها دەکات گشت سنوورە ئەخلاقیەکان پێشێل دەکات کە لەلایەن ئایینەوە بونیات نراون . ئەمە جگەلەوەی کافرو موشریك و مولحیدو ئافرەتان بۆ سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێرێت, کە پێچەوانەی ئایینە .

---

(65) كشف عوار الليبراليين و الديمقراطيين و العلمانيين-ابي مالك الرياشي, احمد بن علي المثنى القفيلي-ل22-23 .

**ئامرازەكانی دیموكراسیەت :**

- كۆمەڵەكانی فشار, (ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی) .
- دامەزراوەكانی حكومەت .
- دەزگاكانی ڕاپرسی .
- دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن .

**كۆسپەكانی دیموكراسیەت :**

- بێئاگایی خەڵك لە كاری سیاسی (واتا زۆرینەی خەڵك) .
- بارودۆخی سەپێنراو .
- حیزبایەتی و میراتی و لاسایی كردنەوە .
- دەستنیشانكردن و سەپاندنی پاڵێوراوان .
- مەسرەفی هەڵبژاردن .
- پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن .
- ساختەكارییەكانی دەنگدان .
- دابەشبوونی دەنگەكان, واتا بەشدار نەبوونی خەڵك یان هاوسەنگی دەنگی حیزبەكان .
- ڕێژەی بەشداریكردن لەهەڵبژاردن .
- دەستنیشانكردنی سەركەوتوو و دابەشكردنی كورسیەكان .
- ئایا هەڵبژاردن یەكسانە بەدیموكراسی .
- كێشەی نوێنەرایەتی .
- كێشەی حوكمی كەمایەتی .(66)

**لەگەندەڵیەكانی دیموكراسیەت, ئەمانەن :**

- هەر حزبێك لاوازبوون نەمانی حزبەكانی دیكەی دەوێت .
- حزبەكان میللەت پەرتەوازەدەكەن .
- نیزامی دەستكەوتی شەڕە, كە حزب سەركەوت كوسیەكان دابەش دەكات .
- حزبەكان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەڵوێست وەردەگرن .
- لەپێناو سەركەوتن, حزبەكان درۆدەكەن لەگەڵ گەلدا .
- حزبەكان بەرنامەی خۆیان دەكەنە قوربانی دەستكەوتنی دەسەڵات, واتا مەبدەئیان دەگۆڕن .
-خەڵكانی خراپ دەگەن دەسەڵات لەم ڕێگایەوە .
- ئامێری سیاسی بەشێكی سەرەكی گەندەڵییە .

---

(66) ئەفسانەی دیموكراسی-فاضل قەرەداغی .

- قۆرخ کردنی کاری سیاسی .
- جیاوازی کەم لەنێوان حزبەکاندا .
- براوە لەحکومەت کاری حزبی دۆڕاوی پێش خۆی پوچ دەکاتەوە .
- دەوڵەتە بچوکەکان زیاتر لاواز دەکات .(67)

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دیموکراسیەت سیستمێکی سیاسی لاوازو پڕکەموکورتیە, گەر توانیبێتی گرفتێکی کۆمەڵگا چارەسەر بکات, ئەوا چەندین گرفت و قەیرانی دیکەی بۆ خولقاندووە . لەهەمانکات ئەم مەزمە سیاسیە باوەڕێکی خۆرئاواییەو دەرهاویشتەی قەیرانەکانی ئەو کۆمەڵگایانەیە . هەروەك لەفکیری ئەو مرۆڤانەشەوە سەرچاوەی گرتووە, وەك چارەسەرێك بۆ ڕەوشی سیاسیان .

**ئەزموونی دیموکراسی :**

*** ئەزمونی دیموکراسیەت لەکۆندا (یۆنان) :** لەیۆنانی کۆنداو بەتایبەت لەشاری ئەسینا, هاوڵاتیان بەسەر سێ گروپ یاخود سێ چینی کۆمەڵایەتیدا دابەش ببوون, کەلەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە, لەگەڵ یەکدی جودا جیاواز بوون . هەرگروپێك مافی تایبەتی چینەکەی خۆی هەبوو, ئەم مافانە لەهەندێ بواردا هاوبەش لەزۆرینەشیاندا لەگەڵ یەکتر جیاوازو دژیەك بوون . بۆنموونە, یەکسانی ئابووری نەبوو .(68)

دانیشتوانی ئەسینا یاخود هاوڵاتییە بنەڕەتیەکان, ئەم گروپانە بوون کە بەئەندامی بنەڕەتی شار دەژمێردران . مۆڵەتیان هەبوو لەتەواوی چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوورییەکانی شارەکەدا, بەشدارییەکی کارایان هەبێت . بۆنموونە بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان, کۆنگرەی گەورەی شار, بەرپرسیاریەتی لەکاروبارە دەوڵەتیەکان و سودمەندبوون لەتەواوی ماف و دەستکەوتەکانی ئەو سەردەمەی شاری ئەسینا . بێگومان کەسانی کەمتر لەتەمەنی (20-ساڵ) و ژنانی چینی بنەڕەتی شارەکە, مافی دەنگدان و داواکردنی کاروباری دەوڵەتیان نەبوو . هەروەك چۆن کە ئافرەتان لەزۆینەی وڵاتانی جیهانداو تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم مافی دەنگدانیان نەبوو .

**چینەکانی شاری ئەسینا :**

**- چیتی ئافرەتان :** ئافرەتانی ئاتینی ژیانێکی ئاسودەو سنورداری هەبوو, لەدامودەزگای دەوڵەتیدا دەورێکیان نەبوو, چاوەڕوانی ئەویان لێدەکرا ملکەچ و گوێڕایەڵی باوك و مێردەکانیان بن . ئافرەتەکان زۆربەی کاتەکانیان لەماڵەوە بەسەردەبرد بەزۆری, تەنیا لەکاتی جەژنە مەزهەبیەکان و بەمەبەستی بینینی شانۆ یان کڕینی کەلوپەلی تایبەت بەخۆیان, لەماڵەوە دەردەچون . کاتێك دەردەچون بۆ شوێنێکی گشتی, دەبوایە کۆیلە یان کەسێکی تری لەگەڵ بوایە .(69)

(67) ئەفسانەی دیموکراسی-فاضل قەرەداغی .
(68) یۆنانی کۆن-دان نارۆن-ل91-92 .
(69) ئاشنابوون بەدیموکراسی-د. عەباس عەلی سەحافیان-ل17 .

- **چینی غولام یاخود کۆیلە :** لەژێر دەسەڵاتی ئەرباب و خاوەن موڵکدا بوون و ماف و ڕێزێکی کۆمەڵایەتی کەمتریان هەبوو . هەرشتێ ئەرباب و خاوەن موڵك فەرمانی بدایە, پێویست بوو, بێ چەندوچوون ئەنجامی بدایەو مافی ڕادەربڕینیشی نەبوو . لەکاتێکدا ئەمڕۆ چینی کۆیلە نەماوە, وەلێ کرێکاری ڕۆژانە کەلە زۆربەی وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا و تەنانەت لەکۆتایی سەدەی بیستەمیشدا, ماف و داهاتێکی کەمتریان هەیە . هیچ جۆرە یەکێتی یاخود سەندیکایەك پشتیوانیان لێناکات لەبەرامبەر خاوەن کارو حکومەتدا .

- **چینی دەرەکی یان بیانیەکان :** بەسەرنجدان لەهەلومەرج و پێگەی ئەو ڕۆژەی شاری ئەسینا کە ناوەندی کڕین و فرۆشتنی بازرگانی بووەو ژمارەشیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی, زۆرو بەرچاو بوون . ئەم چینە ئازادی کۆمەڵایەتی تەواویان هەبوو, وەلێ لەڕووی مافە سیاسیەکانەوە یەکسان نەبوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەسینادا . هەرگیز بەرپرسیاریەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان پێ نەدەسپێردرا . بەهەمان شێوەی ئەمێستا کەلە وڵاتە جۆر بەجۆرەکاندا, سنورداری بۆ هاوڵاتیانی دەرەکی هەیە .(70)

بەشێوەیەکی گشتی دیموکراسیەتی یۆنانی لەسەر چینایەتی وەستابوو, حکومەت تایبەت بوو بەچینی ئاغاو خاوەن موڵکەکان . باقی هاوڵاتیان نۆکەرو خزمەتکاری خاوەن موڵکە دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواکان بوون . واتا ئەو دیموکراسیەی یۆنان تەنها بۆ چینێکی خەڵکی یۆنانی بوو . کە ئەویش چینی سامانداروو دەسەڵاتداران بوون . خاوەنی هەموو ئیمتیازو بەربژێرییەك بوون . ئەم چینە خاوەنی زەوی و زارو کۆیلە و سامان و دارایی فرە بوون, بەم هۆیەوە توانیبویان دەسەڵاتی سیاسی بۆخۆیان پاوان بکەن, لێرەشەوە بڕیارەکان لەبەرژەوەندی خۆیان یەکلایی بکەنەوە . هەروەك مافە ئابووریەکانیان قۆرخ کردبوو, لەگەڵ پلەو پایە کۆمەڵایەتیەکاندا . ئەم ڕاستیانە ئەوە بەیاندەکەن کە دیموکراسی یۆنانی, حوکمی هەموو گەل نەبووە, بەڵکو حوکمی نوخبەی سامانداروو خاوەن موڵك بووە . لەدیموراسیەتی نوێشدا, هەمان شتە وەلێ بەجۆرێکی دیکە .

*** ئەزموونی دیموکراسیەتی نوێ (سەرمایەداری) :**

دیموکراسیەتی نوێ یاخود دیموکراسیەتی سەرمایەداری, لەپاش شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵدا, ئەوەش لەپاش داڕماندی دەسەڵاتی پاشایەتی . گەلانی خۆرئاوایی چاوەڕوانیان دەکرد کە بۆخۆیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و حوکمی خۆیان بکەن, وەلێ چینی بۆرژوازی, توانیان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و گەل بەویستی خۆیان ئاڕاستە بکەن .

سەرمایەداران بەهۆی سامانەکەیانەوە, توانیان کار لە بیروڕای گەل بکەن و ئاڕاستەیان بکەن بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان . بەمشێوەیە ئەو کەمینە سامانداره تەواوی چین توێژە جیاجیاکانی گەلیان خستە خزمەت پرۆژەکانی خۆیانەوە, ئافرەتانیش یەکێك بوون لەو چینانەی کۆمەڵگا کە بوونە قوربانی مەبەست و مەرامەکانی سەرمایەداران . لەڕووی پایەو نرخی ئافرەتەوە, زیاتر وەك کاڵایەك بەکاردەهێنران, پەرلەمانی ئینگلیز بڕیارێکی دەرکردو تیایدا لە ئافرەت قەدەغەکرا کە ئینجیل بخوێنن, لەبەر "بێنرخی ئافرەت",

---

(70) ئاشنابوون بەدیموکراسی-د. عەباس عەلی سەحافیان-ل17-18 .

تا لەساڵی 1805ز بۆ هەرکەسێك لەبریتانیا هەبوو کڕین و فرۆشتن بە ئافرەتەوە بکات, هەرچەندە لەسیستمی سەرمایەداری بازاڕ ئازادە, بەڵام بۆ ئافرەت نرخ دیاریکرابوو, نەدەبو لە "6 سەنت" زیاتر بفرۆشرێت, تا لەساڵی 1850ز, ئافرەتان بەهاوڵاتی هەژمارکران .(71) هەروەك لەپاشترو بەنێوی ماف و چالکی سیاسیەوە, سەرمایەداران داوایانکرد ئافرەتان بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردن بکەن, ئەوەبوو لە ئینگلیترا, ژنان لە ساڵی 1918ز و لە ئەمریکا لە ساڵی 1920ز و لە فەرەنسا و بەلجیکا و سویسرا, ژنان لەدوای جەنگی جیهانی دووەم مافی دەنگدانیان پێدرا . لە ساڵی 1960ز ڕەشپێستەکان و ئەوانی باشوری ئەفریقیا لە ساڵی 1990ز مافی دەنگدانیان درایە .(72)

ئەمڕۆ قبوڵکردنی ژنان لەهەموو کارە پیشەییەکان و لەهەموو جێیەك لەگەشەسەندندایە, کۆمەڵگای بۆرژوازی بەرزترین شارەزایی هەیە لەیاسای بەدەستهێنانی قازانج دا . لێرەشەوە ژنان بوون بەبابەتێك بۆ وەبەهێنانی هەرچی زیاتر, لەبەرئەوەی لەچاو پیاواندا گوێڕایەڵترو ئاسانتر ملکەچی هەلومەرجی کارو پێوەندی بەهەمهێنان دەبن .(73) هەر لەم پێناوەشدا بو سەرمایەداران ئافرەتانیان هێنایە نێو مەیدانی سیاسەت و کاروبارەکانی دی, تاوەکو بەهۆی هێزی کاری ئافرەتانەوە, نرخی کرێی کار دابەزێنن و بەهەمهێنان بەهۆی هێزی کاری هەرزانی ئافرەتانەوە, زیادبکەن, تاوەکو ڕێژەی قازانجی سەرمایەکانیان بەرزبوونەوەی بەخۆوە ببینێت .

سەرمایەداران بەهۆی سەرمایەو داودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە, عەقڵی هاوڵاتیانیان خستە ژێر هەژموونی بیروبۆچوونەکانی خۆیانەوە . بەبەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی, ڕەشەکە لەبارتربوو بۆ سەرمایەداران, چوون توانیان بەهۆی دامەزراوەی پیشەسازییە وەبەهێنە نوێیەکانەوە, ئاستی سامان و دارایی خۆیان بەرنە سەرو زیاتر بوونی خۆیان لە نێوەندە گرنگ و ستراتیژیەکانی دەوڵەتدا بسەپێنن . بەمشێوەیە و لەگەڵ هەرچی زیاتری بەرەوپێشچوونی زانست و پێشکەوتنی داهێنراوە زانستیەکاندا, ئەو کەمینە ساماندارە هێز دەسەڵاتیان ڕووی لە پەرەسەندنی فرەتر دەکرد . لەهەمانکات گەل, واتا زۆرینەی هاوڵاتیان, ماف و ئازادیەکانی خۆیان زیاتر لەدەست دەداو پتر دەکەوتنە ژێر ڕکێفی سەرمایەدارانەوە . ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش لەوبوارەدا نکولی لێناکرێت لەو ڕۆڵە خراپەی دەیبینی لە چەواشەکردنی هاوڵاتیان, هەروەك لەزەمەنی ئێستاش زیاتر لە جاران ڕۆڵ دەبینن بەتایبەت لە یەکلایی کردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان . لەڕێگای پڕوپاگەندەی بەردەوامی چەواشەکارانەی پڕلە ساختەوە, چارەنوسی گەل بەئاڕاستەیەکی دیکەدا دەبەن بەوجۆرەی کە سەرمایەدان مەبەستیان .

لەهەندێ وڵاتدا, بەڵکو لەزۆرینەی وڵاتانی جیهاندا, ئەگەر هاوڵاتیەك سەرمایەیەکی فرەی هەبێت, دەتوانێت کەناڵی تەلەفزیۆنی, پێنج یان دە وێستگەی ڕادیۆو ڕۆژنامەو بکڕێت . بەیارمەتی ئەم وێستگەو کەناڵانە قسەی خۆی بکات,

---

(71) ئافرەت لەڕوانگەی عەلمانی و ئاینیەوە-مەسعود عبدالخالق-ل97 .

(72) عەلمانیەت و کاریگەریەکانی-جمال پیرە .

(73) سۆسیالیزم و پرسی ژن-کۆمەڵێك نووسەر .

تاوەکو بەرخۆران-بینەران وبیسەران و خوێنەران بەجۆرە بیربکەنەوە کە ئەومەبەستیەتی .(74) واتـا دەتوانێـت لەرێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بیروۆچوونی هاوڵاتیان بگۆرێت و ئاراستەیان بکات ڕووەو ئـەو هەڵوێسـتەی کە لەبەرژەوەندی خۆیەتی .

## کاری ڕاگەیاندن

وەزیفەی میدیا بەگشتی بریتیە لە :

- ڕامکردنی خەڵکی و ڕاهێنانیان لەسەر کۆمەڵێك دیدو بۆچون و ئەجێندا .
- کوشتنی هەر نارەزاییەك کە دەشێ لەناویاندا سەرهەڵبدات .
- ڕازیکردنیان بەواقیعی حاڵ .
- کۆنترۆڵکردنی خەڵکی لەڕووی عەقڵی و ویژدانیەوە .
- شێواندنی واقیع و ڕاستەکان .(75) هەڵبەت لەسیتمی دیموراسی سـەرمایەداریدا ئەمـە دەبێـت کـاری ڕاگەیاندن, وەگەرنا ڕاگەیاندنی ڕاست و دروست و دلسۆزی گەل دوورە لەم کردەوانە .

زۆرجار لەڕومالکردن و باوەرکردن بەدۆگمای گەیاندنی (ڕاستیەکان) بەجـەماوەر, ڕۆژنانـەنوس لـەناوهێنان و باسکردنی دریاردەو کێشەکاندا دەکەوێتە ڕوشاندن و زراندنی نێوبانگ و کەسێتی نێوبابەتە ڕۆژنامەوانیەکـە, واتا لەکەدارکردن بەهۆی باسکردن و ڕومالکردنەوە کە قسە لەحورمەت و پێگەی (کەسێتی نێو بابەتەکە) ی پتر دەکات .(76) بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە سەرمایەداران دەتوانن ئاراستەی دیموکراسی بگۆڕن و لەبری خەڵك بۆخۆیان بڕیاردەن . واتا ئەو کەسانە بگەیەننە دەسەڵات و ناوەندەکانی بڕیاردانی دەوڵەت کە بەخواستی ئـەوان و لەبەرژەوەنـدی سـەرمایەداران کاردەکـەن و بڕیـاردەدەن . هەرئـەم ڕاگەیاندنانـەش دیموکراسیـەتیان لەحوکمی گەلەوە گۆڕی بۆ حوکمی سەرمایەداران . کاریگەری میـدیاکان ئـالێرەوە بـەڕوونی بەدیاردەکـەوێت لەسەر کۆمەڵگاو تاکەکانی, لەچۆنیەتی کاریگەی دانان لەسەر بۆچون بڕیارەکان . بۆیە هەمووماں پێمانوایە بەتیا بڕیار بۆخۆمان دەدەین, بەڵام ئەگەر سەرجەم میدیا گرنگەکان لەبەیانیەوە تاشەو و هەروەها ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەواڵێکی تایبەت بەگوێمانـدا بچـپێنن, ئازادییـەکی ئـەوتۆمان بـۆ یـەکلایی کردنـەوەی هەڵوێسـت و بڕیارەکانمان بـۆ نامێنێتـەوە . هـەروەك دەزانـین میـدیا گشـتیەکان ئـەمڕۆ لەهـەموو شـوێنێکدا ئامـادەن (چاپەمەنیەکان, ڕادیۆو بەتایبەت تەلەفزیۆن), لەوڕووەوە . کە هەوێنی بڕیارەکانی ئێمە هەمان ئەو هـەواڵ و زانیاریانەیە کە پێمان دەگات بـەگریمانکردنی ئـەوەی کـە ئـەم هـەواڵ و زانیاریانـە ڕاسـتن . لـەم حاڵەشـدا هەڵبژاردن بەرەو ئەنجامێکی دیاریکراومان دەبات .(77)

یەکێك لـە بیرمەنـدەکانی ئـەمریکا دەڵێـت, دیموکراسـیەت لەئـەمریکا درۆیـەکی گەورەیـە, چـوون تـەنها دەوڵەمەندو چینەبەرزەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە . دەوڵەمەندەکان خاوەنی مافە سیاسی و مەدەنیەکانن,

---

(74) ڕۆحی ڕۆشنگەری-تیزڤیتان تۆدۆرۆف-ل53 .

(75) ئیرهاب ... دیموکراسی ... پرۆپاگەندەو ڕای گشتی-نعۆم چۆمسکی-ل28 .

(76) ژانی دیموکراسی-نەوزاد جەمال-ل154 .

(77) ڕۆحی ڕۆشنگەری-تیزڤیتان تۆدۆرۆف-ل53 .

هەژارەکان و چەوساوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەهەردوو حزبە سەرەکیەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دیموکرات و کۆماری), کەسێك شك نابەن گرنگی بەداواکاری و پێداویستیەکانیان بدات, یاخود هاوبەشی مەینەتیەکانیان بێت و هەڵی گۆڕینی واقیعە کارەسات ئامێزەکەیان بدات .(78)

لەڕاستی دا ئەو دیموکراسیەتەی ئەمڕۆی خۆرئاوا, دیموکراسیەتی سەرمایەدارانە, ئاشکرایە سەرمایەدارانی خۆرئاواش بەشی زۆریان لەجولەکەن .ئەم سەرمایەدارە جوانەش بەهۆی سەروسامانی بێشوماریانەوە, توانیویانە دەستبگرن بەسەر بەشی فرەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندی بینراو و بیستراو و نوسراوی خۆرئاوادا .

بەم هۆیەوە کار لەڕای گشتی گەلانی وڵاتانی خۆرئاوایی دەکەن و ئەنجامی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە . ئەمەش وایکردووە کە هەمیشە لۆبی زایۆنی لەناوەندەکانی بڕیاری وڵاتانی خۆرئاوایی دا, زۆر کاراو بەهێزبێت .

بۆوەدیهێنانیئەم مەرامەیان, جولەکەکانی خۆرئاوا زۆر لەمێژبوو کاریان بۆ دەستبەسەرداگرتنی دوو دامەزراوەی گرنگی خۆرئاواییەکان کردبوو, کە ئەوانیش بریتین لە دامەزراوەکانی دارایی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن . لێرەوە کەسایەتیە جووەکان توانیان دەستبەسەر بانکەکان و ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانی خۆرئاوادا بگرن و بۆخۆیان و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاراستەیان بکەن و بەهۆیانەوە بیروڕای گەلانی خۆرئاوای پێ بگۆڕن و رووەو ئەو ئامانجەی بەرن کە مەبەستیانە . بەم شێوەیە جولەکە دەستیانگرت بەسەر هۆڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا . ڕۆژنامەی (تایمس) کە گرنگترین و بڵاوترین ڕۆژنامەیە, جولەکە لەساڵی 1788ز داو لەبەریتانیا دایانمەزراند, تائێستاش بەردەوامە .(79) لە ئەمریکا زیاتر لە (220) گۆڤارو ڕۆژنامەیان لەژێردەستدایەو لەفەرەنساشدا زیاتر لە (36) ڕۆژنامە دەردەکەن , هەروەها لە ئامارێکدا دەرکەوت کە زیاتر لە (819) گۆڤارو ڕۆژنامە بەچەندەها زمان لەجیهاندا دەردەکەن .(80) هەروەك کارگەکانی بەهەمهێنانی فیلم لەجیهانداو هەرلەکۆنەوە بەدەست جولەکەوەن, لەوانیش وەك کارگەی (الخوان وارنر) کە هەر لە ئەمریکادا خاوەنی (350) شانۆو (35) وەکالەتی فیلمیان هەیە لەجیهاندا . هەروەك کارگەی (لویس المساهمە) کە خاوەنی زیاتر لە (227) ملیۆن دۆلارە, کارگەی (کۆلۆمبیا)ش بەهەمانشێوە کە خاوەنی زیاتر لە (39) ملیۆن دۆلارە, لەهەمانکات دەسەڵاتی تەواویان بەسەر تۆڕی تەلەفزیۆنی ئەمریکی (A.B.C/N.B.C/C.BS) .(81)

## دەرەنجامی دیموکراسی :

خۆرئاوای ئەمڕۆ, بۆنە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری . کەمینەیەکی ساماندار توانیویەتی بەهۆی قودرەتی دارایی خۆیەوە قۆرخی تەواوی کارگەو کۆمپانیاو بەڵکو دامەزراوە دەوڵەتیەکانیش بکات . لەپێناو خزمەتکردن بە بەرژەوەندیە ئابووریەکانی و بۆ ڕەواج دان بە بازاڕی کاری خۆی,

(78) ئایا ئەمەیکا وەکو یەکێتی سۆڤیەت هەرەس دێنێت ؟؟!-ممدوح الزوبی-ل5-6 .

(79) فەرهەنگی بانگخوازان-عوسمان ڕەشید-ل266-267 .

(80) فەرهەنگی بانگخوازان-عوسمان ڕەشید-ل266-267 .

(81) فەرهەنگی بانگخوازان-عوسمان ڕەشید-ل266-267 .

ئەم نوخبە سەرمایەدارە دەستی گرت بەسەر دامەزراوەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراودا, تا بە هۆیەوە بتوانن بازاڕ ئاراستە بکەن . واتا بەهۆی پڕوپاگەندەوە کاڵاکانیان بکەن پێداویستی لای هاوڵاتیان و ناچاریان بکەن بیکڕن, ئەمەش لەڕێگای کاریگەری دانان لەسەر بیروبۆچوونەکانیان . لەپاشترو بۆدەستکەوتنی قازانجی زیاتر, سەرمایەداران مەیدانی کاروچالاکیەکانیان لەکایەی ئابووری بازاڕەوە گواستەوە بۆنێو کایەی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیاری دەوڵەت . تاوەکو ئەمجار دەوڵەت و کۆمەڵگا بەگشتی بخەنە خزمەت پڕۆژە ئابوورییەکانیانەوە .

سەرمایەداران تونیان بەدارایییە زۆرو زەوەندەکەیان, کۆمەکی هەرپارتێك یان هەر پاڵوراوێك بکەن لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا . هەروەها بەهۆی کەناڵ و دامەزراوە ئیعلامیەکانیانی خۆیانەوە پڕوپاگەندەی بەرفراوانی بۆبکەن و چەندین ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بۆ بەگەربخەن . تاوەکو پاڵوراوەکە لەپێش چاوی جەماوەر بکەن پاڵەوان و سیاسی و شارەزا و خەبیرو هەرچشتێکی دی کە خۆیان خواستی بکەن . بەم شێوەیە گەل لەژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنگەکانیان دەدەن و نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن, کەلەڕاستیدا نوێنەری سەرمایەدارانە .
خۆرئاوای ئەمڕۆ بانگەشەی دیموکراسیەت دەکات, وەك ئەوەی حوکمی گەل بێت . هەروەك بانگەشەی ئەوەدەکات گوایا لەدیموکراسیەتدا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن ! و هەرهاوڵاتیەك دەتوانێت خۆی کاندید بکات بۆهەر پلەوپایەو پۆستێك کە مەبەستیەتی . وەلێ ئەمە ساختەکاریەکی دیکەی ئەم سیستمە سەرمایەدارییەیە, چوون لای هەموان ڕوونە کە هەرگیز لەپرۆسەی هەڵبژاردندا هاوڵاتیەکی هەژار کەخۆی کاندید دەکات بۆ پۆستێکی دەوڵەت, یەکسان نابێت بەکاندیدێکی سەرمایەدار کە ملایین دۆلاری لەبەردەستدایە بۆ پڕوپاگەندەکردن و چەندین کەناڵ و ڕۆژنامەو دەزگای زەبەلاحی ڕاگەیاندن, پڕوپاگەندەی بۆدەکەن . چوون ئاشکرایە کە دیسان ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن هەر لەبەرژەوەندی سەرمایەدارانە, بەم هۆیەوەیە کەلەم دیموکراسیەی ئەمڕۆی خۆرئاوادا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن و پڕوپاگەندەی یەکانی هەموو هاوڵاتیان دەکەن . چوون سەرمایەداران دەزانن ئەنجامی ئەم یەکسانیە بەکوێ دەگات و کێ براوەی هەڵبژاردنەکان دەبێت .

## کۆتایی :
مێژوو شاهیدە کە نەلە سەردەمی کۆنی یۆنانیداو نەلە سەردەمی نوێی خۆرئاوای ئەمڕۆدا, دیموکراسیەت حوکمی گەل نبووە . بەڵکو هەمیشەو هەردەم حوکمی کەمینەیەکی ساماندارو دەستڕۆیشتوو بووە . کە بۆخۆیان و بەزەبری دارایی و هێز, دەستیانگرتووە بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتداو پاشان بەنێوی گەلەوە حوکمی وڵاتیان کردووە .
لەدیموکراسیەکەی یۆناندا, ئاغاو دەرەبەگ و خاوەن کۆیلەکان حوکمیان کردووەو بۆخۆیان و بەپێی بەرژەوەندیان بڕیارەکانیان یەکلایی کردۆتەوە و هاوڵاتیانیش جگەلە ملکەچی هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبووە .
لەدیموکراسیەتی ئەمڕۆی خۆرئاواش دا ڕاگەیاندنەکانی سەرمایەداران گەل فریودەدەن و ئەو پاڵێوراوەی مەبەستیانە لەپێش چاوانی جەماوەر شیرینی دەکەن و دەیکەنە ئەفسانەی خەونەکانیان, بەم شێوەیە قەناعەت

بەهاوڵاتیان دەکەن کە دەنگی بدەنێ و پەسەندی بکەن, پاشـان هەرلەگـەڵ هەڵبـژاردنی و کۆتـایی پێهـاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن, ئیدی هیچ نرخێك بۆ ویستی گەل دانانرێـت . واتـا گـەر هاوڵاتیـان لەپاشـتر بۆچـونیان لەهەمبەر ئەو سەرکردەیەو بڕیارو کاروکردەوەکانی بگۆڕێت, ئەوا هیچ چارەیەکیان نیە, بەڵکو دەبێت تـاوەکو چوارساڵی دی یاخود پێنج ساڵی دیکە چـاوەڕوانی بکـەن و تـاوەکو هەڵبـژاردنێکی دیکـە ئـەنجام بدرێتـەوە, ئەوکات دەتوانن لای بەرن لەدەسەڵات . هەڵبەت ئەگەر نەبێتە دیکتاتۆر . وەلـێ ئـەوی دیکـەش کـە هـەڵی دەبژێرنەوە, دیسان هەر لەلایەن سەرمایەدارانەوە بۆیان پێشنیارکراوەتەوە . واتا هەمان ڕەوش دووبارەو چەندین بارەدەبێتەوە . ئیدی دەبێت گەل لەنێو ئەو بانەیەداو بۆخۆی خولبدات .

حەقیقەتی ئەم کەمووکورتیانەی دیموکراسـیەتیش لەئـەزموونی هەڵبژاردنـەکانی ئـەمریکاو بـەریتانیاو زۆر وڵاتی دیکەی جیهانەوە دەردەکەوێت . کە لـەو وڵاتانـەدا دوو پـارتی گـەورە بەپاڵپشـتی سـەرمایەداران, بـۆ هەمیشـە دەسـتیان بەسـەر دەوڵەتـدا گرتـووە . لەهەڵبژاردنـەکانیش دا تـەنها دەسـەڵات لەگـەڵ یەکـدی ئاڵوگۆڕدەکەن . واتا هیچ پارت و پاڵێوراوێکی دی توانای کێبڕکێکردنی ئـەم سـەرمایەدارانەی نیـەو بۆتـەنها جارێکیش کەس نەیتوانیەوەدەسەڵاتیان لێوەربگرێت .

لە وڵاتانی دیکـەی جیهـان و لـەوانیش دەوڵـەتانی ئاسـیاو ئـەفریقیاو ئـەمریکای باشـوری, ئـەوە تـەزویرو ساختەکاری براوەی هەڵبژاردنەکانە . واتا کێ خاوەنی هێزو دەسەڵات بێت و دەوڵەت و دامـەزراوە سـەربازی و ئابووریەکانی وڵاتی بەدەستەوە بێت, ئەوا هەمیشە ئەو کەس و لایەن و پارتە بـراوەی پرۆسـەی هەڵبـژاردن و دیموکراسیەت دەبێت . هەربۆیە لە دیموکراسیەتی خۆرئاوادا سەرمایەداران براوەن, وە لەدیموکراسیەتی ئاسـیاو ئەفریقیاو ئەمریکای باشوریش دا, دەسەڵاداران براوەن . میللەتیش تەها چەپڵەلێدان و ملکەچی بۆدەمێنێتەوە .

لێرەوەو بەتێگەیشتن لەم ڕاستیانە دەتوانین بڵێین کـە دیموکراسـیەت دروشمێکـە بـۆ فریـودان, ئامرازێکـە بـۆ دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا, خەونێکە کە نابێتە واقیع, سەرابێکە و گەل هەرگیز پێی دەستی پێـی ڕاناگـات . بەڵێ دیموکراسیەت وەك زاراوە مانای حوکمی گەلە, بەڵام مێژووی کۆن و نوێ و واقیعی حاڵ دەڵێـت حـوکمی غەیری گەلو و ئەزموونەکانی ڕابردوو ئێستاش دەیسەلمێنن .

## بەشی دووەم

## شورا

**ناساندنی شورا :**

**شورا : ئامرازێکی ئیسلامیە, ئامانج لێی کۆکردنەوەی دەنگی موسڵمان و یەکخستنی ئوممەتی ئیسلامییە, لەپێناو تێپەڕاندنی ناکۆکی و جیاوازیەکانی نێوان کۆمەڵ و گروپەکانی نێوان موسڵمانان, ئەمەش لەسەر بنەمای دەقی قورئانی پیرۆز .(82) و سوننەتی پێغەمبەر (ص) دامەزراوە .**

**چەمکی شورا : شورا چەمکێکی ئیسلامی ڕەسەنەو بەمانای ڕاوێژ دێت, بانگەشەیەکی ڕاستگۆیانەو ڕاشکاوانەیە لەپێناو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا, بەمەبەستی سوودوەرگرتن لەبیروبۆچوونە جیاوازەکانی ئوممەت, بەئامانجی گەیشتن بەهەڵوێست و بڕیارێکی دروست, بەجۆرێك کە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی ئایینی ئیسلامدا بگونجێت, لەهەمانکات هەموان هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەن لەهەمبەر ئەو بڕیارەدا .(83)**

**زاوەی شورا, مانای داواکردنی ڕاوێژە لەکەسانی شیاو, لەهەمانکات هەڵسەنگاندنی بیروڕا جیاوازەکانە لەپێناو گەیشتن بە بڕیاری گونجاو .(84)**

**شورا لەڕووی زمانەوانیەوە : بەواتای ئاڵوێرکردنی تێڕوانینەکان و بەراوردکردنی ئەو بیرو بۆچوونە جیاوازەکانەیە, کە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو خراونەتە ڕوو, ئەمەش لەپێناو گەیشتن بەباشترین بڕیار .(85)**

**ڕێبازی شورا : ڕێبازێکی گرنگ و کارای سیستمی سیاسی ئیسلامیە, کە لەچەندین دەقی قورئای پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبر (ص) باسی لێوەکراوەو وەك سوننەتێکی ژیانی موسڵمانان, بایەخی پێدراوە . لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوەو لەزەمەنی ڕاگەیاندنی دەوڵەت شاری مەدینەوەو پاشتریش لەماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا, پیڕەوی لێکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری موسڵمانان و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی .**

---

(82) الشورى في ادارة المجتمع المسلم و سياسة-محمد مكي عثمان ازرق-ل28 .

(83) مفهوم الشورى في الاسلام-محمد خالد عمر-ل172 .

(84) الشورى في الشريعة الاسلامية-القاضي حسين بن محمد المهدي-ل28 .

(85) التجديد في الفكر الاسلامي-عدنان محمد امامة-ل77 .

**دەرکەوتنی چەمکی شورا لەنێو موسڵمان :**

**لەپاش کۆچی موسڵمانە یەکەمینەکان بۆ شاری مەدینەی مونەوەرە بەپێشەوایەتی پێغەمبەر (ص)، یەکەمین ئەزموونی دەوڵەتی ئیسلامی لەشکڵێکی سەرەتایی و لەسنووری ئەوشارەدا، بەرپاکرا . تیایدا خودی پێغەمبەر (ص) سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتشارە ئیسلامیەی دەکرد، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی سروش-وەحی-خودایی . واتا بەپێی ڕێنمایی و بڕیارو حوکمەکانی قورئانی پیرۆز . کە تیایدا خودای گەورە فەرمان دەکات بەپێغەمبەر کە لەکاروبارەکانی دا ڕاوێژو مەشورەت بەهاوەڵانی بکات، وەك دەفەرمێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) .(86)، واتا (لەتەواوی کارە ستراتیژیەکاندا پرس و ڕاو مەشۆرەت و ڕاوێژیان پێ بکە) .(87)**

**خودای گەورە لەسورەتی شورادا، وەسفی موسڵمانان دەکات بەوەی کە کەسانێکن کاروبارەکانیان بەڕاوێژ ئەنجام دەدەن، هەروەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت (وَأَمْرُهُمْ شُورَى) .(88) واتا (کاروباریان لەنێوان خۆیاندا بەمەشۆرەت و پرس و ڕاوێژ بوو، واتە هەر شتێ بێتە پێشێ ئەوان بەخێرایی مەشۆرەتی بۆدەکەن و لێی دەکۆڵنەوە، ئەوسا بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدەن) .(89)**

**شورا لەزەمەنی دەوڵەتی پێغەمبەردا (ص) :**

**پێغەمبەر محمد (ص) لەماوەی ئەزموونی خۆی پێغەمبەرایەتی خۆی، هەروەها لەماوەی ژیانی لەنێو موسڵمانان وەك بانگخوازو سەرکردەو جەنگاوەر، لەزۆرێك لەکاروبارەکانیدا ڕاوێژی بەهاوەڵانی کردووە، لەنموونەی ئەو کاروبارانەی کە پێغەمبەر (ص) ڕاوێژی لەسەرکردوون و ڕای هاوەڵانی لەسەر وەرگرتوون، بریتین لە :**

- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای بەدر .**
- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای ئەحزاب .**
- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای ئوحد .**
- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای تەبوك .** (90)
- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی ڕێککەوتنی حودەیبیە .**
- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای فەتحی مەککە .**(91)
- **پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای حونەیین .**(92)

---

(86) القران الكريم- سورة ال عمران0الاية-159 .
(87) تەفسیری ڕامان-احمد کاکە محمود .
(88) القران الكريم- سورة الشورى-الاية-38 .
(89) تەفسیری ڕامان-احمد کاکە محمود .
(90) الشورى فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل20-62 .
(91) حقيقة الشورى في الاسلام-محمد امان بن علي الجامي-ل42-43 .
(92) الشورى في الشريعة الاسلامية-القاضي حسن بن محمد المهدي-ل171-176

لەزەمەنی خیلافەتی ڕاشیدین و لەماوەی ئەزموونی چوار خەلیفەکەی ڕاشیدیندا, هەریەکەلە (خەلیفە ئەبوبەکری سدیق, خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب, خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان, خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب) .(ر.ض), گرنگیان بەشورا داوەو لەسەر هەمان شێوازی پێغەمبەرو بەپێی قورئان و سوننەت, پێڕەویان لە شورای ئیسلامی کردووە . لەپێناو ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئوممەتی ئیسلامی و دەوڵەتی خیلافەت, پرس و ڕاویژیان بە موسڵمانان کردووە .

## شورا لەدەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین دا :

* **خەلیفە ئەبوبەکری سدیق,** لەماوەی ئەزموونی فەرمانڕەوایی خۆی, چەندین جار پرس و ڕاویژی بە موسڵمان کردووە . لەنموونەی ئەو کاروبارانەی کە ڕاوێژی لەسەر کردوون, بریتین لە :

- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی جەنگی مورتەدەکان و زەکات نەدەران .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی دادوەری .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی جیهاندکردن .(93)

* **خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب,** لەسەر هەمان سوننەتی پێغەمبەر (ص), پاشان لەسەر ڕێبازی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق, کاری بەشورا کردووەو لەکاروباری ئوممەتی ئیسلامی و دەوڵەتی خیلافەتدا, پرس و ڕای بە موسڵمان کردووە . لەو بوارانەشی کە خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب مەشۆرەتی لەسەر کردووە, بریتین لە :

- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی زەوی خەراج .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی دیاریکردنی سەرەتای ساڵنامەی کۆچی .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی کاربەدەستان .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی دانانی دیوانەکان .(94)

* **خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان :** بەپێی پێغەمبەر (ص) و لەسەر هەمان ڕێبازی هەردوو خەلیفەی پێش خۆی, بەردەوام بووەو کاری بەشورای ئیسلامی کردووە . لەنموونەی ئەو کاروبارانەی کە ڕاوێژی لەسەرکردووە و پرس وڕای بە هاوەڵان کردووە, بریتین لە :

- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی فەتحی ئەفریقیا .
- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان دەربارەی ڕوداوی فیتنەکان .
- گفتوگۆو ڕاوێژکردن لەگەڵ نەیارانی دەسەڵاتەکەی .

---

(93) الشورى فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل51-57 .
(94) الشورى فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل63-76 .

- پرس و ڕاویژکردن بە هاوەڵان و موسڵمانان دەربارەی هەڵبژاردن ولادانی کاربەدەستان .(95)

※ **خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تالیب**، وەك دواخەلیفەی ڕاشیدین، پابەندبووە بەشورای ئیسلامیەوەو هەر لەگەڵ یەکەمین ساتی دیاریکردنی وەك خەلیفەیی موسڵمانان، جەختی لەسەر شوراکردەوەو پیداگری لەسەرئەوەکردەوە کە بەبێ ڕەزامەندی موسڵمانان، پایەی خیلافەت لەئەستۆ ناگرێت، بۆیە لەمزگەوت کۆبوونەوەی بەموسڵمانان کردوو لەپاش ڕەزامەندی هەموان، ئەوکات پایەی خیلافەتی وەرگرت .(96)

ئەم ڕاستیانە دەیسەلمێنن کە شورا، یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئایینی ئیسلام و لەماوەی هەزارو چوارسەد ساڵی ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیدا، موسڵمانان پێڕەوییان لێکردووە لەتەواوی کاروبارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها سەربازییەکان و .... هتد، دا .

**بنەماکانی شورای ئیسلامی :**

شورای ئیسلامی لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت دامەزراوەو مەودای پرس و ڕاوێژو مەشوەرەت، لەچوارچێوەی قورئان و سوننەت و بەپێی حوکمی شەریعەتی ئیسلامی دەبێت . بەمانایەکی دی، هەر کاروبارێك شەریعەتی ئیسلامی بڕیاری لەسەردابێت و کۆتایی پێهێنابێت، ئەوا شورا مافی ئەوەی نیە گفتوگۆی لەسەر بکات و حوکمی قورئان و سوننەت بگۆڕێت . واتا لەشورای ئیسلامیدا، بڕیاری یەکەم بۆ خودای گەورەیە کە لەقورئانی پیرۆزەوە وەردەگیرێت . پاشان بۆ پێغەمبەرە (ص) کە لەفەرموودە پیرۆزەکانیەوە وەردەگیرێت، دواتر بۆ زانایانی ئوممەتی ئیسلامیە کە لەسەر بنەمای ئیجتیهاد و بەپشتبەستن قورئان و سوننەت، ئەو ئیجتیهادە دەکرێت .

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شورای ئیسلامی لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە، کەبریتین لە :**

**أ- حاکمیەتی خودای گەورە، لەسەر بنەمای پێڕەوی کردن لەقورئانی پیرۆز .**

**ب- گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر (ص) لەسەر بنەمای پێڕەوی کردن لە فەرمودە پیرۆزەکانی .**

**ج- فەتوای زانایانی ئوممەت، کە لەسەر بنەمای ئیجتیهاد دامەزراوە، بەپێی قورئان و سوننەت .**

شورای ئیسلامی لەسەر ئەم سێ بنەمایە دامەزراوەو هیچ بڕیارو پێشنیارێکی ئەنجومەنی شورا، لەسنوری قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی زانایان، تێناپەڕێت . مەگەر کاروبارێك کە قورئان و سوننەت لێی بێدەنگ بووبن و هیچیان لەبارەوە نەگوتبێت . هەرکام لەم سێ بنەمایەش پشت بە دەقورئان و سوننەت دەبەستن . لێرەداو بەپێی دەقی قورئان و سوننەت، شرۆڤەیان دەکەین هەریەکە لەو سێ بنەمایە ڕووندەگەینەوە .

---

(95) الشورى فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل95-103 .

(96) الشورى فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل115-116 .

**شرۆڤەکردنی سێ بنەماکەی شورای ئیسلامی :**

**أ- حاکمیەتی خودای گەورە,** لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیدا و لەنێو ئەنجومەنی شورادا, بڕیاری یەکەم بۆ خودای گەورەیە, هەروەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ) .(97), لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ) .(98), هەروەها لەم ئایەتەدا دەفەرمێت (وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ) .(99) لەم ئایەتانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەدەوڵەتی ئیسلامی دا, حوکم و بڕیار بۆ خودای گەورەیەو یاسای دەوڵەتیش قورئانی پیرۆزە . واتا حەرام و حەڵاڵەکان و سزاکان لەسەر بنەمای قورئان دیاری دەکرێت . بەمانایەکی دی هەر بابەتێك کە قورئان بڕیاری لەسەر دابێت, ئەوا ئیدی کۆتایی پێهاتووەو ئەنجومەنی شورا, مافی ئەوەی نیە هیچی لەبارەوە بڵێت .

**ب- گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر (ص),** لەچاش حاکمیەتی خوداو پێڕەوی کردن لەقورئانی پیرۆز, گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر (ص) و پیڕەوی کردن لەسوننەتەکانی, واجبی سەرشانی خەلیفەی موسڵمانان و ئەنجومەنی شوراو تەواوی ئوممەتی ئیسلامیە . وەك خودای گەورە دەفەرمێت (قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ) .(100), یان لەم ئایەتەی دیکەدا زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوەو دەفەرمێت (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا) .(101) لێرەوە بۆمان دەدەکەوێت کە هەر کاروبارێك پێغەمبەر (ص) لەسەری دوابێت و فەرمودەی لەبارەوە گوتبێت و بڕیاری لەسەر دابێت, ئەوا ئەنجومەنی شورا مافی ئەوەی نیە هیچی لەبارەوە بڵێت وەك خودای گەورە دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ) .(102), واتا (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە دەستپێشخەری مەکەن بەسەر دەستی خوداو پێغەمبەردا) .(103)

**ج- کۆڕا,** فەتوای زانایانی ئوممەت, کە لەسەر بنەمای ئیجتیهاد دامەزراوە بەپشتبەستن بەقورئان و سوننەت, هەروەها چەندین پێوەرێکی دیکەش کە شورای ئیسلامی کاریان لەسەر دەکات, هەڵبەت لەپاش قورئان و سوننەت, کە ئەوانیش بریتین لە :

- قیاس .
- الاستحسان .
- العرف .
- الاستصلاح .(104)

---

(97) القران الكريم-سورة يوسف-الاية-40 .
(98) القران الكريم-سورة العراف-الاية-54 .
(99) القران الكريم-سورة العد-الاية-41 .
(100) القران الكريم-سورة النور-الاية-54 .
(101) القران الكريم-سورة الحشر-الاية-7 .
(102) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-1 .
(103)تەفسیری ڕامان-احمد کاکە محمود .
(104) السياسة الشرعية-جامعة المدينة-مرحلة ماجستر-ل329-339 .

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی, لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی ئاینی ئیسلام, بڕیارو پێشنیارەکان دەردەکات . سنوری نەگۆڕەکانی ئە ئایینە نابەزێنێت . بەڵکو لەچوارچێوەی دەقی قورئان و سوننەت دەرناچێت, زیاتر گفتوگۆ لەسەر ئەو کاروبارانە دەکات کە ئایینی ئیسلام لێی بێدەنگ بووەو دەقێکی ڕوونی لەبارەوە نەهاتووە, نەلە قورئانی پیرۆزو نەلە سوننەتدا .

## داموزراوەی شورا :

دامەزراوەی شورا پێکدێت لە ئەندامانی ئەنجومەنی حەل و عەقد, کە لەلایەن خەلیفەی موسڵمانانەوە هەڵدەبژێردرێن . ئەرکی ئەم ئەنجومەنە پێدانی زانیاری و ڕێنماییە بەخەلیفەی موسڵمانان, لەبارەی کاروبارە جیاوازەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و پێشکەشکردنی پێشنیارو ڕێگاچارەی گونجارە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی ئوممەتی ئیسلامی .

## مەرجەکانی ئەندامانی شورا :

پێویستە ئەندامانی شورای ئیسلامی خاوەنی مۆمەڵێك سیفات بن, لەوانیش :

أ- موسڵمانب بێت .

ب- ژیر بێت .

ج- باڵغ بێت .

د- نێر بێت .(105)

هـ- زانستی شەرعی هەبێت .

و- ئەهلی پرس و ڕاو مەشۆرەت بێت .(106)

ر- توانای ئیجتیهادی هەبێت .

ی- دادپەروە بێت .(107)

## ژمارەی ئەندامانی شورا :

زانایانی ئوممەتی ئیسلامی ڕای جیاوازیان هەیە لەوبارەیەوە, بۆنمونە :

* حەمبەلیەکان پێیانوایە کە ئەنجومەنی شورا لەگروپێکی چەند کەسی پێکدێن .

* هەندێکی دیکە لەزانایانی ئوممەت دەڵێن ژمارەی ئەندامانی شورا چل کەسە, ئەمەش لەسەر بنەمای نوێژی جومعە کە بە چل کەس جێبەجێ دەکرێت .

---

(105) السياسة الشرعية-جامعة المدينة-مرحلة ماجستر-ل361-362 .

(106) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-ل233 .

(107) خلافةالرسول بين شورى والنص-مركز الرسالة-ل42 .

* بەشێکی دیکە لەزانایانی ئوممەت پێیانوایە ژمارەی ئەندامانی شورای ئیسلامی, پێنج کەسن, ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە خیلافەتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەسەر بەیعەتی پێنج کەس دامەزرا . هەروەها هەندێکی دیکە لەزانایانی ئوممەت پێیانوایە کە ژمارەی ئەندامانی شورا شەش کەسن لەسەر ئەو بنەمایەی کە شورای خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب شەش کەس بوون .

* کۆمەڵێکی دیکە لەزانایانی ئوممەت, ژمارەی ئەندامانی شورای ئیسلامی بەچوار کەس دادەنێن . لەسەر ئەو بنەمایەی کە شەهادەتی تاوانی زینا بەچوارکەس دەسەلمێنرێت .

* هەنددێکی دی لەزانایانی ئوممەت ژمارەی ئەندامانی شورا بە سێ کەس دیاری دەکەن, لەسەر ئەو بنەمایەی کە گرێبەستی هاوسەرگیری بە شەهادەتی دوو کەس بەسەرپەرشتی وەلی ئەمر ئەنجام دەدرێت و شەرعیەت وەردەگرێت .

* بەشێکی دیکە لەزانایانی ئوممەت ژمارەی ئەندامانی شورا بە دوو کەس دیاری دەکەن, لەسەر ئەوبنەمایەی کە دادگای دەوڵەتی ئیسلامی بۆ یەکلاکردنەوەی زۆرێك لەگرفتەکان پشت بەدوو شاهید دەبەستێت .

* هەندێکی دی لەزانایان پێیانوایە کە شورا بەیەککەس دادەمەزرێت, لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئیبنو عەبباس داوای لە ئیمامی عەلی کردووە کە دەستی بێنێت تاوەکو بەیعەتی پێ ببەخشێت بۆ خیلافەت .

* شافیعی مەزهەبەکانیش پێیانوایە ئەنجومەنی حەل و عەقد یاخود شورا, پێکدێت لە زانایان و پێشەوایان, واتا ئەو زاناو پێشەوایانەی کە خاوەنی مەرجی پێویستن, لەهەمانکات پێیانوایە کە لەکاتی کۆبوونەوەی ئەندامانی شورای ئیسلامی دا, بەیەککەسیش بەیعەتی خیلافەت دادەمەزرێت .(108)

## بوارەکانی شورا :

ئەو بوارانەی کە ئەندامانی شورای ئیسلامی گفتوگۆو ڕاوێژیان لەسەر دەکەن بریتین لە:

- بواری دونیەوی, وەك هەڵبژاردن و لادانی خەلیفەو کاربەدەستانی دەوڵەتی خیلافەت, هەروەها لەبواری ڕێکخستنی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و هتد .
- بواری حوکمە شەرعیەکان, وەك گفتوگۆکردن لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەرع و چەسپاندنیان لەسەر ئەرزی واقیع .(109)
- بواری حوکمە ئیجتیهادیەکان, وەك گفتوگۆو ڕاوێژکردن لەبارەی ئەو ئەحکامانەی کەلەسەر بنەمای ئیجتیهاد دەردەکرێن, ئەمەش لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو گرفت و قەیرانە تازە سەرهەڵداوانەی کە لەشەریعەتی ئیسلامی دا حوکمێکی ڕوونیان لەبارەوە نەهاتووە .(110)

---

(108) الدولة الاسلامية وسلتطها التشريعية-الدكتور حسن صبحي, احمد عبداللطيف-ل150-156 .

(109) الشورى ي ظل نظام الحكم الاسلامي-عبدالرحمان عبدالخالق .

(110) الشورا فريچه اسلاميه-على محمد محمد الصلابى-ل148-152 .

**ئەركی شورا :**

ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بەشێوەیەكی سەرەكی چەند ئەركێكی لەستۆدایە, كە بریتین لە :

أ- هەلبژاردن و لادانی خەلیفەی موسڵمانان .

ب- ئامۆژگاریكردنی خەلیفەی موسڵمانان و ڕێنمایی كردنی لەكاتی پێویست دا .

ج- چاودێریكردنی جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلامی و بەرپاكردنی حوكمی خودا .

**سنوری دەسەڵاتی شورا :**

* شورای ئیسلامی دامەزراوەیەكی زایاری دەرە, هەروەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمان دەكات بەپێغەمبەر (ص) و دەفەرمێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ) .(111)

* هەروەها خەلیفە ئەبوبەكری سدیق (ر.ض) لەكاروبارەكانی دا ڕاوێژی بەهاوەڵان دەكرد, بەڵام لەدواجارداو بۆخۆی بڕیاری دەداو لەزۆر حاڵەتیش دا پێچەوانەی ڕای زۆرینەی هاوەڵانی دەكرد . لەنمونەی ئەو بڕیارانەی, پرسی بەرێكردنی سوپای ئوسامە و جەنگی هەڵگەڕاوەكان بوو .(112)

* پێغەمبەر (ص) بۆخۆی ڕاوێژی بەهاوەڵانی دەكرد, بەڵام زۆربەی جار بەپێچەوانەی ڕای زۆرینەی هاوەڵان بڕیاری دەدا, لەنمونەی ئەو بڕیارانەشی, ڕیككەوتنی حودەیبییەو حەنگی قورەیزەیە بوو .(113)

**شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی شورا :**

لەسیتمی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا, پرۆسەی شورا بەچەند شێوازێك ئەنجامدەدرێت, كەبریتین لە :

- دەكرێت یەكێك لەئەندامانی شورا, یاخود هەر موسڵمانێك بەتەنها لەگەڵ خەلیفەی موسڵماناندا كۆببێتەوەو ڕاو تەگبیرو پێشنیارەكانی خۆی بۆ بخاتە ڕوو, تاوەكو خەلیفەی موسڵمانان سوودی لێ ببینێت . هەروەك حەبابی كوڕی مونزیر و سەلمانی فارسی بەم شێوازە ڕاوێژیان لەگەڵ پێغەمبەر (ص) ئەنجامداوەو پێشنیارەكانی خۆیان بۆ خستۆتە ڕوو .(114)

- دەكرێت ئەندامانی شورا, هەمویان پێكەوەو لەجێگایەكی دیاریكراودا كۆببنەوە بەسەرپەرشتی یەكێكیان, هەروەك خەلیفە عومەری كوڕی خەتتاب ئەم شێوازی پێشنیار كرد, بەمەبەستی هەڵبژاردنی خەلیفەی موسڵمانان لەپاش وەفاتی خۆی,

---

(111) القران الكريم-سورة ال عمران-الاية-159 .

(112) الشورى في ظل نظام الحكم الاسلامي-عبدالرحمان عبدالخاق .

(113) الشورى في ظل نظام الحكم الاسلامي-عبدالرحمان عبدالخاق .

(114) الخلافة الاسلامية بين النظم الحكم المعاصرة-جمال احمد السيد الجاد المراكبى-ل201 .

هەریەکە لە (عوسمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عەبدالرحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و تەلحەی کوڕی عبداللە و زوبێری کوڕی عەوام) ی دیاری کرد بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە (115).

- دەکرێت موسڵمانان، واتا زانایان و پێشەوایانی ئوممەت، لەجێگایەکی دیاریکراودا کۆببنەوەو گفتوگۆبکەن لەسەر بابەت و گرفت و قەیرانەکانی ئوممەت بکەن، یاخود خەلیفەی موسڵمانان هەڵبژێرن . هەروەك ئەم شێوازە لەکاتی هەڵبژاردنی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق پێڕەوی لێکرا . ئەوەبوو هاوەڵانی ئەنسارو موهاجیر لەکەپری بەنی ساعدە کۆبوونەوەو هەر لەوێدا ئەبوبەکری سدیقیان وەك خەلیفەی موسڵمانان هەڵبژارد .(116)

## ماوەی کاتی شورا :

لەسەر بنەمای پێڕەوی کردن لەسوننەتی خەلیفەکانی ڕاشیدین و لەوانیش ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتاب (ر.ض)، سێ ڕۆژ دیاری کراوە بۆ ڕاوێژکردن لەسەر هەر بابەتێك، دەبێت لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا دوابڕیاری بدرێت ز کۆتایی بەو بابەتە بهێنرێت .(117)

## ڕادەی پابەندبوون بەپێشنیارەکانی شورا :

واجب نیە لەسەر خەلیفەو کاربەدەستانی موسڵمان کە ئیلتیزام بە پێشنیارەکانی شوراوە بکەن . یاخود ڕینماییەکانی جێبەجی بکەن، بەڵکو خەلیفەو کاربەدەستانی موسڵمانان سەربەستن لەپابەندبوون بە پێشنیارەکانی شوراوە . یاخود پابەند نەبوون پێیەوە . ئەمەش لەسەر بنەمای سوننەتی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ڕاشیدین .

پێغەمبەر (ص) لەزۆرێك لەکاروبارەکانی دا ڕاوێژی دەکرد بەهاوەڵانی، بەڵام لەدواجارداو بۆخۆی کۆتا بڕیاری داوەو تەواوی هاوەڵانی ناچار دەکرد کە پابەندبن بەو بڕیارەی کە داویەتی، هەروەها خەلیفە ئەبوبەکری سدیق و خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیش، لەسەر سوننەتی پێغەمبەر (ص) درێژەیان بەشوراداوەو لەکاروبارەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا، پرس و ڕاوێژیان بەزۆرێك لەهاوەڵان کردووە، بەڵام لەدواجارداو بۆخۆیان کۆتا بڕیاریان داوەو تەواوی هاوەڵانیشیان پابەندکردووە بەو بڕیارەوەو کەس سەرپێچی نەکردوون .(118)

---

(115) خەلیفەکانی لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل79 .

(116) ڕاماری لەئیسلام دا-ئەحمد کاکە محمود-ل99-100 .

(117) خلافة الرسول بين الشورى والنص-مركز الرسالة-ل36-37 .

(118) الشورى في الشريعة الاسلامية-القاضي حسين بن محمد المهدي-ل224-240 .

**حوكمی دەنگی زۆرینە لەشورای ئیسلامی دا :**

**لەشورای ئیسلامی دا, کاری بەدەنگی زۆرینە ناکرێت, چونکە دەنگی زۆرینە پێوەرنیە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان, هەروەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزداو لەزۆر ئایەتدا لۆمەی زۆرینەی کردووەو دەفەرمێت** (وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) .(119), **یان لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت** (وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ) .(120), **یاخود لەم ئایەتە دا دەفەرمێت** (وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا) .(121) **لەبەرئەوە لەشورای ئیسلامی دا دەنگی حەق براوەیە نەك دەنگی زۆرینە . واتا کێ بڕیاری ڕاست و دروست بدات, ئەوا ئەو کەسە خاوەن بڕیارە .**

**دەنگی زۆرینە لەشووری ئیسلامی دا :**

**دەنگی زۆرینە لەشورای ئیسلامی دا, بریتیە لەدەنگی زانایانی موسڵمان کە شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیان پێکهێناوە, نەوەك دەنگی جەماوەری زۆرینە, کە نەشارەزاییان لەبواری شەریعەتدا هەیەو نەلە کاروباری دوونیاش . بۆیە دەبینین خودای گەورە فەرماندەکات بەگێڕانەوەی گفتوگۆکان بۆلای پێغەمبەر (ص) و زانایانی موسڵمان, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت** (وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ) .(122) **هەربۆیە لەشورای ئیسلامی داو لەنێو دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا, دەنگی جەماوەر کاری پێناکرێت .**

**مەرجی پەسەندکردنی دەنگی زۆرینە :**

**أ- تەنها لەکارە ئیجتیهادیە دونیەوەیەکاندا دەنگی زۆرینە وەردەگیرێت, ئەویش بەومەرجەی کە بڕگەیەکی شەرعی لەسەر نەبێت . واتە ئەکارانەی کە شەریعەت لێی بێدەنگ بووە .**

**ب- یاخود لەوساتەی کە خەلیفەی موسڵمانان لەکاروبارە ئیجتیهادیەکاندا ڕای خۆی دەرنەبڕێت و بڕیارەکە بگێڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی شورا .**

**ئایینی ئیسلام لەگەڵ حەقدایە, بۆیە گرنگی بەدەنگی ڕاست و دروست دەدات, نەك بەدەنگی زۆرو بۆر . هەروەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لۆمەی زۆرینە دەکات و بە گومڕا ناویان دەبات, وەك لەم ئایەتەدا هاتووەو دەفەرمێت** (وَإِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ) .(123), **بۆیە شەرت نیە هەر بڕیارێك دەنگی زۆرینەی جەماوەری لەگەڵدابوو, ڕاست بێت,**

**یاخود هەر بڕیارێك دەنگی کەمی لەگەڵ بێت, هەڵەبێت, بەڵکو ڕاست و دروستی هەر بڕیارێك پێوەندی بە نێوەرۆکی خودی بڕیارەکەوە هەیە, کە داخوا تا چەند لەگەڵ قورئان و سوننەت و ڕێبازی سەلەف دا دێتەوە, یاخود بەپێچەوانەوە .**

---

(119) القران الكريم-سورة يوسف-الاية-21 .

(120) القران الكريم-سورة الانعام-الاية-111 .

(121) القران الكريم-سورة يونس-الاية-36 .

(122) القران الكريم-سورة النساء-الاية-83 .

(123) القران الكريم-سورة الانعام-الاية-136 .

## شێوازی هەڵبژاردن و دیاریکردنی خەلیفە :

**لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا, خەلیفەی موسڵمانان ئەندامانی شورا دیاری دەکات, نەك جەماوە . هەروەك خەلیفەکانی ڕاشیدین بۆخۆیان و لەلایەن خۆیانەوە ئەندامانی شورای دەوڵەتی خیلافەتیان دیاری دەکرد . هەروەها خەلیفە سەربەستە لەوەی چ کەسێك دەستنیشاندەکات بۆ ئەو کارە . ئەمەش لەسەر بنەمای پێشینەی ئەو کەسانە دەبێت, واتا لەهەڵبژاردنی ئەندامانی شورای ئیسلامی دا زیاتر پشت بەڕابردووی ئەوکەسانە دەبەسترێت نەك بەداهاتویان .**

**لەسیسمی سیاسی ئیسلامی دا, پۆست و پلەو پایە نادرێت بەو کەسانەی کە داوای دەکەن, زانایانی ئوممەت و سەرمەزهەبەکان داواکردنی مەسئولیاتیان بەحەرام دەزانن هەندێکی دیان بەخراپیان داناوە .(124), پێغەمبەر (ص) لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (انکم ستحرصون على الامارة و ستكون ندامة يوم القيامة فنعم المرضعة و بئست الفاطمة) **.(125), لەهەمانکات لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا, ڕێگانادرێت بەپڕوپاگەندە و بانگەشەکردن بۆ هیچ کەسێك, لەپێناو وەرگرتن و بەدەستهێنانی پۆستی شورا یاخود هەر پلەو پایەیەکی دی . بەڵکو خەلیفەی موسڵمانان هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کەسانە دەکات کە دەیەوێت هەڵیانبژێرێت بۆ ئەندامێتی شورای دەوڵەتی خیلافەت . ئەویش لەڕێگای پرس و جۆ کردن بەموسڵمان لەبارەی کەسایەتی ئەو کەسانەی کەمەبەستیەتی دەستنیشانیان بکات بۆ ئەو کارەو ئەو ئەرکەیانپێ بسپێرێت . لێرەشەوە خەلیفەی موسڵمانان جەخت لەسەر ڕابردووی ئەو کەسانە دەکاتەوەو لەسەر ئەو بنەمایەش ئەندامانی شورای ئیسلامی دیاری دەکات .**

## مەرجی بەشداریکردن لە شورای ئیسلامی دا :

**لەشورای ئیسلامی دا, ڕێگا بەچەند پۆلێك لەخەڵکی نادرێت کە بەشداری بکەن لەئەندامێتی ئەنجومەنی شورادا, ئەونیش بریتین لە :**

**أ- ئافرەتان, باشتروایە کە بەشداری نەبن لەشورای ئیسلامی دا, چوون پێغەمبەر (ص) دەربارەی ولایەتی ئافرەتان دەفەرمێت** (لن يلفح قوم ولو امرهم امراة) **.(126), گەرچی لەهەندی حاڵدا پێغەمبەر (ص) ڕاوێژی بەئافرەتان کردووە .**

**ب- کافر, واتا ئەهلی کیتاب و موشریکین و مولحیدین, چوون ئەمانە باوەڕیان بەئایینی ئیسلام نیەو لەهەمانکات جێگای متمانە نین . هەروەها لەماوەی ئەزموونی خیلافەتی ئیسلامی داو لەشوراو لە کاروباری خیلافەت و هەڵبژاردنی خەلیفەو بەیعەت دا, ڕێگا بەکافران نەدراوە بەشداری بکەن, هەروەك شاهیدیشیان لێ وەرنەگیراوە .(127)**

---

(124) حسن السلوك الخافظ دولة الملوك-محمد بن محمد بن رضوان بن عبدالعزيز البعلي شمس الدين-ل77-79 .

(125) اخرجة البخاري في كتاب : الاحكام, باب : مايكرة من الحرص على الامارة, برقم (7148) .

(126) صحيح سنن الترمذي للالباني-(50612) .

(127) الانخالابات و احكامها في الفقة الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلان-ل112 .

**ج- كەسانی نوقسان, كە لەلایەنی عەقڵی یان جەسەدییەوە نەقسان بێت و كاریگەری لەسەر بیروبۆچوون و ڕەوشت و ڕەفتاری كردبێت .(128)**

**د- ئەهلی بدیعەو هەواو ئارەزوو, چوون بەشداریكردنی ئەمانە لەشوراو خیلافەتدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بیدعەو فەسادو خراپەكاری و كاریگەری ترسناك لەسەر دەوڵەت و كۆمەڵگای موسڵمانان جێ دێڵێت .(129)**

**ه- كەسانی فاسق, ئەمانەش دیسان كاریگەری نالەبار لەسەر دەوڵەت و كۆمەڵگای ئیسلامی جێ دێڵن, هەربۆیە ڕێگایان پێنادرێت بەشدری بكەن لەشورای ئیسلامی دا .(130), چوون كەسانی فاسق درۆزن و نادادگەرو لادەرن .**

**و- كەسانی جاهیل, لەئیسلام دا ڕێگا بەم جۆرە كەسانە نادرێت بەشدری بكەن لەشورای ئیسلامی دا, چوون یەكێك لەمەرجەكانی ئەندامانی شورا ئەوەیە كە زاناو شارەزابێت لەشەرع و لەكاروباری دونیایی دا .(131)**

## دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لەسیستمی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا :

**لەدەوڵەتی خیلافەتدا, دەسەڵاتەكان دابەشكراون بەسەر سێ دامەزراوەی سەرەكی دا, كەئەوانیش بریتین لە :**

**أ- دەسەڵاتی تەشریعی (یاسادانان) .**

**ب- دەسەڵاتی تەنفیزی (جێبەجێكردن) .**

**ج- دەسەڵاتی دادوەری . لێرەداو بەكورتی شرۆڤەی هەریەكە لەم دەسەڵاتانە دەكەین :**

**أ- دەسەڵاتی تەشریعی, شورای ئیسلامی خاوەنی دەسەڵاتی تەشریعیەو بەپێی قورئان و سوننەت و پاشان بەپێی ئیجتیهادی زانایانی ئوممەت, یاساو تەشریعات بۆ ڕێكخستنی كۆمەڵگاو كاروبارەكانی ئوممەتی ئیسلامی دادەڕێژێت . هەر لەسەر ئەو سێ بنەمایەش تەشریعاتی نوێ بۆ گرفت و قەیران نوێیەكان دادەڕێژێت, لەنمونەی ئەو تەشریعاتانەش :**

**- تەشریعاتی تەنفیزی, كە لەسەر بنەمای دەقی قورئان و سوننەت وەستاوە .**

**- تەشریعاتی ئیداری, لەسەر بنەماگشتیەكانی شەریعەتی ئیسلامی دادەڕێژرێت لەپێناو ڕێكخستنی كاروباری ئیداری كۆمەڵگادا .(132)**

**ب- دەسەڵاتی تەنفیزی, خەلیفەی موسڵمانان و وەزیرو كاربەدەستانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی هەڵدەستن بە ڕاپەڕاندن و جێبەجیكردنی كاروبارەكانی دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامی .**

**ج- دەسەڵاتی دادوەری, دادوەری باڵای دەڵەتی خیلافەت لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی هەڵدەسێت بە بەرپاكرنی دادگەری لەنێو موسڵمانانندا .**

---

(128) الانخالابات و احكامها في الفقة الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلان-ل117 .

(129) الانخالابات و احكامها في الفقة الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلان-ل115 .

(130) الانخالابات و احكامها في الفقة الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلان-ل118 .

(131) الانخالابات و احكامها في الفقة الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلان-ل120-121 .

(132) السلام واالوضاع الساسية-عبدالقادر عدودة-ل229-235 .

شەریعەتی ئیسلامی, دەستوری شورای ئیسلامی و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیەو خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتی تایبەتمەندی خۆیەتی, کەخۆی لەم سفەتانەدا دەبینێتەوە :

أ- شەریعەتی ئیسلامی, خوداییە .

ب- شەریعەتی ئیسلامی, هەموەکیە .

ج- شەریعەتی ئیسلامی, گشتگیرە .

د- شەریعەتی ئیسلامی, لەسەر پاداشت و سزا دامەزراوە .

ه- شەریعەتی ئیسلامی, نمونەیی و واقیعیە .(133)

## ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس العرفاء والنقباء) :

هاوشان لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاوێژ (حەل و عەقد), ئەنجومەنی (العرفاء والنقباء) کەئەنجومەنێکی ناوچەیی و هەرێمایەتیە, لەسیتمی ساسی ئیسلامی داو لەلایەن پێغەمبەرەوە (ص) دامەزرێنراوە, کە ڕۆڵی نێوەنگیری دەبینێت لەنێوان هاوڵاتیان و خەلیفەو کاربەدەستانی دەوڵەتتی ئیسلامی دا .

ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس العرفاء والنقباء) : ئەم ئەنجومەنە پێکهاتووە لە نوێنەرانی گەل . کاری ئەم ئەنجومەن گەیاندنی ڕاو بیروبیۆچوون و خواست و داوکاریەکانی خەڵکیە بەخەلیفەو کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی . واتا خەلیفەی موسڵمانان لەڕێگای ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەوە لەحاڵی ئومەتی ئیسلامی ئاگادار دەبێت و لەوەزعی هاوڵاتیان تێدەگات .

## مەرجەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس العرفاء والنقباء) :

* پێویستە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە شارەزای بارودۆخی ژیانی خەڵکی بن و ئاگاداربن لەگرفت و کێشەو داواو خواستەکانیان .

* پێویستە لەنیو خودی ئەو خێل و هۆزو گەلانەوە هەڵبژێردرێن, کەنوێنەرایەتیان دەکەن .

* پێویستە لەنێو خەڵکی دابن و هاودەردی ئەو کەسانەبن کە نوێنەرایەتیان دەکەن .

بەڵگەش لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس العرفاء والنقباء), مەسەلەی گێڕانەوەی ئەو ئافرەتانە بوو کەلە هۆزی (هوازن) دەستگیرکرابوون, پێغەمبەر (ص) پێی فەرموون (ارجعو حتى يرفع الينا عرفاءكم امركم) .(134), واتە بگەڕێنەوە بۆلای شارەزایانی خۆتان, بۆئەوەی ئەوان کارەکەمان پێڕابگەیەنن, چونکە ئەوان شارەزاترن . هەروەها لەبەیعەتی عەقەبەی دووەم دا فەرمووی (اخرجو الي منكم اثني عشر نقيبا ليكونوا على قومهم بمافيهم) .(135), واتە : بادوازدەکەس لەئێوە بێنەدەرەوە بۆئەوەی هەریەکێکیان ببێت بەنوێنەری هۆزەکەی خۆی .

---

(133) السلام واوضاع الساسية-عبدالقادر عودة-ل234 .

(134) كتاب الاحكام-باب العرفاء عاى الناس-امام البخاري .

(135) رواة احمد بن كعب .

لیرەوە بۆمان دەردەکەویت کە لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا, هاوڵاتی گرنگی خۆیی هەیەو بایەخی تایبەتی پیٚ دەدریٚت . واتا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی جگەلەوەی هەوڵی زانینی ڕەوشی ژیانی هاوڵاتیانی ووڵاتی ئیسلام دەدات, لەهەمانکات کاری جددی دەکات لەپێناو جیبەجیٚ کردنی داواو خواستەکانی موسڵمانان .

هەربۆیە ئەنجومەنی شارەزایانی بۆ شارەزابوون لەڕەوشی ژیانی خەڵکی و ئاگاداربوون لەبارودۆخ و گوزەرانیان و زانینی هەڵویٚست و ڕاوبۆچوونەکانیان, پیٚکهیناوە, تاوەکو گرفت و کیٚشەکانیان بۆ چارەسەر بکات و داواو خواستەکانیان بەجیٚ بگەیەنیٚت .

بەشیٚوەیەکی گشتی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, لەدوو ئەنجومەنی سەرەکی پیٚکهاتووە, کەئەوانیش بریتین لە (ئەنجومەنی حەلو عەقد-مجلس الحل والعقد) کەتایبەتە بەکاروباری تەشریعات و یاسا دانان و هەڵبژاردن و لادانی خەلیفەی موسڵمانان, هەروەها (ئەنجومەنی شارەزایان-مجلس العرفاء والنقباء) کەتایبەتە بەکاروباری ئیداری و بەڕیٚوەبردن, واتا هەردووکیان تەواوکاری یەکدین و هەردوولایەنی سیاسی و ئیداری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ڕیٚکدەخەن .

شورای ئیسلامی, تەنها جیٚگای زانایان و شارەزایانە, واتا تەنها زنایان و شارەزایان دەتوانن لەشورای ئیسلامی دا بیروبۆچوون و ڕای خۆیان دەربڕن و گفتوگۆ لەسەر بابەت و گرفتەکانی دەوڵەتی خیلافەت و ئوممەتی ئیسلامی بکەن . چوون لەئاینی ئیسلام دا, تەنها ڕاوتەگبیری زانایان و شارەزایان وەردەگیریٚت, هەروەك خودای گەورە دەفەرمیٚت (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) .(136), هەروەك پیٚغەمبەریش (ص) لەمفەرمودەیەی دا ئامۆژەی پیٚداوەو دەفەرمیٚت (ارجعو حتى يرفع الينا عرفاءكم امركم) .(137), هەروەك دەنگی زۆرینەش بایەخی نیە لەشورای ئیسلامی دا, چوون ئاشکرایە کە زۆرینەی خەڵکی نەزان و ناشارەزان, چ لەشەریعەتی ئیسلامیداو چ لەکاروباری دونیایی دا . بۆیە لەئاینی ئیسلام دا کاربەدەنگی زۆرینە ناکریٚت . هەروەك ڕاو بیروبۆچوونی هەمووکەسیٚکیش وەرناگیریٚت . بەڵکو کاربەدەنگی زانایان و شارەزایان دەکریٚت و تەنها ڕاو بیروبۆچوونی ئەوان وەردەگیریٚت, ئەویش تەنها لەوبوارو بابەتانەی کە تیایدا زاناو شارەزان .

## سنوری گفتوگۆو ڕاویٚژ لەشورای ئیسلامی دا :

قورئان و سوننەت, هیٚڵی سورن لەئەنجومەنی شورای ئیسلامی دا, واتا بۆهیچ کەس و لایەنیٚك نیە کە لەدەقی قورئان وسوننەت دەربچیٚت . بەمانایەکی دی هەربابەتیٚك دەقیٚکی قورئانی یاخود سوننەتی لەسەر هاتبیٚت, ئەوا ئیدی بەهیچ جۆریٚك گفتوگۆی لەسەر ناکریٚت, بەڵکو دەبیٚت ئەندامانی شورا, ڕازیبن بەحوکمی خوداو پیٚغەمبەر (ص), پاشان پەسەندی بکەن و لەهەمانکات جیٚبەجیٚی بکەن .

ئاشکرایە کەتەواوی حوکمەکانی ئاینی ئیسلام, یاخود تەواوی بڕیارەکانی قورئان و سوننەت, لەشەریعەتی ئیسلامیدا کۆکراونەتەوەو بۆهەموولایەك بەیانکراون . هەروەك مەزهەبەکانی (شافیعی و مالیکی و حەنەفی و حەمبەلی) باشترین سەرچاوەن لەم بوارەداو تەواوی بوارو بابەتە جیاوازەکان و حوکمەکانیان خستۆتە ڕوو .

---

(136) القران الكريم-سورة الانبياء-7 .

(137) كتاب الاحكام-باب العرفاء على الناس-امام البخاري .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەشورای ئیسلامی, ناتوانێت لەسەر ئەوبابەت و دیاردانە پرس و ڕاو مەشۆرەت بکات کە ئایینی ئیسلام حوکمی نەگۆڕی بەسەردا سەپاندوون بەدەقی قورئان و سوونەت . بەڵکو شورای ئیسلامی دەتوانێت تەنها لەسەر بابەت و دیاردە گۆڕاوەکان پرس و ڕاو مەشۆرەت بکات کە ئایینی ئیسلام لێیان بێدەنگ بووەو قورئان و سوننەت حوکمی لەسەر نەداوە .

## ئەزموونی شورای ئیسلامی :

پێغەمبەر (ص), وەك پێشەواو بانگخوازو سەرکردەو موجاهید, لەماوەی ئەزموونی خۆی لەشاری مەدینەیو لەکاروباری دەوڵەتشاریەی دا, ڕاوێژی بەهاوەڵانی خۆی کردووەو ڕێزی لەبیروڕاو پێشنیارەکانیان گرتووە . هەندێك جار بیروڕاو پێشنیارەکانی پەسەندکردووەو کاری پێ کردووەو هەندێ جاری دیش, ڕەفزی کردوون و بڕیاری خۆی جێبەجێ کردووەو هاوەڵانیشی پابەندکردووە بەبڕیارەکەی خۆیەوە .

دەوڵەتشاری مەدینە, یەکەمین ئەزموونی سیاسی ئیسلام بوو کە لەلایەن پێغەمبەرەوە (ص) بونیاتنرا, بەهاوکاری پشتیوانی هاوەڵان, کە لەلایەن خودی پێغەمبەرەوە (ص) سەرپەرشتی دەکراو بەڕێوەدەبرا .

پێغەمبەر (ص) لەیەکەمین هەنگاوی بونیاتنانی دەوڵەتەکەی و لەیەکەمین کاری لەشاری مەدینە دا, مزگەوتی مەدینەی بونیاتنا, وەك ناوەندی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەروەها وەك کۆشکی سەرۆکایەتی و کۆشکی شورای دەوڵەتی ئیسلامی . کە تیایدا لەگەڵ هاوەڵانی و باقی موسڵمان, کۆدەبووەو لەهەمانکات هەر لەنێو مزگەوتی مەدینەدا, گفتوگۆی لەگەڵ هاوەڵانی دەکرد دەربارەی کاروباری بانگەوازی ئیسلامی و کاروباری سیاسی و سەربازی , .... هتد, ڕاوێژی پێدەکردن . واتا مزگەوت لەزەمەنی پێغەمبەردا (ص) ناوەندی سەرەکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئیسلامی بووەو بڕیارەکانی دەوڵەت لەمزگەوتەوە دەدەکران .
لەپاش وەفاتی پێغەمبەر (ص), هاوەڵانی لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرو لەسەر مەنهەجی قورئان و سوننەت, درێژەیان بەحوکمی دەوڵەتی ئیسلامی مەدینە داو لەسەر بنەمای شوراو بەپرس ڕاو مەشۆرەتکردن لەنێوان ئەنسارو موهاجیرین دا, ئەبوبەکری سدیقیان وەك جێنشینی پێغەمبەرو خەلیفەی موسڵمانان دەستنیشانکرد . بەم شێوەیە سیستمی خیلافەتی ئیسلامی پەرەی سەندو لەماوەی ئەزموونی چوار خەلیفەی ڕاشیدیندا, درەوشاوەترین قۆناغی مێژووی حوکمڕانی ئیسلامی تۆمارکرد, کە لەپاش چواردە سەدەو تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت, تەوای موسڵمانان شانازی پێوە دەکەن و وەك هێمای حوکمڕانی ڕاستەقینەی ئیسلامی وێنای دەکەن, کە لەتەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و هەروەها لەچەسپاندنی بەها باڵاکانی ئیسلامی دا, نمونەو هاوتای نەبوو . هەربۆیە تەواوی ئومەتی ئیسلامی خەون بە بەرپاکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی و دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە زێڕینە دەبینن .

خەلیفەکانی ڕاشیدین بریتین لە (خەلیفە ئەبوبەکری سدیق, خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب, خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان, خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب), (ر.ض) . هەریەك لەم خەلیفانەی دەوڵەتی ئیسلامی پێڕەیان لەسیستمی شوراکردووەو لەیەکەمین ساتەوەختی هەڵبژاردنیان و بەیعەتپێدانیان وەك

خەلیفەی موسڵمانان, پابەندبوون بەشوراوە, واتا لەڕێگای مەشۆرەت و پرس و ڕای ئەندامانی شوراو بەیعەتی موسڵمانانەوە, هەڵبژێردراون .

لەماوەی خیلافەتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق دا, (عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبوتالیب و سەعدی زەیدو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر) ڕۆڵی ئەندامانی ئەنجومەنی شورایان بینیوەو لەکاروبارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دا, پرس و ڕاوێژیان پێکراوەو تەنانەت لە دەستنیشانکردنی عومەری کوڕی خەتاب وەك خەلیفەی موسڵمانان, خەلیفە ئەبوبەکری سدیق پرس و ڕاوێژی لەگەڵ زۆرێکیدی لەموسڵمان کردووە .(138)

لەماوەی خیلافەتی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دا, (عەلی کوڕی ئەبوتالیب, عبدالرحمانی کوڕی عەوف, زوبێری کوڕی عەوام, تەلحەی کوڕی عبداللە, سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس), (ر.ض) .(139), ڕۆڵی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیان بینیوەو خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لەکاروبارەکانی خیلافەتدا, پرس و ڕاوێژی پێکردوون .

لەماوەی خیلافەتی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففاندا, (عەلی کوڕی ئەبوتالیب, موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان, عبداللەی کوڕی عامر, عبداللەی کوڕی سعد, سەعدی کوڕی عاص), (ر.ض) . ڕۆڵی ئەنجومەنی شورایان بینیوەو خەلیفە عوسمان کوڕی عەففان پرس و ڕاوێژی پێکردوون لەبارەی کاروبارەکانی دەوڵەتی خیلافەت و گرفت و قەیرانەکانی موسڵمانانەوە, بەڵکو خەلیفە عوسمان پرس و ڕاوێژی بەزۆرێك لەهاوەڵان کردووەو تەنانەت لەگەڵ نەیارانی دەسەڵاتەکەشی دا, گفتوگۆی کردووەو ڕێزی لەهەموان گرتووەو سودی لەبیروڕای شیاوی هەموکەس و لایەنێکی دڵسۆز وەرگرتووە .(140)

خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش لەسەر ڕەوشت و ڕێبازی ئەوانی پێش خۆی, درێژەی بەکاروباری خیلافەت داوەو پابەندبووە بەشوراوە . لەماوەی خیلافەتەکەی دا لەگەڵ هاوەڵان و هەمو ئەوکەس و لایەنانەی کە توشی گرفت بووە لەگەڵیان, ڕاوێژو مەشۆرەتی کردووە . هەروەك هەوڵی زۆری بەگەڕخست تاوەکو بەرلە سەرهەڵدانی فیتنەو ئاژاوە بگرێت و ڕێگری بکات لەبەرپابوونی جەنگ لەنێوان موسڵماناندا, بۆیە هەمیشە پرس و ڕاوێژی بەموسڵمانان دەکردو نوێنەری دەناردەلای ئەو کەس و لایەنانەی کە نەیاری بیروڕای سیاسەتەکانی بوون, تاوەکو بەگفتوگۆو ڕاوێژ لەگەڵیان بگاتە دەرەنجام .(141)

## ئامانج لەشورای ئیسلامی :

بنەماکانی شوراو پرۆسەی ڕاوێژ لەهزری ئیسلامی دا, گەلێك حیکمەت و بەرژەوەندی گشتی تێدایەو بەنەبوونی ئەو بنەما سیاسیە لەنێو هەرسیستمێکی حوکمڕانی ئیسلامی دا,

---

(138) ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین-ئەبوبەکری سدیق-حبیب محمد سعید-ل87-9- .

(139) ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین-ئەبوبەکری سدیق-حبیب محمد سعید-ل105 .

(140) ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین-ئەبوبەکری سدیق-حبیب محمد سعید-ل127-157 .

(141) ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتالیب-دکتۆر علی محمد محمد الصلابی-ل362-370 .

ئەو سیستم و دەسەڵاتە دەخاتە ژێر پرسیارەوە, لەنموونەی ئەو حیکمەتە دیارو بەرچاوانەی شورا, بریتین لە :
- گەیشتن بەحەقیقەت, یان نزیکبونەوە لەڕاستی .
- ڕێگری لەئیستبدادی بیروڕاو دیکتاتۆریەت دەکات .
- ڕێنمایی کردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایان لەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە .
- ڕێزگرتن لەتوانای عەقڵی مرۆڤ .
- یەکێتی و یەکریزی ئوممەت لەڕێگای پرۆسەی ڕاوێژەوەو یەکترخوێندنەوەوە بەدی دێت .
- دڵنیایی و زەمانەتی زیاتری جێبەجێکردنی بڕیارە ڕەسمیەکانی تێدایە .
- سودوەرگرتن لەشارەزایی و پسپۆری کەسانی تایبەتمەندو دڵسۆز .
- پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگای بەمیزاج و ویستی کەسێك یان لایەنێك بەڕێوە ناچێت .
- مەبدەئی موشارەکەی گشتی بەرجەستە دەبێت و بەشداری سیاسی لەووڵاتدا بەرفراوانتر دەکات .
- لەدیاریکردنی حاکم و دەسەڵاتدارانی ووڵاتدا بیروڕای خەڵکی ڕۆڵی دەبێت و لەڕێگای ئەوانەوە, فەرمانڕەوایان دیاری دەکرێن .(142), یان لەڕێگا نوێنەرانی ئەوانەوە دیاری دەکرێن .

## سودەکانی شورای ئیسلامی :

- گەیشتن بەبڕیاری ڕاست و دروست, لەئەنجامی دەربرینی بیروڕاو جیاوازەکان لەلایەن کەسانی نیەت پاك و دڵسۆزەوە, کەئەمەش لەدواجاردا بەرژەوەندی گشتی تێدایە .
- کارکردن بەشورا, یارمەتیماندەدات لەپێڕەوی کردنی ئایینی ئیسلام, چوون بیروڕا جیاوازەکان هاوکاریمان دەکەن لەگەیشتن بە بڕیاری سودمەند .
- لەباشترین سودەکانی شورا, ئاشکراکردنی تواناکانی مرۆڤ و پتەوکردنی متمانەیە لەسەر بڕیارەکان و هاوکار دەبێت بۆ سودوەرگرتن لەشارەزایی کەسانی دی و گونجاندن دروست دەکات لەنێوان هاوڵاتیانی کۆمەڵگا .
- شورا هێزو توانا دەبەخشێتە کۆمەڵگا لەبواری چالاکی مرۆیی و لەبواری نەفسی, واتا شوا ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوون لەدیاردە نائەندروست و زیانمەندەکان, لەنموونەی خراپی نیەت و نەبوونی ئیخلاس و لاوازی کاری ئیداری و ڕێگرە لەبەفیڕۆدانی ووزەو تواناکانی مرۆڤ .
-شورا یارمەتی بەشداربوان دەدات تاوەکو بە بەرپرسیاریەتیەوە کاربکەن کەئەمەش یارمەتی دەردەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی گشتی و دەستەبەرکردنی خواستی گشتی کۆمەڵگا .
-شورا هاوکاردەبێت بۆ دروستکردنی متمانە لەنێوان فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی خیلافەت و هاوڵاتیانی موسڵمان, هەروەها یارمەتی دەردەبێت لە لێکنزیککردنەوەی بیروبۆچوون و بڕیاری خەلیفەو کاربەدەستان لەگەڵ بیروبۆچوون و خواستی موسڵمانان و ئوممەتی ئیسلامی .

---

(142) گۆڤاری ڕێگای هزر-ژمارە-3-ل102-103, بەهاری/ 2011 .

- شورا ڕێگرە لەسەرهەڵدانی تاکڕەوی و خۆسەپاندن و هاوکاری دەوڵەت دەکات بەهۆی بەکاربردنی توانـاو لێهاتووییە هەمەچەشنەکان, هەروەك ڕێگری دەکات لەدەرکردنی بڕیاری تاکڕەوانەی ناتەواو .
-شورا یارمەتی دەرە بۆکۆتایی پێهێنانی ناکۆکیەکان و ئاڕاستە جیاوازەکان لێکنزیکدەکاتەوەو هاوکاردەبێت بۆ ئاشکراکردنی حەقیقەت, لێرەوەو لەڕێگای شوراوە قەناعەت بە نەیاران دەکرێت کەبگەڕێنەوە سەر ڕای ڕاست و دروستی ئیسلامی .
- شورا یارمەتی دەردەبێت بۆ تەقاندنەوەی توانا شاراوەکانی تاکەکانی ئوممەتی ئیسلامی, هەروەك هانی شارەزایان دەدات و بوار دەڕەخسێنیت بۆهەموو کەس و لایەنێك کە سودی ئوممەتی ئیسلامی بوێت و بیرو بۆچوون و پێشنیاری سودمەندانەی هەبێت .
- شورا ڕێگری دەکات لەتوندڕەوی و توندوتیژی, ئەمەش لەڕێگای ئیجتیهادی بەکۆمەڵی زانایان کە لەدەرەنجاندا دەیانگەیەنێت بە بڕیارو پێشنیاری گونجاو .
- شورا ڕێگری دەکات لەوەی گرفت و قەیرانەکان تەنها لەڕوانگەی بیروبۆچوونی تەنها کەسێکەوە لێکبدرێتەوە, بەڵکو لەچەندین دیدگاو بیروبۆچوونی جیاوازەوە شرۆڤەی دەکات و شیکاری بۆدەکات, پاشان هەڵی دروستکردنی هەماهەنگی دەدات لەنێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکان, تاوەکو بڕیارو پێشنیاری گونجاو لەسەر گرفت و قەیرانەکان دەربکات, بەجۆرێك کە لەبەرژەوەندی موسڵماناندا بێت .
- شورا یارمەتیمان دەدات بۆ کاملکردنی زانیاری زارەکی و کرداری, کە ئەمەش دیسان هاوکاردەبێت لەدەرکردنی بڕیاری گونجاو بەجۆرێك کە لەگەڵ واقیعی ژیانی موسڵماناندا بگونجێت .
- شورا یارمەتیدەر دەبێت لەتێپەڕاندنی گوتاری تاکەکەسی و هاوکاردەبێت بۆ دروستکردنی گوتاری هاوبەش, هەروەك هەموان دەخاتە ژێرباری بەرپرسیارییەوە, ئەمەش وادەکات تەواوی موسڵمانان پابەندبن بەو بڕیارەوەو جێبەجێی بکەن .(143)
ئەم ڕاستیانە گرنگی سیستمی شورای ئیسلامیمان بۆ ئاشکرادەکەن و ڕادەی کاریگەری ئەم دامەزراوەیەمان بۆ دەردەخات لەژیانی موسڵمانان و هەروەها لەکاروباری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا, بۆیە ناکرێت ئەم بنەما گرنگەی ئایینی ئیسلام فەرامۆش بکرێت . بەڵکو پێویستە تەواوی موسڵمانان و کۆمەڵ و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و هەروەها هەردەوڵەتێکی ئیسلامی, پێوەی پابەندبن, تاوەکو دووربن لەتاکڕەوی و خۆسەپاندن و لەهەمانکات دەرفەت بۆهەموو موسڵمانان برەخسێت, تاوەکو بیروڕاو پێشنیارەکانیان بخەنە ڕوو . بۆئەوەی تەواوی ئوممەتی ئیسلامی لێی سودمەندبن, لەسەر هەموشیانەوە خەلیفەو کاربەدەستانی ئوممەتی ئیسلامی .

## تایبەتمەندیەکانی شورای ئیسلامی :

شورای ئیسلامی تەنها لەبواری سیاسی دا کورتهەڵنەهاتووە . بەڵکو شۆردەبێتەوە بۆ تەواوی کایەو بوارە جیاوازەکانی ژیانی موسڵمانان, نمونەی هەموو ئەم ڕاستیانەش لەقورئانی پیرۆزدا هاتووەو لێرەدا دەیانخەینە پێش چاو :

---

(143) الشورا فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل132-138 .

- شورا لە ئایینی ئیسلام دا, هاوكات بووە لەگەڵ دروستكردنی مرۆڤ لەلایەن خودای گەورەوە, هەروەك لەم ئایەت قورئانیەدا بۆمان دەردەكەوێت, كەباس لەو گفتوگۆیە دەكات كە لەنێوان خودای گەورەو فریشتەكاندا ڕووی داوە . تیایدا هاتووەو دەفەرمێت (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ * وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ * قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ).(144) لێرەداو لەم ئایەتانەدا خودای گەورە فریشتەكان ئاگاداردەكاتەوە لەدروستكردنی ئادەم (ع), وەك ئاماژەپێدان .

- شورا لای حەزرەتی ئیبراهیم (ع), خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا شێوازی پرس و ڕاو مەشورەتی حەزرەتی ئیبراهیمان بۆدەگێڕێتەوە كە لەگەڵ حەزرەتی ئیسماعیلی كوڕی دا ئەنجامی داوە, وەك دەفەرمێت (فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ) .(145)

- شورا لەنێوان خیزاندا, خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موسڵمانان فێردەكات كە كاروباری هاوسەرداری و زارۆكیان بەڕاوێژو مەشۆرەت ڕێكبخەن, وەك دەفەرمێت (وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَنْ يَنْكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُمْ بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ مِنْكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ * وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا) .(146)

- شورا لەبواری گشتی دا, خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا وەسفی موسڵمانان دەكات بەكەسانێك كە لەكاروبارەكانیاندا پرس و ڕاو مەشۆرەت دەكەن لەنێوان خۆیاندا, هەروەك دەفەرمێت (وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ) .(147), ئەم ئایەتە گشتگیرەو بۆتەواوی كاروباری سیاسی و ئابووری و سەربازی و هتد, دەبێت . خودای گەورە لەئایەتێكی دیكەدا ڕاستەخۆ فەرمان دەكات بەئەنجامدانی پرس و ڕاو مەشۆرەت, لەپاشان پشت بەخدا ببەستن, وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ) .(148), گوتاری ئەم ئایەت پیرۆزە ڕووی لەپێغەمبەرە (ص) بەسیفەتی ئەوەی بانگخوازو پێشەواو سەركردەی موسڵمانە,

---

(144) القران الكريم-سورة البقرة-الاية-30-32-
(145) القران الكريم-سورة الصافات-الاية-102-
(146) القران الكريم-سورة البقرة-الاية-232-332-
(147) القران الكريم-سورة الاحزاب-الاية-28-29-
(148) القران الكريم-سورة الشورى-الاية-38-

بۆیە هانی دەدات و فەرمانی پێدەكات كە پرس و ڕاو مەشۆرەت بەهاوەڵانی بكات لەكاروبارە جیاوازەكانی داو لەپاشان پشت بەحودای گەورە ببەستێت .

دواتر خودای گەورەهانی موسڵمانان دەدات و فەرمانیان پێدەکات کەشوێنی پێغەمبەر (ص) بکەون, وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت (مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا) .(149), بۆیە پێویستە موسڵمانان پابەندبن بەفەرمانی خوداو سوننەتی پێغەمبەرەوە (ص), واتا پابەندبن بەشورای ئیسلامیەوەو لەکاروبارەکانیاندا پێڕەوی لیّ بکەن و دووربکەونەوە لە تاکڕەوی و خۆسەپاندن .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەشورای ئیسلامی, گشتگیرەو تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە, لەنموونەی ئەوا بوارانەش :

- بواری سیاسەت و دەوڵەتراني .
- بواری ئابووری بازرگانی .
- واری خێزانی و کۆمەڵایەتی .
- بواری سەربازی و جەنگ .
- بواری پەرستش و بەندایەتی .

دەرەنجام :

لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا, تاکڕەوی و ستەمکاری سیاسی ڕێگەپێنەدراوەو ئیسلام جەخت لەسەر گفتوگۆو ڕێزگرتنی بیرو بۆچوونی بەرامبەر دەکاتەوە, هەڵبەت لەچوارچێوەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامی دا . لەهەمانکات ئاینی ئیسلام دژی ملکەچی کوێرانەیەو هانی موسڵمانان دەدات کە بەرەنگاری ستەم و زۆرداری ببنەوە, هەروەك پێغەمبەر (ص) دەفەرمێت (ان من اعظم الجهاد عنداللة كلمة عدل عند امام جائر) .(150) ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە برەنگاربوونەوەی ستەمی کاربەدەستان و بڕیارە ناڕەواکانیان دروستە, بەڵکو جیهادە . هەروەها لەفەرموودەیەکی دیکەی دا پێغەمبەر (ص) جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە گوێڕایەڵیکردنی کاربەدەستان تەنها لەسنوری شەرع دایەو لە ناشەرعی و سەرپێچی دا ملکەچی و گوێڕایەڵیان بۆناکرێت, وەك دەفەرمێت (ابن عمر (ر.ض) ان روسل اللة (ص) قال : السمع والطاعة على المرء المسلم فيما احب وكرة مالم يؤمر بمعصية فإن امر بمعصية فلاسمع ولاطاعة) .(151)

خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بەدەقی ئایەت ئەم بابەتەی یەکلایی دەکاتەوەو دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ) .(152) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گوێڕایەڵی کردن لەئایینی ئیسلامدا لەسەر بنەمای گوێڕایەڵیکردنی خوداو پێغەمبەرە,

---

(149) القران الكريم-سورة ال عمران-الاية-159-
(150) متفق علية .
(151) اخرجة الشيخان و ابوداود .

واتا لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت, بەهەمان شێوازی سەلەف .

هەموو ئەم ڕاستیانە دەیسەلمێنن کە ئایینی ئیسلامی, ئایینی دەوڵەت و خیلافەتە, ئایینی شوراو شـەریعەتە, ئایینی دوونیاو دوارۆژە . بۆیە ناکرێت تەنها لەنوێژو ڕۆژودا کورت بکرێتەوەو لەنێو مزگەوتەکاندا مومارەسـە بکرێت و بەس, بەڵکو دەبێت ئایینی ئیسلام لەنێو کاروباری فیکـری و سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و کلتوری دا ڕەنگبداتەوەو ڕۆڵی سەرەکی ببینێت . ئـەزموونی دەوڵەتشـاری مـەدینـەی پێغەمبـەرو ئـەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین, باشترین شاهید حاڵی ئەم ڕاستیەن .

## کۆتایی :

ئایینی ئیسلام, سیستمێکی خودایی گشتگیرە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و بۆ کۆی کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ . هەربۆیە بیروباوەڕی ئیسلامی ئەوکاتە لەدڵی هەر مرۆڤێکدا جێگیردەبێت و دەبێتە موسڵمانی ڕاستەقینە, کە ئایینی ئیسلام بەتێکڕایی پەسەند بکات و لەتەواوی چالاکیە جیاوازەکـانی ژیـانی دا, پێـڕەوی لـێ بکـات, هەروەك پێغەمبەر (ص) وهاوەڵانی (ر.ض) و باقی موسڵمانانی پێشین . واتا کاتێك مرۆڤ دەبێتە موسڵمان, کە هەروەك چۆن نوێـژو ڕۆژو ئـەنجام دەدات, بەهـەمان شـێوە دەبێـت لـەکاروباری سیاسـەت و دەوڵـەتڕانی و لەکاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و....هتد, کاری پێبکات, هەروەك خودای گەورەدەفەرمێت (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا).(153), هەروەها لەئایەتێکی دیکەدا خودای گەورە هەڕەشە لەوکەسانە دەکات کە هەنـدێ لـەئایینی ئیسـلام پەسـەند دەکـەن و هەنـدێکی دیکـەی ڕەتدەکەنـەوە, وەك دەفـەرمێت (أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) .(154), بۆیە ناکرێـت کەسـێك لاف و گـەزافی ئیسـلامەتی لـێ بدات, بەڵام حوکم بە قورئان و سوننەت و شەریعەتی ئیسلامی نـەکات, یـاخود بەشـێك لـەئایینی ئیسـلام پەسەندبکات بەڵام بەشێکی دیکەی ڕەفزبکات, واتـا نوێـژو ڕۆژ ئـەنجام بـدات, بـەڵام بـەحوکمی قورئـان و سوننەت و شەریعەتی ئیسلامی ڕازی نەبێت .

---

(152) القران الكريم-سورة النساء-الاية-59-
(153) القران الكريم-سورة النساء-الاية-65-
(154) القران الكريم-سورة البقرة-الاية-85-

## بەشی سێیەم

## لەنێوان دیموکراسیەت و شورادا

جیاوازیەکانی دیموکراسیەت و شورا :

* دیموکراسیەت :

أ- دیموکراسیەت سیستمێکی جاهیلی مرۆڤ کردەو لەسەر کوفرو بێباوەڕی و شیرك بونیاتنراوەو تیایدا مرۆڤ لەبری خودا حوکم دەکات و قانون و یاساو شەریعەت بۆ کۆمەڵگاو باقی مرۆڤەکان دادەڕێژێت, بەپێی خواستی خۆی حەرام و حەڵاڵەکان و یاساغ و ڕێدراوەکان دیاری دەکات . بەمشێوەیە گەل ملکەچی فەرمانڕەوای کافرو شەریعەتە ساختەی دەبێت . ئیدی هەموو ئەوەی کە خودا لەئایینەکەی دا حەرامی کردووە, جەنابی فەرمانڕەوا یاخود ئەندامانی پەرلەمان حەڵاڵی دەکەن, بەپێچەوانەشەوە . ئەم کارەشان لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی عەقڵی کەموکورتی خۆیان ئەنجام دەدەن, پاشان ناویدەنێن دیموکراسیەت .

لەو حەرامکراوانەی ئایین کە دیموکراسیەت بۆخەڵکی حەڵاڵکردووە گەر بەنموونە وەری بگرین, زینا و هاوڕەگەزبازی و فرەعەشیقەیی و زۆڵخستنەوەو تەبەننی کردنی منداڵ و هەروەها عەرەق خۆری و سووخۆری و ....هتد . لەو حەڵاڵانەی ئایین کە دیموکراسیەت حەرامی کردوون, بەنموونە, فرەژنی و حیجابی ئافرەتان و هەروەها مافی سەرپەرشتیاری پیاوان بەسەر ئافرەتانەوەو.....هتد .

ب- دیموکراسیەت حوکمی خودا هەڵدەوەشێنێتەوەو ئایین لەدەوڵەت و سیاسەت جیادەکاتەوە, واتا شەریعەتی ئیسلامی لەکاردەخات و ئیسلام کورتدەکاتەوە لەتەنها نوێژو ڕۆژو حەج دا !! هەروەك ئافرەتان دەکاتە حاکمی وڵات, جگەلەوەش کافرو موشریك و مونافیق دەکاتە حاکمی موسڵمانان, بەشێوەیەکی گشتی تەواوی بنەما سیاسیەکانی ئیسلام پەراوێز دەخات, بەڵکو بەکۆن و نەشیاو و دواکەتوو وەسفیان دەکات, لەهەمانکات بانگەشەی ئازادی ڕەها دەکات .

ج- دیموکراسیەت هەربەوەندەوە ناوەستێت, بەڵکو گۆڕانکاری دەکات لەدادگاکانداو گشت ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی لەکاردەخات, لەبری ئەوەش حوکمی عەلمانیەت و شەریعەتی دەستکردی مرۆڤ دەکاتە یاسای دادگاکان و حوکمی کۆمەڵگای پێدەکات, لێرەشەوە تەواوی ئەحکامەکانی ئایینی ئیسلام دەگۆڕێت . لەنموونەی ئەو ئەحکامانەی کە دیموکراسیەت گۆڕیونی, بریتین لە (حوکمی کوشتن, دزی, زینا, عەرەق, تەڵاق, فرەژنی, میرات, قیوامە, جزیە,.....هتد) , لەبری ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی, بەیاسای مرۆڤ کرد یەکلاییان دەکاتەوەو کەدژوو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی ئەحکامەکانیەتی .

د- دیموکراسیەت سیستمێکی کوفراوی بەرپادەکات و دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی لادینی بونیاتدەنێت کە ئایین تێیدا بایەخی نیە, وەلێ ڕێگری ناکات لەئەنجامدانی نوێژو ڕۆژو پەرستشە فەردانی و ڕۆحیەکان کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەت و ژیانی کۆمەڵگا نیە, هەروەك بانگەشە بۆ هەموو فەسادو بەدڕەوشتیەك دەکات لەژێر نێوی ئازادی ڕەهادا .

* شورا :

أ- سیستمێکی خوداییەو تایبەتمەندە بەئایینی ئیسلامەوە, کەتێیدا حوکم بۆ خودایەو شەریعەتی ئیسلامی یاساو ڕێسای دەوڵەت و کۆمەڵگایە, بۆیە لەدەوڵەتی خیلافەتداو لەنێو ئەنجومەنی شورای ئیسلامی دا,

تاوەکو حوکم و بڕیاری خوداو پێغەمبەر وەستابێت, کەس مافی نیە بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێت و پێشنیاری خۆی بدات . چوون لە ئایینی ئیسلام دا شورا تەنها بۆ ئەو کاروبارانەیە کە قورئان و سوننەت هیچی لەبارەوە نەگوتون و وازی لێهێناون بۆ خودی مرۆڤەکان کەئەمەش زیاتر بواری یداری و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن دەگرێتەوە, کە مەبەست لێی کایەی سیاسی و ئابووری و سەربازی و هتد, لەگەڵ دانانی یاساو ڕێسای شەرعی بۆ هەر دیاردەو گرفت و قەیرانێکی نوێ ئەوەش لەسەر بنەمای ئیجتیهادکردن و بەپشتبەستن بەقورئان و سوننەت ئەنجام دەدرێت .

ب- شورای ئیسلامی بەپێی ڕێوشوێنەکانی شەریعەتی ئیسلامی بڕیاردەدات لەگشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و....هتد . واتا هەر بابەتێك کە شەریعەت بڕیاری لەسەردابێت ئەوا ئەنجومەنی شورای ئیسلامی مافی نییە هیچی لەبارەوە بڵێت, لەسەر ئەم بنەمایەو بەپێی حوکمی شەریعەت, ئافرەتان نابنە حاکمی وڵات, هەروەها نابنە دادوەر, لەهەمانکات کافرو مونافیق نابنە حاکمی موسڵمانان و ناکرێنە دادوەر, بەڵکو دەوڵەت دەوڵەتی ئیسلامە و فەرمانڕەواش دەبێت پیاوانی بڕواداری موسڵمان بێت .

ج- شورای ئیسلامی بەکارخەری شەریعەتی خودایە, ئەنجومەنی شورا خەلیفەی موسڵمانان ناچاردەکات بەبەرپاکردنی حوکمی خودا, لەکاتی هەر لادانێکیش لەشەریعەت, ئەوا ئەنجومەنی شورا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە لێپێچینەوە لەگەڵ لادەران و بیانگێڕێتەوە نێو سنوری شەرع یاخود لەدەسەڵات لایان بدات و پۆستەکانیان لێوەربگرێتەوە . لێرەوە تێدەگەین کە لەشورای ئیسلامی دا کافران و یاساو ڕێسای کوفراوی و هیچ جۆرە فەسادێك جێگای نابێتەوەو کار بەهیچ بڕیارو پێشنیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی دەقێکی قورئان یاخود سوننەتێکی پێغەمبەر بێت گەرچی دەنگی زۆرینەشی لەگەڵدابێت, واتا لەئایینی ئیسلام دا حەق پێوەرە نەك عەقڵگەرایی و دەنگی زۆرینە, ئاشکرایە حەقیش تەنها لای خوداو پێغەمبەرە (ص) .

د- شورای ئیسلامی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی دا ڕێکدەخات, واتا ئەو مافە دەدات بەمرۆڤ کە خودا پێی بەخشیوەو ئەوەشی لێ مەنع دەکات کە خودا لێی مەنع کردووە . «بۆیە لەئیسلام دا ئازادی ڕەها بوونی نیە, بەڵکو ئازادی لەسنوری شەریعەتدایە, بەمانایەکی دی لەئایینی ئیسلام دا ئازادی لەسنوری ئەخلاق و ڕەوشی مرۆڤانەدایەو بەپێی فیترەت و سروشتی خودی مرۆڤەکانە . بۆیە لەشورای ئیسلامی دا هیچ کەس مافی ئەوەی نیە کە لەژێر دەمامکی ئازادی و مافی مرۆڤ دا, بانگەشە بۆ شتێك بکات کەپێچەوانەی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بێت .چوون بڕیاری خودا هاوێنەی فیترەتی خودی مرۆڤەکانەو لەگەڵ ژیان و بەرژەوەندیاندا دێتەوە, لەم پێناوەشدایە کە ئایینی ئیسلام ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی لەچوارچێوەیەکی ئەخلاقی دا سنوربەند کردووەو دژی بیروبۆچوونی سەرکەشانەی مرۆڤ و بانگەشە ناڕەواو نائەخلاقیەکانی دەوەستێتەوەو دژایەتی ئازادی ڕەها دەکات .

لێرەوە تێدەگەین کە دیموکراسیەت و شورا, دوو سیستمی جیاوازو دژبەیەکن . هەرکامیان جۆرە یاساو ڕێسایەکی تایبەت بەخۆیی هەیەو هەریەکەشیان تایبەتن بە کۆمەڵگای خۆیانەوە . دیموکراسیەت سیستمێکی جاهیلیەو یاساو ڕێساکانی لەسەر بیرو بۆچوون و ئارەزواتی مرۆڤی کافرو مولحید دارێژراوەو بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگای جاهیلی دامەزراوە, تیایدا مرڤی مولحید حوکم دەکات و بڕیاریش بەپێی هەواو ئارەزووی مرۆڤە . بەڵام شورا سیستمێکی خودابیەو لەسەر یاساو ڕێساکانی لەسەر بنەمای شەریعەتی

ئیسلامی داڕێژراوەو بۆ کۆمەڵگای موسـڵمانانە, لەشـورای ئیسـلامی دا, حاکمیـەت بـۆ خـودای گەورەیـەو بڕیاریش لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت دەبێت .

## موسڵمانان لەنێوان دیموکراسیەت و شورادا :

- لەسیستمی دیموکراسی دا, موسڵمانان جێگایان نابێتەوەو مافـەکانیان ڕووبـەڕووی پێشـێلکاری دەبێتـەوەو پیرۆزییەکانیان دەڕوشێنرێت و ناچاردەکرێن بەئەنجامدانی کارێك کەدژی ئایینەکەیانە, بۆنموونە, لەژێر دروشمی ئازادی ڕەهادا سوکایەتی بەهەموو پیرۆزییە ئایینیەکان دەکەن, لەوانیش دژیـەتیکردنی حیجـابی ئافرەتـان و بێڕێزیکردن بە قورئان و سوننەت و حەرامکراوەکانی ئیسلام و هتد . لەهـەمانکات بـەنێوی ئـازادی ڕەهـای ئابوورییەوە موسڵمانان ناچار بەسودخۆری دەکەن, ئەمە سەرباری ڕێگریکردن لەئەنجامدانی زۆرێـك لەئەرکـە ئایینیەکان . وەلێ لەسیستمی شورای ئیسلامی دا, بەپێی شەریعەت ماف و ئازادییـەکان ڕێکخـراون, ڕێـزو پیرۆزی گشت ئایین و ئایینزاکان پارێزراوەو مافی هەموان بەپێی شەریعەت ڕێکخراوە . واتا ئایین و ئایینزاکانی غەیری ئیسلام لەچوارچـێوەی شـەریعەتی ئیسـلامی دا ئـازادن, هەڵبـەت لەئیسـلام دا ئـازادی بـۆ چـاکەو چاکەکارییە نەك بۆ فەسادی و بەدڕەوشتی .

- لەدیموکراسیەتدا ئینتیما بۆ دەوڵەت و نیشتیمان و گەلە, واتا بەهاو پێوەرەکانی جاهیلیەت دەخرێتـە سـەر بەهاو پێوەرەکانی ئایینی ئیسلامەوەو موسڵمانان ملکەچی ئەو بنەما چەوتانە دەکەن . ئیـدی لـەبری خـودا, دەوڵەت پیرۆز دەکرێت و دەپەرسترێت, لەهەمانکات نیشتیمانپەروەری و نەتەوەپـەروەری دەبێتـە ئـایینی نـوێی خەڵکی و بەسەر موسڵمانیشی دا دەسەپێن, لەحاڵێکـداو لـەئایینی ئیسـلام دا خـودا پەرسـتراوی تاقانەیـەو ئینتیما بۆ خوداو پێغەمبەرو موسڵمانانە ئایینیش تەنها ئیسلامە .

- لەدیموکراسیەتدا حوکمی خودا دەڕوخێنرێـت و سـەروەری شـەرع پێشـێل دەکرێـت و حوکمـەکانی ئیسـلام لەکاردەخرێت, لەهەمانکات حوکمی جاهیلیەت بەرپادەکرێت و سەروەری بـۆ کـوفرو شـەریعەتی دەسـتکردی مرۆڤ دەبێت و مرۆڤی کافر لەبری (خودا) حوکم دەکات . بەڵام لەشورای ئیسلامی دا حوکمی خودا پایـەدارەو سەروەری شەریعەتی ئیسلام پارێزراوەو موسڵمانان حـوکمی خـودا بەرپادەکـەن, وەلـێ لـەبواری ئیـدارەدان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پیرۆکردنی ستراتیژە سیاسی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و ....هتـد, ئـازادن . لەوبوارانەشی کە شەرع لێی بێدەنگ بووەو حوکمی لەبارەوە نەهاتووە, دەتـوانن بەڕاوێـژو مەشـوەرەت بڕیـاری لەسەر بدەن, هەروەك بۆهەموو دیاردەو قەیرانێکی نوێ و تازە سەرهەڵداوی نێو هەرکام لە کایە جیاوازەکـانی ژیانی موسڵمانان و کۆمەڵگەی ئیسلامی, دەتوانن لەچوارچێوەی بنەماکانی شەریعەتداو بەڕاوێژو مەشـوەرەت بڕیاری لەسەر بدەن .

## عەلمانیەکان و ئیسلامیەکان لەنێوان دیموکراسیەت و شورادا :

* پرۆژەی دیموکراسی, هەڵقوڵاوی فیکری جاهیلیەتی کۆنی یۆنانیە . ئەو کۆمەڵگایەی کە لەکوفرو شیرکگەرایی و بتپەرستی دا, بەقوڵی ڕۆچووبوون . هیچ بایەخێکیان بەئایینە ئاسمانیەکان نەدەدا . خۆرئاوای ئەمڕۆش کەبۆتە وەجاغزادەی یۆنانیەکان و ڕۆشنکەرەوەی بیروباوەڕە کوفراوەی و شیرك زەدەکانیان, لەبارەیەوە پێش یۆنانیەکانیش کەوتوون و جگەلە زیندووکردنەوەی بیروباوەڕە فەلسەفیەکانی یۆنان, بۆخۆیان چەندین فیکرو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیای ئیلحادی نوێیان لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕە ئیلحادیانە بونیاتناو هەر لەسەر بنچینەی ئەو باوەڕە مرۆڤکردانە, ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و....هتد, ی کۆمەڵگاکانی خۆئاوای ئەمڕۆیان بونیاتناوەو مرۆڤی خۆرئاواییان لەسەر پەروەردەکردووە . ئیدی پشتیان لە ئایینە ئاسمانیەکان کردوو ڕەفزی حوکمی خوداو دەوڵەتی ئایین و پیرۆزکردنی شەریعەتی ئاسمانیان کرد . لەپێناو بەجیهانی کردنی بیروباوەڕە ئیلحادییەکەیان, خۆرئاوای مولحید مەقولەیەکیان بەنێو گەلانی جیهاندا بڵاوکردەوە, کەئەویش مەقولەی (جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت) بوو . واتا ئایین لە سیاسەت و دەوڵەت دوور بخرێتەوەو لەکاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و هزری جیابکرێتەوە . پاشان ئایین لەنوێژو ڕۆژو و حەج دا کورت بکرێتەوەو بەفەردی بکرێت و بخرێتەوە نێو گۆشەی پەرستگاکەی .

بەهۆی لاوازی ئایینی نەسرانیەتەوە, ئەم مەقولەیە لەخۆرئاوا چەسپاو لەدڵ و دەرونی خەڵکیدا جێگای گرت, هەروەك لەنێو ئایینی جولەکایەتی و هیندۆسی و بوزی و کۆنفۆشیوسی دا جێگای گرت و وەك تێگەیشتنێکی نویێ بۆ ئایین, لەهزری هەوادارانی ئەو ئاینانەدا شوێنی خۆی گرت و بوویە بەشێك لەعەقیدەو بیروباوەڕیان, بەم هۆیەشەوە شەریعەتی ئایینەکانیان هەڵوەشاندەوەو تەنها چەند تێگەیشتنێکی سادەی خورافی هەڵقوڵاوی بیروبۆچوونی مرۆڤ و چەند ڕەسم و سروت و پەرستشێکی سادەو ساکاری ڕۆحانیان لەو ئایینانە هێشتەوە, لەپاشان ئەویشیانن خزاندەوە نێو کلێساو دێرو پەرستگاکان و هەر لەوێدا مومارەسەی ئاینەکانیان دەکرد . لێرەوە دیموکراسیەت بوویە سیستمی دەوڵەت و عەلمانیەتیش کرایە شەریعەتی کۆمەڵگا . بەمشێوەیەو لەخۆرئاوا کۆتایی بەدەوڵەتی ئایینی هێنراو هەموو چالاکیەکی سیاسی ئایینی یاساغکراو تەواوی ئەو گروپ و کۆمەڵ و ڕێکخراو و پارتانەشیان یاغکرد کە کاریان بۆ گەڕاندنەوەی دەوڵەتی ئایینی دەکرد . بەمشێوەیە فیکری ئایینی و سیاسەتی ئایینی و ئابووری ئایینی و کۆمەڵگای ئایینی و کلتوری ئایینی و...هتد, هەرەسیان هێناو کۆتاییان پێهات لەخۆرئاوادا .

لەپاش زاڵبوونی خۆرئاواییەکان لەڕووی تەکنۆلۆژیاو پاشان بەهۆی پەرەگرتنی چەك و چۆڵی سەبازی لەشکرەکانی وڵاتانی خۆرئاوا, لەهەمانکات بەهۆی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی, خۆرئاواییەکان توانیان لەو جەنگەدا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلا عوسمانیان تێکشکێنن و خاکی ڕۆژهەڵات داگیربکەن . دواتر لەلایەن کەمال ئەتاتورکی عەلمانی نەتەوەپەرستەوەو لەساڵی 1924ز, کۆتای بەخیلافەتی ئیسلامی هێنراو یەکەمین کۆماری عەلمانی ڕاگەیاند لەسەر ئەرزی ئیسلام . هەر لەم دەوڵەتەداو لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتاتورکدا یەکەمین ئەزموونی دیموکراسی ئەنجامدراو هەڵبژاردنی گشتی تێدا بەڕێوەبرا .

لەپاش ئەم هەنگاوەیان, خۆرئاواییەکان لێبڕاوانە کەوتنە کار بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەتی خۆیان لەهەمبەر ئایینی ئیسلام, هەروەك لەپێشتر لەبەرامبەر نەسرانیەت پێڕەویان کرد . ئەوەش بەهاوکاری

کەمینەی عەلمانی خۆرهەڵاتی کەلەنێو جیهانی ئیسلامی دا و لەنێو ڕیزی موسڵماناندا سەریان هەڵدابوو . ئەم کەمینەیە داوای شوێنکەوتنی کوێرانەی خۆرئاوایان دەکرد, لەمەشیاندا بەهەڵەداچووبوون و تەنها لەسبیاتەکاندا تەقلیدی خۆرئاوایان دەکردەوە .

خۆرئاواییەکان بەهاوکاری ئەم کەمینە عەلمانیە دەستیانکردە جێبەجێکردنی پیلانەکانیان . لەیەکەمین هەنگاویان و لەتورکیادا, کەمینەی عەلمانیان بەسەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورك کردە فەرمانڕەوای کۆماری تورکیای نوێ, ئەوەش لەبەرامبەر چەند مەرجێکدا کەبریتین لە :

أ- دەستبەجێ جیاکردنەوەی ئیسلام لەبەڕێوەبردنی تورکیا (واتا لەحوکم و سیاسەت) .
ب- دژی هەموو ئەو جوڵە ئیسلامیانە بوەستێ کە لەتورکیادا ئەنجام دەدرێت .
ج- دژی هەموو ئەو لایەنانە بوەستێ کە دەنگیان دەخەنە پاڵ دەنگی خیلافەتی ئیسلامی و دەبنە پاڵپشتی, بەمەبەستی بونیاتنانەوەی جارێکی دی .
هـ- دەبێت بۆ دەستوری تورکیا یاسایەکی عەلمانی هەڵبژێرێ (غەیری دەستوری ئیسلامب) .(155)

بەمشێوەیە دیموکراسیەت بەپاڵپشتی خۆرئاواو بەهۆی کەمینەی عەلمانی ڕۆژهەڵاتیەوە دزەیکردە نێو جیهانی ئیسلامیەوە . لەگەڵ هاتنی ئەم ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕەش, سەرەتای لێدان و داپڵۆساندنی هەموو ئیسلامخوازان دەستی پێکرد . لەتورکیای کەمالیدا گرتن و کوشتن و ڕاوەدونانی ئیسلامیەکان بویە پیشەی سەرەکی دەوڵەت, لەمیسری عەلمانی ناسریدا گرتن و کوشتن و داپڵۆساندنی ئیسلامیەکان ئامانجی سەرەکی دەوڵەت بوو, لەباقی دەوڵەتی ئیسلامی ژێر چەپۆکی عەلمانیەکاندا, ئیسلامخوازان هەمان حاڵیان بوو هەروەك تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە .
هاوشان لەگەڵ جەنگە سەربازییەکەیان, دیموکراسیخوازانی عەلمانی, جەنگێکی فیکری هەمەلایەنەیان دژ بەفیکرو عەقیدەو شەریعەتی ئیسلامی و بەهاکانی بەپاکرد . لەم پێناوەش دا دەیان و سەدان دەزگای ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراویان بەگەڕ خست, ئامانجی سەرەکیان لەم کارەیاندا, شێواندنی حەقیقەتی ئیسلام و بەلاڕێدابردنی بوو . تاوەکو بەم کارەیان موسڵمانان لەئیسلامی ڕاستەقینە دووربخەنەوە, پاشان بۆخۆیان و بەسودوەرگرتن لەئەزموونی خۆرئاوا, ئیسلامێکی ساختەکراو گەڵاڵە بکەن و موسڵمانانی پێ فریوبدەن . ئەو ئیسلامە نوێیەش کە دیموکراسیخوازانی عەلمانی هەوڵی گەڵاڵەکردنیان دا, بریتی بوو لەئیسلامێکی فەردی,

---

(155) ئەم ڕێچانە بناسە ... عەلمانیەت, تەلشیر, بوزیەت-دانا عسمان حسن-ل15 .

کە تەنها لەچەند ڕکات نوێژو چەند ڕۆژێك ڕۆژوگرتن و حەجێکدا کورت هەڵاتبوو . واتا ئەم ئیسلامە دیموکراسیە پێکهاتبوو لە چەند ڕەسم و سروتێکی ڕۆحانی و بەس . ئیدی دیموکراسیخوازان کەوتنە

پڕوپاگەنـدەکردن و بانگەشـەکانی خۆیـان لـەبارەی ئیسـلامەوە بڵـاوکردەوەو هـەڵی چەواشـەکردنی گـەلانی موسڵمانیاندا . گوتیان ئایینی ئیسلام پێوەندی بەدەوڵەت و سیاسەتەوە نیە ! هەروەك گوتیان ئـایینی ئیسـلام تەنها بریتیە لەپێوەندییەکی ڕۆحی نێوان مرۆڤ و خودا !

دیموکراسیخوازان تەنها بەشێواندی ئیسلامەوە نەوەستان, بەڵکو بوارەکانی دیکەی ژیان و چالاکی مرڤەکانیان گەندەڵ کرد, بەتایبەتیش بواری سیاسەت . گوتیان سیاسەت واتا درۆو دەلەسەو فڕوفێڵ, سیاسەت واتا پیلان و هەڵفریواندن, بۆیە پێویستە ئەم کارەدزێوان لەئایین جیابکەینەوە ! چوون ئـایین پـاك و خاوێنـەو دووره لـەم کارانە ! گوایا باسیمای ئایین دزێو نەبێت ! بەم جـۆرە پڕوپاگەندانـە بیروهـزری گـەلانی ئوممـەتی ئیسـلامیان سیخناخ کرد . بەمجۆرە ڕەوایەتیان بەخۆیان بەخشـی لـەپێناو ئەنجامـدانی هـەموو بەدڕەوشـتیەکی سیاسـی و ئەخلاقی و ئابووری و هتد . درۆو دەلەسەو چەواشەکاری و تەزویرکردنی هەڵبـژاردن و زەتکردنـی دەسـەڵات و ئەنجامدانی کوشتوبڕو لـەنێوبردنی نـەیارە سیاسـیەکان و پێڕەویکردنـی سیاسـەتی دووفـاقی, بڵاوکردنـەوەی بەدڕەوشتی ئەخلاقی و سەرقاڵکردنی بەدامێنپیسی و مەدهۆشکردنی بەخوادنەوەی عەرەق و مومارەسەکردنی قومارو هاندانی هەموو جۆرە خراپەکاریەکی ڕەوشـتی و بەهـەدەردانی سـامانی گـەل, لەگـەڵ بڵاوکردنـەوەی نادادی و ستەم و هەژاری و بەنێو گەلانی ئیسلامی دا . ئەمە سەرباری دواکەوتنی وڵات لەهەموو بوارەکـانی زانست, هەروەها وێرانبوونی کەرتە ئابووریەکانی پیشەسـازی و کشـتوکاڵ و بازرگـانی وڵـات . لەهـەمووی تراژیدیتر هەرەسهێنانی بەها باڵاکان و بەپاشکۆبوونی گەلانی ئیسـلامی, لـەدیارترین دەرەنجامـە دزێوەکـانی پرۆسەی دیمراسیەت بوو لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی .

### حەقیقەتی دیموکراسیەت و شورا :

### حەقیقەتی دیموکراسیەت :

دیموکراسیەت, واتا حوکمی گەل, بەڵام لەڕاستی دا حوکمی کەمینەیەکی سـامانداری دەسـت ڕۆیشـتوی نێـو کۆمەڵگایە, کەتوانیویانە بـەهۆی سـەرمایەی ئـابووری و داودەزگـای ڕاگەیانـدن و پارتەکانیانـەوە, دەنگـی جەماوەر بۆخۆیان مسۆگەر بکەن و دەسەڵات بەدەستەوە بگرن, دواتر بۆخۆیان و بەنێوی گەلەوە حوکمی وڵات بکەن .

ئەم سیستمە لادینیە, تەنها بۆ کۆمەڵگای لادینی غەیرە ئیسلامی و بۆ گـروپ و کۆمـەڵ و پارتـە لادیـنی و عەلمانیەکان دەبێت . واتا موسڵمان و پـارتی ئیسـلامی و کەسـایەتی ئیسـلامخواز لـەم سیسـتمەدا جێگایـان نابێتەوە, لەبەرئەوەی دیموکراسیەت لەسەرەتاوە بۆکۆتاییەکەی پێچەوانەو دژی ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلامیە, چوون دیموکراسیەت دژی حوکمی خودایەو دژی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیە دژی بنەمـاو بنچینەکانی ئیسلام و گشت ئەحکامە شەرعیەکانە . گەر لە وڵاتانی خۆرئاوادا موسڵمانانێك بونیان هەیەو دەژیـن ئـەوە لەبەرئەوەنیە کە دیموکراسیەت ئیسلام و موسڵمانانی پێ قبوڵە, بەڵکو دیموکراسیەت تەنها ئەو موسـڵمانانە پەسەنددەکات کە کاری سیاسی ئیسلامی ناکەن, تەنها خەریکی مومارەسەکردنی نوێژو ڕۆژو پەرستشە ڕۆحی و فەردانیەکانی ئیسلامن و لەهەمانکات ملیـان کەچـە برسیسـتمی عەلمانیـەت و قـانون و یاسـا دارنـراو و دەستکردەکانی, بۆیە دەبینین لەهیچ کام لەو وڵاتە خۆرئاواییانەو لەو وڵاتانەشی کـە موسـڵمانان زۆرینـەی دانیشتوانەکەی پێکدێنن, ڕێگەنەدراوە ئیسلامخوازان دەسەڵات بگرنە دەست, یاخود ڕێگایان پێنەدراوە گـروپ

و پارتی ئیسلامی دابمەزرێنن, یان شەریعەتی ئیسلامی لەنێوخۆیاندا جێبەجێ بکەن . تەنانەت لەهەندێك وولاتی دیموکراسیخوازی وەك فەرەنسادا بەئاشکرا دژایەتی دیاردە ئیسلامیەکان دەکرێت, لەنموونەی وەوەش حیجاب .

## حەقیقەتی شورا :

شورا, واتا پرس و ڕاوێژ, کەتایبەتە بە سیستمی ئیسلامیەوەو لەنێو کۆمەڵگای موسڵماناندا پێڕەوی لێدەکرێت, وەك لەڕابردوودا و لەدەوڵەتی ئیسلامی پێغەمبەر(ص) و ڕاشیدین (ر.ض), پێڕەوی لێکراوە . هەروەك موسڵمانان بۆخۆشیان و لەکاروبارە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا پێڕەویان لێکردووە بۆ یەکلایی کردنەوەی کاروبارە گرنگەکانی خۆیان .

ئەم سیستمە لەسەر بنەمای حوکمی خودا دامەزراوەو کار بەشەریعەتی ئیسلامی دەکات و هەر لەو چوارچێوەیەش دا تەواوی پرسە جیاوازەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی یەکلایی دەکاتەوە, واتا تەجاوزی سنوری حوکمی خودا و شەریعەتەکەی ناکات .

لەشورای ئیسلامی دا کەسایەتی کافرو موشریك و مولحید جێگایان نابێتەوە, هەروەك لەکۆمەڵگای ئیسلامی دا, ڕێگا بەبوونی هیچ پارت و ڕێکخراوێکی عەلمانی و ئیلحادی نادرێت . چوون موسڵمانان سەرجەمیان یەك ئوممەتن وەك خودای گەورە بڕیاری لەسەرداوەو دەفەرمێت (إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ) .(156), بۆیە موسڵمانان مافی ئەوەیان نیە لەنێو خۆیانداتەفرەقەو پەرتەوازەیی دروستبکەن لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و ناوچەگەریتی یاخود لەسەر بنەمای فیکرو ئایدیۆلۆژیای لادینی ئیلحادی, بەڵکو پێویستە لەسەریان دەستت بەئایین و بەرنامەی ئیسلامەوە بگرن هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا) .(157) هەربۆیە فرەحزبی و پێڕگەرایی لەنێو خودی ئیسلامیەکان و موسڵمانادا ڕەوانیە, جا چ جای ئەوەی لەسەر بنەمای دیموکراسی و عەلمانی و لیبراڵی ..... هتد, بێت .

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئایینی ئیسلام لەژێر چەتری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی داو لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی دا, ماف و ئازادی بۆ هەموان دەستەبەرکردووەو ڕێزی فرەیی نەتەوەیی و فرەیی ئایینی و بیرو ڕای جیاوازی هەموانی گرتووە, واتا لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, دەوڵەتێکی ئیسلامیەو بەپێی شەرع حوکم دەکات و موسڵمانان بەڕێوەی دەبەن, بەڵام هەموان بەتەواوی جیاوازیەکانیانەوە دەتوانن تێیدا بژین و مومارەسەی ماف و ئازادیەکانی خۆیان بکەن .

لەماوەی پتر لەهەزارو چوارسەدو سیوپێنج ساڵی دەسەڵاتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ڕاشیدین و ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی دا, گەلانی سێ کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیاو ئەورووپا لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی دا ژیاون . لەنموونەی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئاسیادا (عەرەب و تورك و فارس و کورد و هیند و,

---

(156) القران الكريم-سورة النساء-الاية-92-

(157) القران الكريم-سورة ال عمران-الاية-130-

بنجاب و بلوج و پشتۆن و ئۆوبەگ و تاجیك و قەرقیز و کازاغی و قەوقازی و ئەندۆنیزی و مالیزی و هتد), لەگەلانی ئەفریقی (حەبەشی و زنجی و بیابانی و هتد), لەگەلانی ئەورووپی (یۆنانی و هەنگاری و مقدۆنی و

بلگاری و ئەلبانی و ڕۆمانی و ئەندلوسی, هتد) هەموو ئەمانە لەنێو دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و پێکەوە ژیاون . ئەمە جگەلەوەی چەندان کەمایەتی نەتەوەیی و چەندان ئایین و ئایینزای جیاوازو جۆراوجۆر هەبوون و پیڕەویان لە داب و نەریتی خۆیان کردووە موماڕەی ڕەسم و سروت و پەرستشە ئایینیەکانی خۆیان کردووە . لەو ئایین و ئایینزایانەی کە لەژێر سایەی خیلافەتی ئیسلامی دا بوون, بریتی بوون لە (نەسرانیەت و یەهودی و هیندۆسی و بوزی و باقی کەمایەتیە ئایینیەکانی دی) .

گەر لەحاڵێکدا کەسێك بپرسێت, یاخود ڕەخن بگرێت ل ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و لە ئایینی ئیسلام و بڵێت ئیمتیاز زیادی لەوانی دیکە بە موسڵمانان دراوە, ئێمەش وەڵامی دەدەینەوەو دەڵێین دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, دەوڵەتی ئیسلام و موسڵمانانە هەروەك چۆن دەوڵەتی بەریتانی دەوڵەتی ئینگلیزە مەسیحیەکانە و ئیمتیاز بۆ ئەوانە لە پلەو پایەو پۆستەکانداو لەبڕیارەکاندا, یاخود لەفەڕەنسا ئیمتیاز بۆ فەڕەنسیەکانەو لەڕووسیا بۆ رووسەکانەو لەیابان بۆ یابانیەکانەو ...هتد .لەهیچ کام لەو وڵاتانەدا جگەلە ڕەگەزی باڵادەست و زۆرینە, هیچ ڕەگەزێکی دیکە مافی نیە ببێتە سەرۆك دەوڵەت و حکومەت و پارلەمان . بڕیاربەدەستیش هەرخۆیانن . خوانەخواستە هیچ موسڵمانێك بۆی نیە توخنی هیچ پلەو پایەو پۆستێکی ئەو وڵاتانە بکەوێت .

ئالێرەوە تێدەگەین کە دیموکراسیەت و شورا, دو سیستمی جیاوازو دژیەکن و هیچ هاوبەشی و هاوشێوەییەکیان لەنێواندا نیەو هەرکامیان تایبەتن بەبیروباوەڕێکی دیاری کراو, هەروەك هەرکام لەوان بۆ کۆمەڵگای تایبەت بەخۆیانن . دیموکراسیەت تایبەتە بەبیروباوەڕی عەلمانیەوەو بۆ کۆمەڵگای جاهیلی لادینیە و لەلایەن مرۆڤی کافرو مولحیدەوە ڕەوایەتی پێدراوە, بەڵام شورا تایبەتە بەبیروباوەڕی ئیسلامی و بۆ کۆمەڵگای ئیسلامیەو لەلایەن خودای گەورەوە شەرعیەتی پێبەخشراوە .

### لەنێوان سیستمی دیموکراسیەت و شورادا :

- دیموکراسیەت لەڕووی شەرعیەوە پوچ و بەتاڵەو ڕەوایەتی نیە, هەروەك حوکمی ستەمکار (طاغوت) ە, لەهەمانکات بەرپاکردنەوەی جاهیلیەت . بەڵام شورا کارو فەرمانێکی شەرعیەو لەسەر بنەمای حوکمی خودایەو بەرپاکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامیە .
- دیموکراسیەت جەخت لەسەر سەروەری گەل دەکاتەوەو تیایدا گەل یاخود کەمینەیەك بەنێوی ئەوانەوە بڕیار دەدات, واتا مرۆڤ حوکم دەکات و یاساو تەشریع دادەڕێژێت و گشت حەرام و حەڵاڵەکان دیاریدەکات . بەڵام لەشورادا بڕیار بۆخودایەو سەروەری بۆ شەریعەتی ئیسلامیەو گشت حەرام و حەڵاڵەکان لەلایەن خودای گەرەوە دیاری دەکرێت, هەروەك لەقورئان و سوننەتدا هاتووە .
- دیموکراسیەت سنوری نیەو بەپێی خواست و ئارەزووی مرۆڤ بڕیاردەدات و ڕەچاوی هیچ ئایین وقییەم و بەهایەکی ئەخلاقی ناکات, بەڵکو بانگەشەی ڕەهایەتی ئازادی مرۆڤ دەکات . بەڵام شورا پابەندە بەشەریعەتی ئیسلامیەوەو لەسنوری شەرع دەرناچێت, هەروەك ئازادی مرۆڤی لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی دا ڕێکخستووە .

- دیموکراسیەت جەخت لەسەر بیروبۆچوونی مرۆڤ دەکاتەوە بۆ بڕیاردان, بۆ یەکلایی کردنەوەی هەر بڕیارێك پشت بەدەنگی زۆرینە دەبەستێت, بەڵام شورا تەرکیز لەسەر حوکمی خودای گەورەدەکاتەوەو بۆ بڕیاردان و بۆ یەکلایی کردنەوەی هەر بڕیارێکیش پشت بەقورئان و سوننەت دەبەستێت .
- لەدیموکراسیەتدا زاناو نەزان دەنگیان وەك یەکەو لەیەکلایی کردنەوەی هەموو بڕیارو بابەتەکاندا, تەواوی خەڵکی لەگشت ئاستە جیاوازەکاندا بەشداری دەکەن, ئاشکرایە کە هەمیشە زۆرینەی خەڵکی نەزان و ناشارەزان و زۆرجاریش فریودەدرێن, ئەمەش وادەکات دەرەنجامی دەنگدانەکان بەئاقارێکی خراپدا بچێت و دەرەنجامی نالەباری لێبکەوێتەوە, بەڵام لەشورای ئیسلامی دا تەنها کەسانی زاناو شارەزا مافی بەشداریکردنیان هەیەو دەتوانن بڕیارو بابەتەکان یەکلایی بکەنەوە .

**چەند هوڵوێستەیەك لەسەر دیموکراسیەت :**

لەماوەی ڕابردوودا لەجیهانی ئیسلامی دا, بەرەی دیموکراسیخوازانی عەلمانی بەپاڵپشتی خۆرئاوا, زۆربەتوندی بەگژ ئیسلام و ئیسلامخوازاندا چوونەوە و دژایەتی توندی چەمکەکانی شەریعەت و شوراو خیلافەتیانکردو هەڵی لەنێوبردنی تەواوی بنەما سیاسیەکانی ئیسلامیانداو کاری جدیانکرد بۆشێواندنیان . لەنمونەی ئەو دژایەتی و چەواشەکاریانەو لەدیارترینی ئەو تۆمەتانەی دەرحەق بەئیسلام هەڵیانڕشت, ئەوەبو گوتیان :
- گوتیان ئیسلام پێوەندی بەدەوڵەت و سیاسەت و دەوڵەتڕانیەوە نیە ! بەڵکو ئیسلام بریتیە لەنوێژو ڕۆژو حەج و پەرستشە ڕۆحیەکان, گوایا ئایینی ئیسلام تەنها بریتیە لەپێوەندیەکی ڕۆحی نێوان مرۆڤ خودا !
- گوتیان ئیسلام ئایینێکی کۆنەو پێوەندی بەڕابردووەوە هەیەو بۆئێستا گونجاونیەو دەستنادات ! ئەمەش بەپاساوی ئەوەی گوایا لەم زەمەنەدا عەقڵی مرۆڤ زۆر پێشکەوتووەو ئیدی پێویستی بەئایین نیە بۆڕێکخستنی ژیانی !
- هەوڵی ناشرینکردنی مێژووی ئیسلام و خیلافەتەکانی موسڵمانیاندا, تاوەکو بەم شێوەیە سیستمی سیاسی ئیسلامی لەپێش چاوی خەڵکی دزێوبکەن و وایان لێحاڵی بکەن کە گوایا ناشیاوەو کەڵکی کارپێکردنی نیە, لەهەمانکات بەپڕوپاگەندەی چەواشەکاری و بەگوتەی باق و بریق هەوڵی جوانکردنی دیموکراسیان دا, تاوەکو لەپێش چاوی خەڵکی شیرینی بکەن بەشێوەیەك کە ببێتە جێگای ڕەزامەندیان و پەسەندی بکەن .
- دیموکراسیخوازان لەژێر دەمامکی ئازادی دا بانگەشەیان بۆ فەسادو بەدڕەوشتی دەکرد, گوایا دەبێت مرۆڤ ئازادبێت و بەنێوی ئایینەوە گوفتارو ڕەفتاری سنوردار نەکرێت ! لەهەمانکات ئیسلامیان بەدژە ئازادی و پێشێلکاری مافی مرۆڤ تۆمەتباردەکرد !
- دیموکراسیخوازان هەوڵی شێواندنی مێژووی دەوڵەتشاری مەدینەیانداو ئەزموونی کاروچالاکیەکانی پێغەمبەریان (ص) وەك ئەزموونی بانگخوازێك چواند, هەروەك ڕەفزی شەریعەتی ئیسلامی و گشت ئەحکامەکانیان کرد, گوایا ئەمە دانراوی زانایانی ئیسلامەو پێوەندی بەقورئان و سوننەتەوە نیە ! بەم شێوەیە خیلافەتیان بەخورافات وەسف کردو ئیسلامیان بەئایینی ڕۆحانی ناودێرکرد, پێغەمبەریشیان تەنها وەك ئامۆژگاریکارو بانگخواز دەناساند, تاوەکو بەم شێوەیە وەها لەموسڵمانان بگەیەنن کە ئایینی ئیسلام هیچ پێوەندییەکی بەدەوڵەت و سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە نیە ! گوایا ئیسلام دوورە لەسیاسەت !

## ئیسلامیەکان ئەزموونی دیموکراسی :

لەپاش هەژمونکردنیان بەسەر جیهان و بەهۆی زاڵبونیان بەسەر خۆرهەڵاتی ئیسلامی وەك بەشێك لـەجیهان, خۆرئاوا جگەلە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆی, فیکرو ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕی خۆی داسەپاند بەسەر ئـەو نەتەوانەداو ناچاریانکردن کەپێڕەوی لێبکەن گەرچی پێچەوانەو دژی ئایین و نەریتیشیان بێت .

جیهانی ئیسلامی لەبەردەم ئەم واقیعە نوێیەدا دابـەش بـوو بەسـەر سـێ گـروپ و کۆمـەڵی جیـاوازدا, کـە هەریەکەیان هەڵوێستی تایبەتی خۆی وەرگرت لەهەمبەر خۆرئاواو ئایدیۆلۆژیاو دەسـەڵاتەکەیەوە . هەریەکـە لەو سێ گروپ و کۆمەڵەش بریتین لە :

أ- گروپی خۆرئاواخوازان, ئەم گروپە هەمـوو ئەو کەس و گروپ و کۆمەڵ و پارتانـە دەگرێتـەوە کـە کوێرانـە موعجیبی خۆرئاوابوون و پاشکۆیەتی خۆیانیان بۆ خۆرئاواو ملکەچیان بۆ دەسەڵاتەکەیان ڕاگەیاندو هـەموو فیکرو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیاکانی خۆرئاوایان پەسەندکردو پێڕەویان لێکردن گەرچی دژی ئایین وشارستانیەت و مێژووی ڕەسەنی خۆشیان بـوو . لەمەشـیاندا بەهەڵەیـەکی کوشـندەدا ڕۆچـوون کـەپێیانوابوو بـەوکارەیان پێشدەکەون ! لەحاڵێکداو لەپاش تێپەڕبوونی هەرچی زیاتری ڕۆژو مانگ وساڵەکاندا زیاترو زیاتر شکستیان دەهێناو لەدواکەوتوویی دا ڕۆدەچوون و زەبوونتر دەبوون لەبەرامبەر خۆرئـاوادا . ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی ئـەو ڕەوت و بزاوتە خۆرئاواخوازانە توانای ئەوەیان نەبوو کەجیاوازی بکەن لەنێوان بیروباوەڕی فەلسەفی و زانسـت و لێکۆڵینەوەی زانستی دا . هەروەك تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت خۆرئاواخوازانی عەلمانی درێژە بەم عەقڵیـەت فاشیلەیان دەدەن کوێرانە شوێنی خۆرئاوا دەکەون .

ب- گروپی ئیسلامۆکراتیەکان, ئەمانە ئەو بـزاڤ و ڕەوت وو پارتـە ئیسـلامیانە دەگرێتـەوە کـە بانگەشـەی ئیسلامخوازی دەکەن, وەلێ کەوتوونەتە ژێرکاریگەری بیروباوەڕە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیەکانی خۆرئـاواوەو لـەژێر کاریگەری واقیعەکـەدا تێکـەڵ بەپرۆسـەی دیموکراسـی بـوون . لـەم پێنـاوەش داو لـەژێر گوشـاری پارتـە عەلمانیەکان دا, دەستبەرداری زۆرێك لەبنەما عەقیدەییەکانی ئیسـلام و تـەواوی ئەحکامـەکانی شـەریعەتی ئیسلامی بوون ! لەپێناو ئەوەی ڕێگایان پێبدرێت لەپرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی دا بەشداربن و ڕێژەیـەك دەنگ بەدەست بێنن .

ئەم پارتە ئیسلامۆکراتیانە لەخەیاڵی خۆیاندا خەونن بەوەوە دەبینن کە بەهەڵبژاردنی دیموکراسـیانە زۆرینـەی دەنگی گەلەکانیان بەدەست بێنن و ئەمجار زۆرینەی کورسیەکانی پارلەمان بۆخۆیان مسـۆگەر بکـەن و دواتـر بۆخۆیان حکومەت پێکبێنن, دواترو لەپاش ئەم هەنگاوەیان شـەریعەتی ئیسـلامی بکەنـە یاسـای وڵـات و حکومەتی ئیسلامی دامەزرێنن !!! کە لەڕاستیدا خڵافاو بێئاگان لەوەی کەسیستمی دیموکراسـی دەسـتنمامی خۆرئاوایەو ئەوان واتا خۆرئاواییەکان دیموکراسیەتیان بۆ پارتە عەلمانیەکانی و خۆرئاواخوازەکان دامەزرانـدوە . هەروەك خۆرئاوا تائەوکاتە پارێزگاری لەسیستمی دیموکراسیەت دەکات کە پارتە عەلمانیـەکان تیایـدا بـراوەو سەرکەوتووبن, گەر لەحاڵێکیش دا ئەنجامی هەڵبژاردن و دیموکراسی پێچەوانەی خواستی خۆرئـاوا بـوو, واتـا گەر هاتوو ئیسلامۆکراتیەکان تیایدا زۆرینەی دەنگی گەلیان بەدەستهێناو ئەنجامی هەرڵبژاردنەکانیان بردەوە, ئەوا هەر لەلایەن دەوڵەتانی دیموکراسی خۆرئـاواوە هـەرەس بـە پرۆسـەی دیموکراسـی دەهێنرێـت و ئـەنجامی هەڵبژاردن ڕەتدەکەنەوەو فەرمان بەسوپای پارت و دەوڵەتی عەلمانی دەکەن کودەتای سەربازی ئەنجامبدەن, گەر لەحاڵێکیش داو دۆستەکانیان توانای ئەوکارەیان نەبوو, ئەوا بۆخۆیان دێنە مەیدانەکەو هێزە سـەربازیەکانیان

بەزەبری ئاگری چەکەکانیان دیموکراسی قلّپ دەکەنەوەو کۆتای پێدێنن و حوکمی عەسکەری ڕادەگەیەنن, ئیدی گـــرتن و کوشـــتن و ڕاوەدوونـــانی ئیســـلامۆمراتیەکان دەســـتپێدەکات !!! دووبـــارە حـــوکمی عەلمانیـــەکان دەستپێدەکاتەوە, وەلیّ ئەمجار بەزەبری چەك نەك بەدیموکراسی .

لـەرۆرێك لـەوولاتانی ئیسـلامی خۆرهـەلاتی دا, هەلبـژاردن ئـەنجام دراوەو پارتـە ئیسـلامی و عەلمانیـە دیموکراسیخوازەکان بەشداریان تێداکردووە, جاهەرکات عەلمانیەکان زۆرینەی دەنگیان مسۆگەر کردبێت, ئـەوا خۆرئاواییـەکان پیرۆزباییـان لەئەنجامەکـە کـردووەو ستایشـی هەموولایـەکیان کـردووە لەسـەر بەشـدارییان لەپرۆسەی هەلبژاردن و دیمرکراسی دا, بەلم گەر خوانەخواستە ئەنجامی هەلبژاردنەکان پێچەوانەبوایەو یەکێك لەو پارتە ئیسلامیانە سەرکەوتنی بەدەستبهێنایەو زۆرینەی دەنگی گەلی مسۆگەرکردبایەو بەمەش پارلەمان و حکومەتی بۆخۆی ببردایە, ئەوا جگەلەوەی پارتە عەلمانیەکان ئەنجامەکەیان ڕەفزدەکرد, دەولەتانی خۆرئاواش نارەزاییان لەئەنجامانە دەردەبری, بەلکو دەیانگوت دیموکراسیەت کەوتۆتە خەتەرەوەو پێویستە ڕزگاری بکـەین ! واتا پێویستە ئەو ئیسلامیانە لەسەرکار لاببەین و حکەمەتەکەیان بروخێنین بەکودەتای سەربازی ! ئـالێرەوە گلۆپی سەوزیان بۆ عەلمانیەکان هەلدەکردو پشتیوانی خۆشیان بۆڕادەگەیاندن . نموونـەی لـەم چەشـنە زۆرن . لەوان و بۆ وێنە :

لەجەزائیرو لەسالی 1991ز بەرەی ئنقازی ئیسلامی زۆرینەی دەنگی گەلی جەزائیری بردەوە, وەلـیّ بەرلـەوەی حکومەت پێکبهێنێت, سوپای عەلمانی بەپالپشتی فەرەنسا کودەتای بەرپاکردوو ئەنجامی هەلبژاردنەکانی پوچ کردەوە .(158), هەروەها لەتورکیاو لەهەلبژاردنەکانی سالی 1997ز, پارتی ڕەفای ئیسلامی زۆرینەی دەنگی گەلی تورکی بردەوە, بەلام سـوپای عـەلمانی بـەکودەتای سـەربازی حکومەتەکـەی هەلوەشـاندەوە, هەلبـەت بەپالپشتی خۆرئاوا .(159)

ڕابیتەی ئیسلامیش لەهەلبژاردنەکانی پاکستان زۆرینەی دەنگی مسۆگەر کـرد, وەلـیّ لەسـالی 1999ز, و لەلایەن سوپاوە حکومەتەکەی لەکارخرا .(160) لەفەلەستین و لەهەلبژاردنەکانی سـالی 2006ز, حەماسـی ئیسلامی سەرکەوتنی مسۆگەرکرد, بەلام سالێك دواترو لەلایەن عەلمانیەکانەوە کودەتای بەسەردا کرا .(161) لەمیسرو لەپاش سەرکەوتنی برایانی موسلمان, لەسالی 2013ز, لەپاش تێپەڕینی چـەند مانگێـك بەسـەر ئەنجامی هەلبژاردنەکاندا, عەلمانیەکان بەپالپشتی سـوپاو بەپشـتیوانی خۆرئـاواو لـەپاش خوێنرێژیـەکی زۆر دڕندانە, کۆتاییان بەحکومەتەکەی ئیخوان هێنا .(162), هەموو ئەم کودەتایانەش بەپالپشتی خۆرئاوا ئـەنجام دران, چوون هەر لەپاش ئەنجامدانیان ڕاستەوخۆ خۆرئاواییەکان پشتگیریان لێدەکردن و دانیـان بەحکومـەتی کودەتاچیوکاندا دەناو هەموو پالپشتیەکی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئیعلامیان لێدەکردن !

---

(158) لەئەنتەرنێتەوە-www.algeria channel.net

(159) لەئەنتەرنێتەوە-www.swissinfo.ch

لەمێستاداو لەتورکیا کەپارتی دادو گەش فەرمانڕەوایە, گوایا پارتێکی ئیسلامخوازە, بەلام تاوەکو ئێستاشـی لەگـەلّ بێت نـەیتوانیوە تـەنها یـەك ئـەحکامی ئیسـلامی یچەسـپێنێت, بـەلکو ناوەنـاوەو لەژێرگوشـاری

عەلمانیەکان و خۆرئاوادا, حاشا لەئیسلامبوونی خۆشی دەکات !! جەخت لەسەر عەلمانیەت و پارێزگاریکردنی سیستمی دیموکراسی دەکاتەوە .

ج- گروپی ئیسلامخوازانی سەلەفی, تەواوی ئەو کۆمەڵ و گروپ ڕێکخراوو پارتانە ئیسلامیانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای ئیسلامخوازی و شوێنهەڵگرتنی سەلەف دامەزراون و قورئان و سوننەتیان وەك تاکە مەنهەجی کۆی کایە جیاوازەکانی ژیانی خۆیان پەسەندکردووەو کاردەکەن لەپێناو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و پیڕۆکردنەوەی شەریعەتی ئیسلامی, ئەمەش بەئامانجی بەرپاکردنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی . هەربۆیە ئەم ڕەوتە ئیسلامخوازە ڕەفزی پاشکۆیەتی خۆرئاوای کردوو ڕەتی تەقلیدو شوێنکەوتنی کوێرانەی خۆرئاوای کرد . لێرەشەوە ڕەفزی دیموکراسیەت و عەلمانیەت و لیبراڵیەت و گشت بیروباوەڕە لادینیەکانی خۆرئاوای کرد . لەهەمانکات جەختی لەسەر سیستمی ئیسلامی و پیڕۆکردنی شوراو شەریعەتی ئیسلامی کردو پێداگریکرد لەسەر پاراستنی ژیاری ئیسلامی, لەپێناوی ئەو ئامانجە باڵایەش دا کاردەکات بۆ بەرگرتن لەهەژموونی خۆرئاواو دژایەتی ئەو بیروباوەڕە ئایدیۆلۆژیانە دەکات کە لەلایەن خۆرئاواوە هەناردەی جیهانی ئیسلامی دەکرێن و بەزەبری هێز دەیان سەپێنن بەسەر گەلانی موسڵماندا .

دەرەنجام :

لەخوێندنەوەو تێفکرینەکانمان بۆ دیموکراسی و لەتێڕوانین لەئەزموونی دیموکراسی لەگشت وولاّتانی خۆرهەلاّتی ئیسلامی دا, تێدەگەین لەوەی کەدیموکراسی گەورەترین کۆسپە لەبەردەم بەرپاکردنەوەی حوکمی خوداو جێبەجێکردنەوەی شەریعەتی ئیسلامی, لەمپەری گەورەی دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیەو دژی یەکگرتنەوەی موسڵمانان و یەکبونی جیهانی ئیسلامیە . چوون دیموکراسیەت هەمیشە هانی پیڕگەرایی و تەفرەقەو خولقاندنی جیاوازی دەدات لەنێوان خەڵکی دا . هەروەك کار بەبۆچوونی گروپ و کۆمەڵ و دەستەکان دەکات و حوکم لەسەر بۆچوونی مرۆڤ دەکات . واتا خواست و ئارەزووی مرۆڤەکان دەکاتە یاساو ڕێساو شەریعەتی کۆمەڵگاو دژی ئایین و شەریعەتی ئایینی و حوکمی خودایە . هەروەها پشت بەعەلمانیەت و یاساو ڕێسای عەلمانی دەبەستێت و کاری پێدەکات . بۆیە هەمیشە بانگەشەی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دەکات و کاری جددی دەکات لەپێناو دوورخستنەوەی ئایین لەکایەی سیاسەت, لەهەمانکات دەکۆشێت بۆ پەراوێزخستنی وایین لەگشت کاروبارەکانی کۆمەڵگا, بەڵکو لەژیانی تاکەکانیشی .

---

(160) لەئەنتەرنێتەوە-www.aljazeera.net
(161) لەئەنتەرنێتەوە-www.mktoob.news
(162) لەئەنتەرنێتەوە-www.aljazeera.net

## کۆتایی :

دەبێت موسڵمانان بەگشتی لەوەبگەن کە ئایینی ئیسلام, تەنها ئایینی نوێژو ڕۆژوو حەج نییە, بەڵکو ئیسلام جگەلەوەی ئایین و پەرستشە, لەهەمانکات بەرنامەی دەوڵەت و مەنهەجی سیاسەتە, شوراو شەریعەتە, جەنگ و جیهادە, ئاشتی و ئاسایشە, دادگەری و یەکسانیە .... هتد , واتای سیستمێکی شامل و گشتگیرە بۆ کۆی کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەگشتی .

شورا, یەکێکە لەبنەماو بنچینە گرنگەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, کەڕۆڵی گرنگی هەیە لەبڕیاردان لەکاروبارە چارەنوس سازەکانی موسڵمانان . شورای ئیسلامی سنورو چوارچێوەی کاروبارەکانی دیاریکراوە بەئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی, کەمافی تێپەڕاندن و تەجاوزکردنی ئەو حوکمە نەگۆڕانەی نیە .

لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا, مەشۆرەت تەنها کاری زانایانی ئیسلامیەو بەس ئەوان ڕاوێژیان پێدەکرێت لەکاروبارە سیاسیەکانی هاوپێوەند بەشەریعەتی ئیسلامیەوەو هەرئەوانیش مافی بڕیاردانیان لەوبارەیەوە هەیە . واتا کەسانی ناشارەزاو کافرو مولحید ڕاوێژیان پێناکرێت لەشورای ئیسلامی دا . هەروەك لەپارلەمانی دیموركاسی دا كوسڵمانان و زانایانی ئیسلامی بۆیان نیە لێدوان بدەن یاخود بڕیارێك بدەن بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی . گەر لەحاڵێکداو موسڵمانێکیش بوونی هەبێت لەپارلەمانی دیموکراسی دا, ئەوا بۆی نیە باسی ئیسلام و حوکمی خوداو شەریعەتی ئیسلامی بکات . بەڵکو پێش ئەوەی بچێتە پارلەمانی دیموکراسی, پێیڕادەگەیەنن کەدەبێت بەعەلمانیەت و یاسای عەلمانی و بەسیستمی دیموکر اسی ڕازی بیت . گەر لەپارلەکانیش دا قسەی کردو لێدوانی دا, ئەوا دەبێت لەچوارچێوەی یاساکانی دیموکراسیەتی عەلمانی تێنەپەڕێت ! چوون دیموکراسیەتی عەلمانی سیستمی لادینیەو بۆ کۆمەڵگای بێباوەڕە . لەئایینی ئیسلامیش دا ئەو چەشنە کۆمەڵگایانە بە کۆمەڵگای جاهیلیەت ناودەبرێن, هەربۆیە سیستمی دیموکراسیەتیش بەسیستمی جاهیلیەت هەژماردەکرێت . ئاشکرایە ئەم سیستمە جاهیلیەش بۆ کۆمەڵگای موسڵمانان گونجاونیەو شاوی کارپێکردن نیە لەنێو ئوممەتی ئیسلامی دا .

سەرباری هەموو ئەم ڕاستیانە زۆرێك لەکەسایەتی و ڕێکخراوەو پارتی سیاسی عەلمانی خۆرئاواخواز هەوڵی چەواشەکردنی موسڵمانان دەدەن لەپێناو ئەوەی ڕازییان بکەن بەڕێبازی دیموکراسی . بۆیە هەوڵی ڕازاندنەوەی ئەم مەزهەبە ئیلحادیە دەدەن لەپێش چاوی موسڵمانان تاوەکو پەسەندی بکەن . هەڵبەت ئەوەش بەشێوازی جیاوازو جۆربەجۆر . بۆ ووێنە بانگخوازانی دیموکراسی جارێك پڕوپاگەندەی ئەوەدەکەن کە دیموکراسیەت واتا حوکمی گەڵ ! گوایا لەدیموکراسیەتدا گەل بۆخۆی بڕیار دەدات ! یاخود بانگەشەی ئەوەدەکەن کە دیموکراسیەت واتا پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات ! لەخاڵێکداو لەووڵاتانی خۆرئاواداو لەزۆرینەی دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا دەسەڵات بەدەست یەك پارت یان دوو پارتی سیاسیەوەیە و بۆخۆیان و لەنێوان یەکدیدا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن, نمونە ئەمریکا و بەریتانیا, لەنێو ئەو پارتانەش دا کەمینەیەکی سەرمایەداری خاوەن داودەزگای ڕاگەیاندنی زەبەلاح قۆرخی پارتەکەو دەوڵەت و حکومەتەکەشیان کردووەو باقی ئەندامانی پارتەکەو حیزبە ئۆپۆزسیۆنە گچکەکان و گەل, تەها تەماشاکارن و هیچی دی .

هاوشان لەگەڵ ئەم چەواشەکاریانە, عەلمانیەکان بۆفریودانی ئیسلامخوازان و گەلانی ئیسلامی, پڕوپاگەندەی ئەوە بەنێو موسڵماناندا بڵاودەکەنەوەو تەشەنەی پێدەدەن گوایا دیموکراسیەت هەمان شورای ئیسلامیە ! بەم

بانگەشانەیان دەیانەوێت بەزۆرو زۆرداری خۆیان, بەرگی شورای ئیسلامی بەبەر دیموکراسیەتدا بکەن و بەشێوەیەك بیخەنە پێشچاوی موسڵمانان کە گوایا ئەمە هەر هەمان شورای ئیسلامە ! وەلێ تەنها ناوەکەی جیاوازە ! لەحالێکدا تەواوی نێو و نێوەڕۆکی شوراو دیموکراسی لێك جیاوازن و گشت بنەماو بنچینەمانیان پێچەوانەو دژی یەکن .

هەموو ئەم ڕاستیانە زەرورەتی ئەو ڕاستیە ئاشکرادەکەن کەپێویستە موسڵمانان ووریاو چاوکراوەبن و مەنهەج و بیروباوەڕی خۆیان بناسن, تێبگەن لەئەرك و بەرپرسیاریەتی چارەنوس سازی مێژوویان, تاوەکو شانازییەکانی ڕابردوویان و شارستانیەتی درەوشاوەیان و زیندوکردنەوەی خیلافەتیان لەیاد نەچێت, لەهەمانکات کاری جددی بکەن لەپێناو گێڕانەوەی ڕێزو شکۆی ڕابردوویان, بۆئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایی جیهان بگرنەوە دەست . چوون تەها موسڵمانان شیاوی ئەم ئەرکەن و تەنها ئیسلامیش چارەسەری گشت قەیرانەکانی مرۆڤایەتیە .

گەورەیی ئەم ئەرکەو پیرۆزی ئامانجەکەی, مەزنی ئوممەتی ئیسلامی پێشاندەدات, کە چ ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکی لەئەستۆدایەو دەبێ چ ڕۆڵێك بگێڕێت لەنیوگەلانی جیهاندا . ئاشکرایە ئەوەش ڕۆڵی پێشەنگایەتی و سەرکردایەتی کردنی مرۆڤایەتیە بەرەو ڕزگاری دوونیاو دواڕۆژ, ئەمەش ئەرکێکی خوداییەو لەئەستۆی تەواوی موسڵماناندایە .

هەر خودی ئەم ئەرکە مەزنەو ئەم ئامانجە پیرۆزەیە کە پێویستی کردووە لەسەر موسڵمانان کەڕەفزی لاسایکردنەوەو پاشکۆیەتی هەر گەل و نەتەوەیەکی دیکەی سەر ڕووی زەمین بکات, جاخۆرئاوایی بیت یان خۆرهەڵاتی . لەهەمانکات مکۆم بێت لەسەر پارێزگاریکردنی ئیسلامەتی و ژیانی موسڵمانانەو بەرگری لەڕەسەنایەتی مێژوویی خۆی بکات و کاربکات لەپێناو زیندوکردنەوەی ژیارو شارستانیەتی خۆیی و سەر دانەنەوێنێت بۆهیچ کەس و لایەنێك و ملکەچ نەکات بۆ هیچ زلهێزێکی جیهانی, لەهەمانکات بەسەختی بەگژ هەموو شاڵوە سەربازی فیکری و کلتوریەکانی خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا بچێتەوە, بەڵکو لەپاش سەدەیەك لەزەبروزەنگی دەوڵەتانی خۆرئاواو پارتە خۆرئاواخوازەکان لەپێناو داسەپاندنی عەلمانیەت و دیموکراسیەت بەئامانجی ملکەچپێکردنی ئوممەتی ئیسلامی, موسڵمانان جگەلەوەی ڕەفزی تەواوی ئەم باوەڕە ئیلحادیەیانەیان کرد, لەهەمانکات بەتووندی لەتەواوی جیهانی ئیسلامی دا بەگژ خۆرئاواو خۆرئاواخوازاندا چوونەوە . بەڵکو بەپەرۆشەوە گەڕانەوە بۆ باوەشی ئیسلام و لەئێستاش دا خەون بە بەرپاکردنەوەی خیلافەت و شوراو شەریعەتەوە دەبینن . لەوپێناوەشدا ئوممەتی ئیسلامی هەوڵدەداو تێدەکۆشێت . بەڵکو موسڵمانان لەخۆرئاواش داو لەنیو دڵی شارستانیەتی خۆرئاوایی دا لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدان و لەنێوجەرگەی گەل و وڵاتانی خۆرئاوایی دا بەربەرەکانێی دەسەڵات و بیروباوەڕەکانیان دەکەن, هەموو ئەمانەش بەئامانجی سەرخستنی ئایینی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلامی و گێڕانەوەی شکۆی خیلافەت .

## سەرچاوەکان :

1-یۆنانی کۆن-دان ناردۆ-وەرگێڕانی/ فەرهاد عــەزیز خۆشــناو-ژمــارەی ســپاردن (780)-چــاپی یەکــەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری (هەولێر) .
2- ئەورووپا لەهەردوو ســەردەمی بوژاندنــەوەو ڕۆشــنگەریدا-کــەیوان ئــازاد-چــاپی دووەم-لــەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی . ن . ك)-ژمارەی سپاردنی (434) ی ســاڵی (2004ز) پــێ دراوە-حکومــەتی هەرێمی کوردستان .
3- الديموقراطية في الميزان-سعد عبدالعظيم-اسكندرية في 5 من رجب 1419ه-من فبراير 1990م-طبعة الثانية .
4- چەمك و پرەنسیپەکانی دیموکراسی-بەکر سدیق-سلێمانی-2003ز-زنجیرەی کتێبــی بــیر (17)-ژمــارەی سپاردنی (39) ی ساڵی 2002ز پێدراوە-لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری (ی . ن . ك) .
5- ڕەخنەگرتن لەدیموکراسی-هۆشەنگ دارا-نۆبەت و ساڵ و شوێنی چاپ : چــاپی یەکــەم-ســاڵی 2010ز-سلێمانی-لەبڵاوکراوەکانی خانەی کتێبی هەڵەبجە .
6- کۆمــەڵ سیستمی دیموکراسی-حەمەدۆستان-ســوید-چــمارەی ســپاردنی (131) ی 2004ز ی پێــدراوە-لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی . ن . ك) .
7- دەربارەی دیموکراسی-ڕۆبەرت دال-ژمــارەی ســپاردنی (209) ی ســاڵی 2003ز ی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری دراوەتێ-زنجیرەی/16-چاپخانەی ڕەنج-چاپی یەکەم-2003ز-سلێمانی .
8- بنیاتنــەرانی دنیــای دێــرین-گیرتــرود هارتمــان-وەرگێڕانــی/یادگــار حمــە غــەریب-دەزگــای توێژینــەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی-ساڵی-2009ز .
9- مێژووی ئەورووپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا-دکتۆر عبدالامیر محمد امــین, محمــد تۆفیــق حســین-وەرگێڕانــی لەعەرەبییەوە/مستەفا سەید عەلی-نۆبەتی چاپ/چاپی یەکەم-ساڵی چــاپ/2011ز-شــوێنی چــاپ/چوارچــرا (2010), لەبڵاوکراوەکانی/کتێبخانەی هەورامان-لەبەڕێوەبەرایەتی گشــتی کتێبخانــە گشــتیەکان ژمــارەی سپاردنی (2812) ی ساڵی (2010) ی دراوەتێ .
10- ئیســلام و سیاســەت-ئــارام قــادر-ژمــارەی ســپاردن (467) ی ســاڵی (2007ز) دراوەتــێ-شــوێنی چاپ/کۆمپانیای چاپ و پەخشی سەردەم-چاپی یەکەم-2007 .
11- العلمانية وموقف الاسلام منها-د. حمد بن احمد الرحيلي-استاذ المشارف في كلية الدعوة في الجامعة .
12- العلمانية (اسباب ظهورها, اثارها, عوامل انتقال الى العالم الاسلامي, ابرز دعاتها)-بندر بن محمد الرباح-عضو الدعوة الارشاد بالقصيم .
13- چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم-نوسینی/عەلی باپیر-ساڵی 2005ز .
14- شۆڕشی شــکۆمەند-کلایــس سۆیشــێر-وەرگێڕانــی/مەهــدی خــوون دڵ-ژمــارەی ســپاردنی (890) ی دراوەتێ-چاپی یەکەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری (هەولێر) .
15- ئەفسانەی دیموکراسی-فاچل قەرەداغی-نوســینگەی تەفســیر بــۆ چــاپ و بڵاوکردنــەوە/هــەولێر-ســاڵی چاپ/1999ز-چاپی یەکەم-چاپخانەی (زانکۆی سەلاحەدین)-ژمارەی ســپاردنی (193) ی ســاڵی 1998ز دراوەتێ .

16- سەدەكانی ناوەڕاست-دادگاكانی پشكنین-شۆڕشی فەڕەنسی 1789-كۆمەڵێك نوسەر-وەرگێڕانی/هەورامان وریا قانع-چاپخانەی كارۆ-چاپی یەكەم-ژمارەی سپاردنی (1858) ی ساڵی 2009ز ی دراوەتێ .
17- هەڵبژاردن لەنێوان عەلمانی و ئیسلامی-مەسعود عبدالخالق-فكری-پەیامی-واقیعی .
18- نقض الجضر الفكرية للديمقراطية الغربية-الاسنتاض الدكتور محمد احمد علي مفتي-الطبعة الاولى- 1423ه-2002م-مكتبة الملك فهد الوطنية اثناء النشر-ردمك-رقم الابداع (23/2250) .
19- العلمانية نشاتها وتطورها واثارها في الحيات الاسلامية المعاصرة-سفر بن غبدالرحمان الحوالي-دار الهجرة-مطبوعات مركز البحث العلمي و احياء التراث الاسلامي .
20- حوار حولة الديموقراطية-شيخ محمد سند-دار المحبة البيضاء-بيروت-لبنان-الطبعة الاولى-1430ه-2009م .
21- نقض النظام الديمقراطي-د.محمود الخالدي-مكتبة المحتسب-عمان-الطبهة الاولى-1404ه-2984م .
22- حقيقة الديمقراطية-الطبعة الاولى-1411ه .

23- دیموكراسی و فیدرالیزم (كۆمەڵە وتار)-كۆمەڵێك نووسەر-وەرگێڕانی/مهدی مهر پەروەر-ژمارەی سپاردنی (522)-چاپی یەكەم/2009ز-چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر) .
24- گوزەر بەرەو دیموكراسی-د. حوسێن بەشیریە-وەرگێڕانی/ئازاد وەڵەد بەگی-چاپی یەكەم/2011م-چاپخانەی ڕۆژهەڵات-لەبەڕێوەبەرایەتی كتێبخانە گشتیەكان ژمارەی سپاردنی (781) ی ساڵی 2011ز دراوەتێ .
25- بیری سیاسی كۆن و ناوەڕاست-د. غانم محمد ساڵح-وەرگێڕانی/سەلام كەریم عەلی-چاپی سێیەم-ژمارەی سپاردنی (109) ی ساڵی 2005ز ی وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانی دراوەتێ-چاپخانەی چوارچرا .
26- قەیرانی دیموكراسی-ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لەدیموكراسیەكاندا-ڕۆجێ لاكوب-وەرگێڕانی/محمد باخەوان-لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهوشیاری (ی . ن . ك)-ژمارەی سپاردنی (1703) ی ساڵی 2009ز ی دراوەتێ-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
27- پوختەی دیموكراسی-ئامادەكردنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا-فەرمانگەی بەرنامەكانی زانیاریە نێودەوڵەتیەكان-بڵاوكراوەی/دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموكراتی كوردستان-چاپی یەكەم/2013ز-ژمارەی سپاردنی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان پێدراوە لە (6-2013) .
28- ئاشنابوون بەدیموكراسی-د. عەباس عەلی سەحافیان-وەرگێڕانی/كارزان محمد-چاپی دووەم-سلێمانی-2005ز-ژمارەی سپاردنی (238) ی ساڵی (2003ز) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ-چاپخانەی چوارچرا .
29- فەندەمێنتالیزم و ململانێی ژیاریەكان-هاشم صالح-وەرگێڕانی/دلێر محمد-چاپی یەكەم-سلێمانی (2007ز)-چاپخانەی ڕوون-ژمارەی سپاردنی (862) ی ساڵی 2007ز ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ .

30- العصرانيون بين مزاعم التجديد وميادين التغريب-محمد حامد الناصير-مكتبة الكوثر-الرياض-الطبعة الثانية-1422ه-2001م .

31- العلمانية جذرها و اصولها-د. محمد علي الباري-دار القلم-دمشق-الطبيعة الاولى-1429ه-2008م .

32- العلمانية وثمارها الخبيثة-عبداللة بن عبدالرحمن الجبرين-دار الوطن للنشر-الرياض-الطبعة الاولى-1411ه .

33- معركة الثوابت بين الاسلام و الليبرالية-عبدالعزيز بن مصطفى كامل .

34- موسوعة الاديان-الرئسمالية-مجموعة الكاتب .

35- الديمقراطية و اخواتها واثارها وثمرات-ابو سيف خليل بن ابراهيم العبيدي العراقي-1426/11/16ه .

36- اسس النظام السياسي عند الامامية-تقرير الابحاث المحقيق اية اللة الشيخ محمد السند-بقلم السيد محمد حسن البضوي, الشيخ المصطفى الاسكندرية-الاميرة .

37- الانحراف العقيدي في ادب الحداثة وفكرها دراسة نقدية شرعية-د. سعيد بن ناصر بن الغامدي-المجلد الاول-دار الاندلس الخضراء للنشر والتوزيع-الطبعة الاولى/1424ه-2003م-جدة-المملكة العربية السعودية .

38- كشف عوار الليبراليين والديمقراطيين والعلمانيين-ابي مالك الرياشي-احمد بن علي بن المثنى القفيلي .

39- (ئافرەت لەڕوانگەی عەلمانی و ئایینیەوە)-مەسعود عبدالخالق-چاپی یەکەم/2010ز-چاپخانەی منارە-هەولێر-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (916) ی ساڵی 2010ز ی دراوەتیّ .

40- عەلمانیەت و کاریگەرییەکامی-جەمال پیرە-چاپی یەکەم-هەولێر/2004ز-چاپخانەی ڕەنج-لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما-زنجیرەی (33) .

41- سوسیالیزم و پرسی ژن-کۆمەڵێك نووسەر-ئامادەکردنی/عەلی مەولود-لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق-ساڵی چاپ/2007ز-چاپخانەی/ئەندێش .

42- ڕۆحی ڕۆشنگەری-تیزفیتان تۆدۆرۆڤ-وەرگێڕانی/چنور فەتحی .

43- ئێرهاب...دیموکراسی...پڕوپاگەندەو ڕای گشتی-نعوّم چۆمسکی-وەرگێڕانی/ئاوات ئەحمەد, فازل قەرەداغی, ناسك قادر, یاسین زەنگەنە, شوان هەورامی, ئەبوبەکر عەلی-ژمارەی سپاردنی (728) ی ساڵی 2004ز ی دراوەتیّ-چاپی یەکەم-سلێمانی-ساڵی چاپ/2004ز-1425ك .

44- ژانی دیموکراسی-نەوزاد جەمال-چاپی یەکەم-هەولێر-کوردستان/2012ز-چاپخانەی شەهاب-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (2493) ی ساڵی 2012ز یدراوەتیّ .

45- ئایا ئەمریکا وەکو یەکێتی سۆڤیەت هەرەس دێنێت ؟؟!-ممدوح الزوبی-وەرگێڕانی/سەمەد زەنگەنە-چاپی یەکەم-ساڵی چاپ/2001ز-چاپخانەی ئۆفیسێتی تیشك-ژمارەی سپاردنی (379) وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتیّ .

46- فەرهەنگی بانگخوازان-عوسمان محمد ڕەشید-ژمارەی سپاردنی (234) ی ساڵی 1999ز دراوەتیّ-نۆبەتی چاپ/سێیەم-ساڵب چاپ/2010ز-1431ك .

47- مفهوم الشورى في الاسلام-محمد خالد عمر-عضو اتحاد الكتاب العربي-التراث العربي-108 .

48- الشورى في ادارة المجتمع المسلم وسياسة-محمد مكي عثمان ازرق-رقم الابداع/132-2004م-ئوم درمان-سودان- web site : www.islam shoora.com
49- الشورى في الشريعة الاسلامية-القاضي حسين بن محمد المهدي-بدار الكتاب برقم ايداع/363 في 2006/7/3م-يمن-مكتبة الشاملة .
50- التجديد في الفكر الاسلامي-عدنان محمد امامة-رسالة الجامعية-دار الجوزي-رسالة (دكتوراه) نوقشت في كلية الامام الاوزاعي-بيروت-لبنان-المواقف : 15 شعبان 1422ه/30 تشرين الاول 2001م-الطبعة الاولى-رجا/1424ه-المملكة العربية السعودية .
51-القران الكريم .
52- **تەفسیری ڕامان لەماناو مەبەستی قورئان-لەنوسینی مەلا احمد کاکە محمود-چاپی سێیەم .**
53- الشورى فريضة الاسلامية-علي محمد محمد الصلابي-مكتبة الشاملة .
54- حقيقة الشورى في الاسلام-محمد امان بن علي الجامي-الطبعة الاولى/1426ه-2005م-دار المنهاج-رقم الايداع/20990-2004م-قاهرة-مصر .
55- السياسة الشرعية-جامعة المدينة-مرحلة الماجستر-كود المادة/ GFIQ5203-منهاج جامعة المدينة العالمية-مكتبة الشاملة .
56- الخلافة الرسول بين الشورى والنص-مركز الرسالة-الطبعة الاولى/1417ه-مطبعة/مهر-قم-ايران .
57- نظام الحكم في الشريعة و التاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-دار النفائس-بيروت-لبنان/1394ه-1974م .
58- الدولة الاسلامية وسلتطها التشريعية-الدكتور حسن صبحي احمد غبداللطيف-الناشر/مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر والتوزيع-اسكندرية-مصر .
59- الشورى في ظل نظام الحكم الاسلامي-عبدالرحمان عبدالخالق-الكويت/20 من المحرم سنة 1395ه-المواقف 2فبراير سنة 1975م .
60- الخلافة الاسلامية بين النظم الحكم المعاصرة-جمال احمد السيد الجاد المراكبي-مطابع ابن تيمية/1414ه-قاهرة-مصر .
61- **خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخادی-وەرگێڕانی/فاتح محمد سەنگاوی-چاپی سێیەم-نۆرە و ساڵی چاپ/سێیەم-1433ھ-2011م-چاپخانەی تەفسیر-هەولێر .**
62- **ڕامیاری لەئیسلام-ئەحمەد کاکە محمود-ژمارەی سپاردنی (1275) ی ساڵی (2008ز) دراوەتێ-شوێنی چاپ-خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا-چاپی یەکەم-2008ز-لەبڵاوکراوەکانی پڕۆژەی (تیشک), زنجیرەی (34) .**
63- حسن السلوك الحافظ دولة الملوك-محمد بن محمد بن عبدالكريم بن رضوان بن عبدالعزيز البعلي شمس الدين-دار الوطن-الرياض-المملكة العربية السعودية-مكتبة الشاملة .
64- احاديث النبوي الشريف .
65- الانخاب واحكامها في الفقهة الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلان-رقم الايداع/6492-1429ه-دار الكنوز ايسبيليا-الرياض-المملكة العربية السعةدية-الطبعة الاولى-1430ه-2009م .
66- الاسلام و اوضاع السياسية-عبدالقادر عودة-مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت-لبنان-1401ه-1981م-مكتبة الشاملة .
67- شريعة الله لاليشريعة البشر-شحاتة محمد صقر-دار الخلفاء الراشيدين-اسكندرية, دار الفتح الاسلامي-الاسكندرية-مصر-مكتبة الشاملة .
68- كتاب الاحكام-باب العرفاء على الناس-امام البخاري .

69-ژياننامەی خەليفەکانی ڕاشيدين-خەليفە ئەبوبەکری سديق-حبيب محمد سعيد-چاپی يەکەم/1417ھ-1996ز-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی ھەرێمی کوردستان-ھەولێر .
70- ژيانی ئەميری باوەڕداران خەليفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتاليب-دکتۆر علی محمد الصلابی-وەرگێڕانی/مامۆستا عومەر تۆفيق الخگاگ-دار المعرفە-بيروت-لبنان-کتێبخانەی نارين-ھەولێر-کوردستان .
71- گۆڤاری ڕێگای ھزر-ژمارە-3-بەھری (2011) .
72- ئەم ڕێچکانە بناسە ... عەلمانيەت, تەبشير, بوزييەت-دانا عوسمان حسن-ژمارەی سپاردنی (57) ی ساڵی 1999ز ی پێدراوە-چاپی يەکەم/ساڵی 1999ز-کوردستان .
73- لەئەنتەرنێتەوە-www.aljeria channei.net
74- لەئەنتەرنێتەوە-www.swissinfo.ch
75- لەئەنتەرنێتەوە-www.aljazeera.nt
76-لەئەنتەرنێتەوە-www.maktoob.news